# هەواڵ لە سەردەمی تەکنەلۆجیادا

# هەواڵ لە سەردەمی تەکنەلۆجیادا

نووسینی
هێمن محموود کاکەیی

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

هەولێر - ٢٠١٩

## خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- **هەواڵ لە سەردەمی تەکنەلۆجیادا**
- نووسینی: هێمن مەحموود کاکەیی
- نەخشەسازی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر
- بەرگ: هۆگر سدیق
- نرخ: (٣٠٠٠) هەزار دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠١٩
- تیراژ: (٥٠٠) دانە
- چاپخانە: خانی (دهۆك)
- **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (١٩) ساڵی (٢٠١٩)ی پێ دراوە.**

زنجیرەی کتێب (١٠٢٦)

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك


پێشەكی ........................................ ٧
پێناسەی هەواڵ ........................................ ٩
ئەو مەرجانەی پێویستە هەبن لە كاتی گواستنەوەی زانیاری و كردنی بە هەواڵ.......... ١٣
دەبێت هەواڵ چ زانیارەییەكمان پێبدات؟ ........................................ ١٥
بەشەكانی هەواڵ........................................ ١٧
جۆرەكانی مانشێت لە ڕووی شێوازەوە:........................................ ١٩
جۆرەكانی مانشێت لە ڕووی بابەتەوە ........................................ ٢٥
تایبەتمەندییەكانی مانشێتی سەركەوتوو........................................ ٢٧
مانشێت چۆن دەنووسرێت........................................ ٢٩
كێ مانشێت بۆ هەواڵ دەنووسێت........................................ ٣١
ئیتیكی نووسینی مانشێت........................................ ٣٣
دووەم/ لید........................................ ٣٥
جیاوازی نووسینی (لید) لە ڕۆژنامە و گۆڤار و رادیۆ و تەلەفزیۆن.................. ٣٧
هەواڵ بە بێ لید........................................ ٣٩
جۆرەكانی لید........................................ ٤١
سێ یەم/ دەق یان ناوەڕۆكی هەواڵ........................................ ٤٣
چوارەم/ كۆتایی هەواڵ یان پاشكۆی هەواڵ........................................ ٤٥
پێنجەم/ ڤیدیۆ یان وێنە ........................................ ٤٧
دارشتنەوەی هەواڵ ........................................ ٤٩
پێداچونەوە بەبەشەكانی هەواڵ و بریاری كۆتایی ........................................ ٥١
كامە هەواڵ دەچێتە لاپەرە (یەك)ی ڕۆژنامە؟........................................ ٥٣
ئەو هەوالأنەی رومالّی تایبەتیان بۆدەكرێت ........................................ ٥٥
دەست پێوەگرتنی وشە لە كاتی نووسنی هەواڵ (ڕەزیلی كردن لە ووشە)................ ٥٧

ئەو هەوالأنەی ناشێن بۆ بلاوکردنەوە.......................................... ٥٩
تایبەتمەندییەکانی هەواڵ لە دەزگا جیاوازەکانی ڕاگەیاندن.......... ٦٣
نووسینی ژمارە لە ناو هەواڵدا ........................................ ٦٩
چۆنیەتی رووماڵکردنی هەواڵی تەقینەوەکان یان کارەساتە ناخۆشەکان ................ ٧١
جۆرەکانی هەواڵ لە رووی بابەتەوە:........................................ ٧٣
ڕێگاکانی بەدەست هێنانی هەواڵ لە کوردستان.................................. ٨١
چوار گەورەترین ئاژانسی هەواڵ لە جیهاندا ........................................ ٩١
پەخشی راستەوخۆ و کەم وکوڕیەکانی ........................................ ٩٥
دابەش بوونی هەواڵ لە رووی جوگرافی-یەوە:........................................ ٩٧
شوێنە سەرەکیەکانی دەستکەوتنی هەواڵ لە جیهاندا.................................. ٩٩
زمانی نووسینی هەواڵ:........................................ ١٠٣
بایەخەکانی هەواڵ یان بەهاکانی هەواڵ ........................................ ١٠٥
پێناسەی چەند زاراوەیەکی تایبەت بە هەواڵ:........................................ ١١٣
هونەری پێشکەشکردنی هەواڵ لە تەلەفزیۆن و رادیۆ.................................. ١٢١
سەرچاوەکان........................................ ١٢٦

# پێشەکی

ژانرەکانی ڕاگەیاندن ئەو قاڵبانەن کە ڕووداوەکان دەگوازنەوە، بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش. بۆیە گرنگیەکی زۆریان پێدراوە لەلایەن توێژەرەکانەوە تا ئەو رادەیەی کە کتێبی لەسەر دابنرێ و ساڵانە لە دەزگا ئەکادیمییەکان دەیان توێژینەوەی لەسەر بنووسرێ.

هەواڵ و ڕاپۆرت و چاوپێکەوتن و وتار و ریپۆرتاژ، هەر یەك و ئەرکێکی دیاریکراو جێبەجێ دەکات و لە هەندێك رۆژنامە لاپەڕەی تایبەتیان بۆ تەرخان دەکرێت و لە رۆژنامە گەورەکان رۆژنامەنووسان لە یەکێك لەو ژانرانە دەست بەکاری رۆژنامەنووسی دەکەن، چونکە هەرچەندە رۆژنامەنووس قووڵ بێتەوە لەو ژانرانە ئەوەندە دەتوانێ بەشێوەیەکی باشتر بەکاریان بهێنێ بۆ گواستنەوەی زانیاری و بیرۆکەکانی بۆ جەماوەر.

ئەم کتێبەی کاك هێمن کاکەیی هەوڵێکە بۆ تیشك خستنەسەر ژانری هەواڵ بەڵام لە روانگەیەکی سەردەمیانە کە بەسەردەمی ئینتەرنێت و هاولاتی رۆژنامەنووس لەقەڵەم دەدرێت. هەوڵێکی زۆر گرنگە بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی و فێرکردنی رۆژنامەنووسان و قوتابییەکانی ڕاگەیاندن لە رێگەی کۆمەڵێ زانیاری نوێ و گرنگ.

د.حەبیب کەرکوکی

# پێناسەی هەواڵ

کە چاو دەخشێنین بە مێژووی ڕۆژنامەگەری جیهان و ئەو پەرتووك و توێژینەوە و نووسینانەی کە لەبواری ڕاگەیاندن و میدیادا چاپ کراون و بڵاوکراونەتەوە، دەبینین پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ هەواڵ کردووە.

هەواڵ چییە؟

هـــەواڵ هـــەروتنێك یـــان دەربرینێکـــە کـــە گوزارشـــتە لـــە ڕووداوێـــك، بەمـــەرجێك لەئاســـتی بڵاوکردنـــەوە بێـــت بۆجـــەماوەر و گـــرنگ بێـــت و کاریگـــەری هـــەبێت وەك نموونـــە: هـــەواڵی تەقینـــەوە و ململانـــێ سیاســـییەکان و ڕاپەرینـــەکان و گـــۆڕین و لادانـــی ســـەرکردەوەکان و کۆدەتـــا بـــە ســـەر دەســـەڵات و کوشـــتنی کەســـایەتی و کۆچـــکردنی هونەرمەنـــدە نـــاودار و وەرزشـــوانەکان و تێکچـــوونی بـــاری ئـــابووری وڵاتـــان و ڕوودانـــی ڕووداوێـــك لـــە نـــاوخۆ یـــان لـــە دەرەوەی وڵات یـــان دواکـــەوتنی مووچـــە بـــەهۆی کێشـــە ئـــابووری و سیاســـیەکان. یـــان دۆزینـــەوەی ئـــامێرێکی نـــوێ کـــە خزمـــەت بـــە مرۆڤایـــەتی بکـــات یـــان ڕوودانـــی ڕووداوی سروشـــتی وەك بومەلـــەرزە، لافـــاو گـــۆڕانی کـــەش و هـــەوا کـــە زۆرجـــار بەهایـــەکی زۆری هەیـــە لـــە نـــاو بڵاوکـــراوەی هەواڵەکانـــدا

بە تایبەتی بۆ جوتیاران و ئەو کەسانەی کە گەشت دەکەن بۆ ناوخۆ یان وڵاتانی دەرەوە.تەنانەت زۆر جار هەواڵی کەش و هەوا کاریگەری لە سەر جوڵە سەربازیەکانیش دەبێت یان رێژەیی بازرگانی بە هۆی گۆڕانی کەش و هەواوە گۆرانکاری تێ دەکەوێت و بەرز و نزمی بە خۆیەوە دەبینێت. هەموو ئەمانە دەبن بە هەواڵ، کەواتە دەتوانین بڵێین هەر رووداوێك کاریگەری و زانیاری بۆ تاکەکان هەبێت ئەوە دەبێتە هەواڵ. ئەوانەی لە پێشتر باسمان کرد هەموویان دەبن بە هەواڵ،بەڵام مەرجیش نییە تەنها رووداوو کارەساتەکان ببنە هەواڵ، بەڵکو زۆرجار بڕیارە حکومیەکان و ڕێنماییەکان کە پەیوەندی بە گوزەرانی زۆربەی خەڵکەوە هەیە باشترین هەواڵ بێت. بۆ نموونە حکومەتی هەرێم لە ژێر رۆشنایی یاساکانی پەرلەمان بڕیاریدا بە زیادکردنی مووچەی فەرمانبەرانی دەزگا حکومییەکان بەڕێژەیەکی دیاریکراو. ئەم هەواڵە بۆهەرێمێکی وەکو کوردستان گرنگە، چونکە رێژەیەکی زۆری هاولاتیانی کوردستان فەرمانبەر و موچە خۆری حکومەتن کە نزیکە لە یەك لە سەر چواری دانیشتوانی کوردستان کە وەك حکومەتی هەرێم ئاشکرای کردووە زیاتر لە یەك ملیۆن و دووسەد و دە هەزار مووچەخۆری هەیە. کەواتە یەك بریاری وا کاریگەری لە سەر یەك لە سەر چواری دانیشتوانی کوردستان دەبێت بۆیە ئەم هەواڵە دەبێت گرنگی چەند بێت؟ لە کاتێکدا نە کارەساتە نەرووداو بەڵکو بریارێکە. یاخود حکومەتی هەرێم بڕیاری زیادکردنی باجی دا بەسەر ئەو هاولاتیانەی کە خاوەن موڵکن لە کوردستان، رەنگە ئەمە هەواڵێکی زۆر ناخۆشە بێت و کاریگەری لەسەر زۆربەی هاولاتیانی کوردستان هەیە، چونکە زۆرێك لە خەڵکی کوردستان موڵکدارن.

بــه گشــتی گرنگــه هــەواڵ کاریگــەری لەســەر جــەماوەر هــەبێت و زانیــاری لــە رێگــایی دەزگــا جیاوازەکانــەوە بــە خوێنــەر و بێنــەر و بیســەر بگــەینێت.وە مــەرجیش نیــە هــەموو زانیاریــەك بــۆ بڵاوکردنــەوە بێــت چــونکە دەبێــت دەزگاکــان یــان نوســەری هەواڵــەکان بەرژەوەنــدی گشــتی لەبەرچــاو بگــرن بــە تایبــەت ئــەو هەواڵانــەی کــە پەیوەنــدیان بــە ئاسایشــی نەتەوەیــەوە هەیــە. بۆیــە دەکرێــت وا پێناســەی هــەواڵیش بکرێــت یەکێکــە لــە هونــەرە بنەرەتیــەکانی رۆژنامەگـــەری، کـــە زانیـــاری و رووداوەکـــان و بڕیـــارە حکومییـــەکان و قســەکانی نێــوان چــوار دیــواری کۆبوونــەوە گشــتیەکانی پەیوەنــدار بــە خــەڵك دەگوازێتــەوە بــۆ هــەموو خــەڵك. یــاخود هــەواڵ بــە گــرنگترین شــێوەکانی نووســینی رۆژنامــەیی و لایــەنی بایــەخ پێــدانی خوێنــەر لــە قەڵــەم دەدرێــت, بۆیــە رۆژنامــەی هاوچــەرخ بــە رۆژنامــەی هــەواڵ دەناســرێت لــە جیهــانی ئەمرۆدا.

## ئەو مەرجانەی کە پێویستە هەبن

## لە کاتی گواستنەوەی زانیاری و کردنی بە هەواڵ

(وەرگرتن و گواستنەوەی زانیاری بە ئاسانترین و خێراترین و وردترین شێوە بۆ دەست وەرگرەکان). ئەمە ئەو پێگانەن کە پێویستە لە ناو هەواڵ هەبن. واتە دەبێت بە ئاسانترین شێوە کە وەرگر یان جەماوەر لە ئاستی رۆشنبیری جیاوازدا لە ناوەڕۆکەکەی بگات، بە جۆرێك بۆ هەواڵی رادیۆ و تەلەفزیۆن ئەگەر وەرگرەکە خوێندەواریشی نەبێت و شارەزای دەستەواژەکانیش نەبێت ئەوە هەر بە ئاسانی لە ناوەرۆکی هەواڵەکە بگات. وە دەبێت هەواڵەکە بە شێوازێکی ئەوها دابرێژرێت کە سانا بێت بۆ وەرگرەکە و بە ئاسانی لیێ تیێ بگات, جگە لەوانەش گرنگترین شت لەم سەرەدەمەی ئەمرۆدا خێرا گەیشتنی هەواڵە بۆ وەرگر واتە دەبێت بە خێراترین کات هەواڵەکە بگاتە دەست جەماوەرەکە، چونکە ئیمرۆ لە جیهانی میدیادا دەستەواژەیەك هەیە کە دەڵی (راگەیاندن کوڕی چرکەیە) واتە دەبێت زانیاریەکان بە زووترین و خێراترین کات بگوازرێتەوە بۆ وەرگر، نەك کاتێکی زۆری پیێ بچێت کە هەواڵەکە بەهاکەی خۆی لە دەست بدات. لە ئێستاشدا بە هۆی پێش کەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندنەوە، ئەم کارە ئاسان و سانایە، چونکە هێڵەکانی ئینتەرنێت لە زۆربەی شوێننەکانی جیهاندا بوونی هەیە. بۆ نموونە

بینیمان له شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی[1]بەهۆی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیای سەردەم هەواڵەکان بە کاتێکی زۆر کەم دەگەیشتنە دەست وەرگر, جگە لە هێلی ئینتەرنێتیش ئیمرۆ ئامرازی [2] (**sng**) و ستریم بۆکس ڕۆلێکی بەرچاویان هەیە بۆ ئەوەی هەواڵ زوو بگات بە وەرگر, هەروەها نابێت ئەوەمان بیر بچێت دەبێت لە کاتی گواستنەوەی هەواڵەکە نووسەر یان ڕۆژنامەنوس زۆر وردو دەقیق بێت لە زانیاریەکانی ناو هەواڵەکە، ئەمەش لەبەر پاراستنی ئەخلاقیاتی پیشەیی کاری ڕۆژنامەنوسی ومسداقیەتی دەزگاکە و ڕۆژنامەنووسە، وردتر لەوش لە هەندی شوێن دەبێت ڕۆژنامەنووسەکە وردتر بێت لە زانیاریەکان لە بەر بابەتی ئاسایشی نەتەوەیی. کەواتە ئەگەر هەواڵ بە (ئاسانترین و خێراترین و وردترین شێوە گەیشتە دەست جەماوەر، ئەوە بەهاکانی خۆی لە دەست نادات و هەواڵەکە هەواڵێکی پڕ دەبێت لە ڕووی زانیاری و چێژو تازەیی.

[1]- بەهاری عەرەبی: ئەو شۆرشانە بوون کە لە چەند ولاٚتیکی عەرەبی وەکو تونس و لیبیا و مصر سوریا روویدا کە هاولاٚتیانی ئەو ولاٚتانە داوای گۆڕینی سەرکردەکانیان دەکرد وداوایان دەکرد کورسیەکان جی بهێلن

[2]- (SNG) ئامێرێکی سەردەمیانەیە، بۆ گواستنەوەی پەخشی ڕاستەوخۆ بەکاردێت لە شوێنی چالاکیەکانەوە بۆدەزگاکان, لە دەزگاکانەوەش پەخش و بلاٚو دەکرێتەوە لە هەمان کاتدا.

# دەبێت هەواڵ چ زانیارەییەکمان بداتێ؟

کاتێك هەواڵێك ئامادە دەکرێت لەسەر هەربابەتێك یان ڕووداوێکی سیاسی, کۆمەڵایەتی، هونەری، ئابووری یان هەر پرسێکی گرنگی دیکە کە بۆ کۆمەلگاکە گرنگی هەبێت ، دەبێت زانیاریمان بداتی، لانی کەم دەبێت وەڵامی ئەو (٥) پرسیارەی هەر وەرگرێك بداتەوە کە بریتین لە (چی، لە کوێ،کەی، بۆ چی بوو یان بۆ چی ڕووید، کێ). هەندێك جار پرسیاری شەشەمیش دەبێتە پرسیاری وەرگرەکان کە ڕووداوەکە چۆن بووە؟ بەڵام چۆن بوو زیاتر بۆ ڕادیۆ و دەزگاکانی ڕۆژنامەوانی گرنگە، چونکە دەبێت ڕووداوەکە وەسف بکرێت چۆن بووە تا وێنەکە لای وەرگر دروست بێت ، بەڵام لە تەلەفزیونەکان وێنە و ڤیدیۆیەکان بە خۆیان وەڵامی پرسیاری شەشەم دەدەنەوە. بۆیە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ، ئەم توخمە یان پرسیارە گرنگە هەبێت. لە ناو وەڵامی شەش پرسیارەکانیش دەبێت (داتا و ژمارەی تێدابێت بۆ دەوڵەمەندکردنی هەواڵەکە بۆ ئەوەی وەرگر بە ئاسانی لێ تێ بگاتر. لەگەڵ ئەوەشدا باکگراوەندی ڕووداوەکە بە کورتی باس بکات و پێشبینی هەندی لە ڕووداوە لاوەکییەکان سەر بە ڕووداوە سەرەکییەکان بکات)

# بەشەکانی هەواڵ

**بە گشتی هەواڵ لە چەند بەشێك پێك دێت:**

**یەکەم/ مانشێت (سەردێر) یان شادێر**

بە گشتی لە رۆژگاری ئەمرۆدا مرۆڤەکان بە هۆی سەرقاڵی و جەنجاڵی ژیانەوە کەمتر دەپرژێنە سەر ئەوەی کە بە ووردی بە دواداچوون بۆ ناوەرۆکی هەواڵ و بابەتە رۆژنامەوانییەکان بکەن. مەگەر کەسێك بۆ خۆی خولیاو کاتی ئەوەی هەبێت بەڵام بە گشتی تاکەکانی کۆمەڵگا ئەو خولیا و کاتەیان نیە. وە ئەرکی رۆژنامەنووسیشە پەیامەکە بگەیەنێت.کەواتە دەبێت رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن تەکتیك بەکاربهێنن بۆ ئەوەی زیاترین کەس لە بەرهەمە رۆژنامەوانییەکانیان سوودمەندبن. بۆیە ئەوەی بۆ ئێمەی رۆژنامەنووس گرنگە ئەوەیە کە گرنگیەکی زیاتر بە مانشێتی هەواڵ و بابەتە رۆژنامەوانیەکان بدەین بە تایبەت بۆ ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان چونکە لە ئێستادا بە هەزاران ماڵپەر بابەتی جۆرا و جۆر پەخش دەکەن کە خوێنەر ناتوانێت هەموویان بخوێنیتەوە و کاتیش بەشمان ناکات بۆ خوێندنەوەی هەموو ئەو بابەتانەی کە بڵاودەکرێنەوە.

بۆیه ئێمه ناچار دەبین مانشێتەکی باش و به زانیاری و راستگۆیانه بۆ بابەتەکەمان دابنین تا خوێنەر له کۆی بابەته بلاوکراوەکان بابەتێك هەلبژێرێت بۆ خۆێندنەوە. جگه لەوەش له رۆژنامه و گۆڤارەکان یەکەم رستەی بارز که بەر چاوی خوێنەران دەکەوێت، مانشێتە. بۆیه زۆربەی جار مانشێت خوێنەر دەنێرێت بۆ ناو بەشەکانی دیکەی هەواڵ. بۆیه هەموو کات نوسینی مانشێت کارێکی گرنگه و پێویسته به دیقەتەوە بنووسرێت و باشتر وایه گرنگترین و به هێزترین رسته له ناو بابەتەکه بکرێته مانشێتی هەواڵەکه. کەواته مانشێت بۆ هەواڵی رۆژنامه و ماڵپەره ئەلیکترۆنییەکان بنەمایەکی گرنگە، چونکه هەر هەواڵێك مانشێتی لاوازی بۆ نووسرا بوو له رۆژنامه یان گۆڤار ، ئەوا لاوازی دەبەخشیٚ به کۆی هەواڵەکه و دواجار جێگای بایەخی وەرگر (خوێنەر) نابیٚ. دەبێت نووسەری هەواڵ یان سەرنوسەری رۆژنامه یان گۆڤار به دوای باشترین مانشێت دا بگەرێن. به هەمان شێوەی گۆڤار و رۆژنامه مانشێتی رادیۆ و تەلەفزیۆنیش گرنگی خۆی هەیه و دەبێت به باشترین مانشێت هەڵبژێردرێت له رووی ناوەرۆکەوە وه لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت مانشێتێك بێت که له کەمتر له حەوت ووشه پێك هاتبێت له بەر ئەو رووبەرەی که دیاریکراوە له شاشەی هەر تەلەفزیۆنێك بۆ پەخش کردن.بیٚ گومان له رادیۆش دەخۆێندرێتەوە بۆیه گرنگه هەم له رووی ناوەرۆکەوە باش بێت هەم بەشێوەیەك دابرێژرێت که له کاتی خوێندنەوەی له لایەن بێژەرەکه کاریگەری جیٚ بهێلێت به سەر وەرگرەوە.. سەردێریش وەکو هەواڵ پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە، لێرە ئاماژە به هەندێك پێناسەی دەکەین:

(دەبێت مانشێت گوزارشت له گرنگترین خاڵ و رەگەزی هەواڵەکه بکات)

هێمن محمودکاکەیی له توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لەسەر مانشێت که له زانکۆی سەلاحەدین/کۆلێژی ئەدەبیان/ بەشی راگەیاندن/ پێشکەش کراوە بەم شێوە باسی مانشێتی کردووە (مانشێت بەشێکی گرنگ و پوختی ناوەڕۆکی هەواڵەکەیە، که له چەند وشەیەك پێك دێت که ناوەڕۆکی هەواڵ که دەردەخات.

بۆیە زۆر جار مانشێتی جوان و بە هێز وا دەکات خوێنەر ڕۆژنامەکە یان گۆڤارەکە بکڕێت. کەواتە پێویستە ڕۆژنامەکان زۆر گرنگی بە مانشێت بدەن و تا مانشێت بە فۆنتێکی جوان و ڕێك بنووسرێت، کاریگەری زیاتری دەبێت لە سەر خوێنەر یان وەرگر.

مانشێت بە بۆچوونی بەدران حبیب وەك لە کتێبی فەرهەنگی زاراوە گەلی ڕاگەیاندن باسی کردووە دەڵێ: (شادێڕ لە ڕۆژنامە ئەو دێڕە یان دێڕانەیە کە بە پیتی درشت دەنووسرێن لە سەرەتای بابەتی ڕۆژنامەوانیدا وە یەکێکە لە بەشە سەرەکییەکانی هەواڵ).

بۆیە بە گشتی مانشێت بەشەکی گرنگی هەواڵە، دەتوانم بڵێم سەرەکیترین بەشە، چونکە خوێنەر لە ڕێگای مانشێتەوە بە دوای هەواڵدا دەگەڕێت.هەروەها زۆر جار نیوەی زانیاری هەواڵەکە لە مانشیتەکەدایە. لە زۆربەی سەرچاوە زانستییەکانیش باسکراوە پێویستە مانشێت کورت و پوخت بێت و گرنگە کە لە نێوان چوار وشە، بۆ حەوت وشە بێت.

## جۆرەکانی مانشێت لە ڕووی شێوازەوە:

١- مانشێتی سەرەکی: مانشێتێکە گرنگترین ناوەڕۆکی هەواڵەکە دەخاتە روو بۆ خوێنەران. بەمەش بە گەورەترین فۆنت بە بەراورد لەگەڵ مانشێتە لاوەکیەکانی دیکە دەنووسرێت. ئەم کارەش بۆ ئەوەیە تا خوێنەر بە ئاسانی هەستی پێ بکات و بکەوێتە ژێر کاریگەریی هەواڵەکە. بۆ نموونە: (حکومەتی عێراق ڕەزامەندی دەردەبرێت لە سەر گرێبەستە نەوتییەکەی هەرێمی کوردستان و تورکیا) یان نموونەیکی دیکە (حکومەتی هەرێم کەیسەکەی دادگایی تکساسی لە عێراق بردەوە) دەبینین لەم مانشتێتانە خوێنەر یان بینەر یان وەرگر وەلامێکی گەورەی دەست کەوتووە چونکە لە هەردوو نمونەدا وەرگرەکان رۆژانە بە دوای ئەو زانیاریانە دەگەڕان کە دەبێت ئایا گریبەستە نەوتییەکەی هەرێم بەرەوە کۆی بروات ئایا ئەگەر عێراق ددان بە گریبەستەکە دانەنێت ئەی حکومەتی هەرێم بە دیلی بۆ ئەم گریبەستە چیە. یان ئەو سکالآیەی حکومەتی عێراق لەسەر حکومەتی هەرێمی کردبوو لەسەر کڕینی نەوتی هەرێم لە لایەن کۆمپانیاکانی جیهان لە دادگای تکساس کە وەرگرەکان چاوەرێ بریاری کۆتایی بوون تا نەوتی کوردستان بفرۆشرێت کە دواجار کەیسەکە بە قازانجی کوردستان تەواو بوو داداگاکە فرۆشتنی نەوتی هەرێمی بە یاسایی ناوەزەند کرد ئەمە گرنگیەکی زۆری

هەیە. بۆیە زۆر جار مانشێتی لەم شێوەیە دەکرێت بڵێن ناوەرۆکی هەواڵەکە دەخاتە روو. ئەمە جگە لەوەی کە لە ناوەرۆکی هەواڵەکەدا چەندین زانیاری و داتا هەیە کە پێویستە بەوردی بخوێنرێنەوە

٢-سەرە مانشێت: مانشێتێکە لە سەرووی مانشێتی سەرەکیەوە دادەنرێت، بە فۆنتی بچوکتر دەنووسرێت، دەبێت بەشێکی سەربەخۆ بێت و گرێ دراو نەبێت بە مانشێتی سەرەکییەوە. واتە ئەگەر سەرە مانشێت لادرا، ئەوە مانشێتی سەرەکی مانایی خۆی بە تەواوی بدات بە دەستەوە و هیچ گۆرانکاریەك روونەدات لە ماناکەی ئەم مانشێتە لە رۆژنامە و گۆڤار زۆربەی جار بە کار نایەت ئەگەر بە کاریش بێت تەنها لە لاپەرەی یەکەم رۆژنامەکان بە کاری دەهێنن. بەلام لە تەلەفزیۆنەکان و بەشێك لە ماڵپەرەکان لە زۆر جار بە کاردێت. سەرە مانشێت زۆر جار دڵنیایی زیاتر دەدات یاخود بڵێن مسداقیەتی زیاتر دەدات بە مانشێتەکە.

بۆنموونە: پارێزگاری هەولێر رایگەیاند: بۆساڵی ٢٠١٤ هەولێر دەبێتە پایتەختی گەشتیاری وڵاتانی عەرەبی

دەبینین بە لابردنی سەرە مانشێتەکە هیچ گۆرانکاریەك لە مانشیتی سەرەکی روونادات، بەڵکو مانشێتەکی سەربەخۆیە و مانایەکی تەواو ئەدات بە دەستەوە. بەڵام بە دانانی سەرە مانشێت سەرچاوەی هەواڵەکە بە دیار دەکەوێت کە پارێزگاری هەولێرە بێ گومان لەم کاتە مسداقیەتی زیاتر دەبێت

٣- ژێرمانشێت: بە شێوەیەکی گشتی دوای مانشێتی سەرەکی دێت، بە فۆنتی بچوکتر دەنووسرێت، بابەتی ژێرمانشێتەکە دەتوانرێت تەواوکەری سەرە مانشێت یان مانشێتی سەرەکی یاخود سەربەخۆ بێت، بەڵام دەبێت هەمووکات مانشێتی سەرەکی مانای تەواوی خۆی بدات بە دەستەوە، بە بێ سەرە مانشێت و، ژێرمانشێت. بۆنموونە:

**(سەرەمانشێت) پارێزگاری هەولێر رایگەیاند:**

(مانشیتی سەرەکی) بۆساڵی ٢٠١٤ هەولێر دەبێتە پایتەختی گەشتیاری وڵاتانی عەرەبی

(ژێرمانشێت) هەولێر بنەماکانی بوون بە پایتەختی گەشتیاری تێدایە

لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە ئەگەر سەرە مانشێت و مانشێتی سەرەکی و ژێر مانشێت بنووسرێت ئەوە دواجار رۆژنامەنووسەکە بەشێکی زیاتر لە زانیارییەکانی ناوەرۆکی هەواڵەکە بۆ وەرگر روون دەکاتەوە. وە ئەگەر بەشێکی دیکەی زانیاریەکانیشی لە ناو لید دانا ئەوە ناوەرۆکی هەواڵەکە زانیارییەکی ئەوتۆی تێدا نامێنێت.بۆیە دەبێت رۆژنامەنوسەکە ئاگاداربێت بە پێدانی زانیاری زۆر لە مانشێت و لید ناوەرۆکی هەواڵەکەی لاواز نەکات.

# جۆرەکانی مانشێت لە ڕووی بابەتەوە

١- مانشێتی چەکوچی (بە گورز یان بڕگەیی): مەبەست لەو مانشێتە ڕاکێشانی خوێنەرە بۆ ناو هەواڵەکە و، وروژاندنی وەرگرەکانە. لێرە زۆر جار مانشێتەکە و ناوەڕۆکەکە یەك ناگریتەوە یان هونەرێك دەبینرێت لە دارشتنەوەی وشەکان کە خوێنەر بە خێرایی رادەکێشێت بۆناوەرۆك بەلام ئەبینی ناوەرۆکەکەی جیاواز دەردەچێت لەگەڵ مانشێتەکە بۆنموونە:

فلان هونەرمەند: کۆتایی بە ژیانم دێنم

لێرەدا مانشێتەکە راستەوخۆ سەرەنجی خوێنەر رادەکێشێت چونکە وەرگر پێ وایە ئەو هونەرمەندە خۆی دەکوژێت. بەڵام کە دەیخوێنیتەوە و دەچیتە ناوەرۆکی هەواڵەکە هونەرەمەندەکە سیدییەکی تازەی بلاوکردۆتەوە و دەبینێت (کۆتایی بە ژیانم دێنم) ناوی یەك لە گۆرانیەکانی ناو سیدیەکەییەتی. ئەویش کردویەتی بە ناوی سیدیەکەی.

٢- مانشێتی سەلماندن: ئەم مانشێتە بە مەبەستی بیروڕای گشتی بۆ پروپاگەندەی ناراستەوخۆ و، جێگیر کردنی پەیام لە زەینی خوێنەر،یان وەرگردا بەکاردێت. لەم مانشێتەدا باری هەستیاری وشەکان بۆراکێشانی سەرنجی خوێنەر گرنگی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ نموونە وشەگەلی رێکەوتن (رێکەوتن, پەسەندکردن,سازش) یان (سیستەم, رژێم, دەسەڵات) زۆر دووبارە دەبنەوە

وەکو:پەرلەمانی کوردستان پرۆژە یاسایی بودجەی ساڵی ٢٠١٣ ی پەسەندکرد

٣- مانشێی وەسفی: ئەمە کار لەسەر وێنە کێشانی زەینی دەکات. واتا وێنەیەکی وەسفی بۆ بابەتەکە لە زەینی خوێنەر دروست دەکات, بە شێوەیەك ئەو وێنەیە وا دەکات کە وەرگر سەرەنجی بۆ بابەتەکە بچێت و بابەتەکە بخوێنێتەوە. لەم جۆرە مانشێتەدا وشەی بەهێز بەکاردەهێنرێت تا وا لە خوێنەر بکات ناچاربێت هەواڵەکە بخوێنیتەوە.

٤- مانشێتی پرسیاری: ئەم مانشێتەیە کە بە پرسیار دەست پێ دەکات، بەڵام باش نییە رۆژنامەنووس ئەم جۆرە بەکاربهێنێت لە کاتی نووسینی مانشێت بۆهەواڵەکەی، چونکە زانیاری لە ناودا نییە. بۆیە خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەم مانشێتە زانیاریەکی دەست ناکەوێت و رەنگە بە دوای درێژەی هەواڵەکەشدا نەچێت. بۆیە لە بواری رۆژنامەگەری ئەم مانشێتە زۆر بە کەمی بەکاردێت یان باشتر وایە هەر بە کار نەهێنرێت.

٥- مانشێتی ڕاگەیاندنی: لەم جۆرە مانشێتە کەسێك یان دەزگایەك قسەکەربووە، کە سەرچاوەی دروست بوونی هەواڵەکەیە. بۆیە لەم مانشێتەدا مسداقیەت و باوەڕپێکردن زیاتر بە هەواڵەکە دەدرێت لە جۆرەکانی دیکەی مانشێت.

بۆنموونە پەرلەمانی عێراق رایگەیاند: پرۆژە یاسای خانەنشینی فەرمانبەرانی دەوڵەت پەسەند دەکرێت

٦- مانشێتی دەرهێنەرانە: مەبەست لە مانشێتی دەرەهێنەرانە ئەوەیە کە مەرج نیە مانشێتی هەواڵەکە لە ناو ناوەڕۆکی هەواڵەکە دەرهاتبێت و زانیاری ناو هەواڵەکە بێت، بەڵکو دەکرێت نووسەری هەواڵەکە خۆی سەردێرێك بنووسێت کە زانیاریەکانی ناو هەواڵ نەبن،بەڵام مەرجە لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتی هەواڵەکە یەك بگرێتەوە. ئەم جۆرەش رەنگە زۆربەی ئەم رۆژنامەنووسانە بەکاری بهێنن کە ئەزموونێکی باشیان هەیە لە کاری رۆژنامەنووسی و دارشتنی هەواڵ و سەردێر

بۆنموونە: ووتەکانی نێچیرڤان بارزانی سەبارەت بە پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێم

# تایبەتمەندییەکانی مانشێتی سەرکەوتوو

لە کوردستان زۆربەی جار گلەیی لەوە دەکرێت کە مانشێتەکانی رۆژنامە کوردیەکان مانشێتی باش و سەرکەوتوو سەرنج راکێش نین. یاخود زۆرجار واباس دەکرێت کە مانشێتی هەڵخەلەتێنەرن و ئەو زانیاریەی لە مانشێتەکەدا هەیە لە ناوەرۆکدا نییە یان بەم شێوەیە نییە کە رۆژنامەکە ئەم سەردێرە دیار و بارزەی بۆ هەواڵەکە داناوە. بۆیە ئەم چەند پێوەرەی خوارەوە گرنگە ئەگەر هەر رۆژنامەیەك یان رۆژنامەنووسێك پەیڕەوەی بکات لە کاتی نووسینی مانشێت، چونکە ناکەوێتە ناو هەڵەی زانستی و مسداقیەتی هەواڵەکە یان بابەتەکەش زیاد دەکات:

١- کورت و پوخت بێت

٢- لەگەڵ ناوەڕۆك گونجاو بێت، واتە زانیاریەکانی ناو مانشێت دەبێت لە دەق یان جەستەی هەواڵەکە بوونی هەبێت.

٣- بە پرسیار دەست پێ نەکات، چونکە بووە شێوازی پرسیاریی زانیاری بە خوێنەر نادات. هەروەها خوێنەر بە ئاسانی و سانایی و بەبێ ئەوەی سەرنجی بداتێ، بەسەریدا گوزەر دەکات و هەڵوەستەی لە سەر ناکات.دواجاریش بابەتەکە ناخوێنێتەوە

٤- بە سادە و ڕەوان بنووسرێت بۆ ئەوەی خوێنەر بە ئاسانی لێ تی بگات. بە جورێك هەوڵ بدرێت کەمترین ووشەی ئەکادیمی تێدا بنووسرێت کە خەڵکی ئاسایی ناتوانێت لێ تێ بگات

٥- له كاتی دیزاین كردندا مانشێت باشتره ئهگهر به فۆنتێكی سهرنج راكێش و جیاواز بنوسرێت.

٦- ههڵبژاردنی ووشهی گونجاوبۆ دارشتنی مانشێت

٧- باشتره مانشێت گێڕانهوهی كورتهیهكی رووداوهكه بێت. یان كهمترین زانیاری سهرهنج راكێشی ناو ههواڵهكه بدات

٨- سهرهنج راكێش بێت، بهڵام واقعی بێت. نهك بۆ راكێشانی خوێنهر بێت.مانشێتێكی دوور له راستی بێت

٩- به كهمترین وشه زۆرترین واتا بدات.

١٠ _ نیشانهكانی خاڵبهندی لیٚ لابرێت.

١٠- گونجاو نیه له سهردێردا جێناو به كاربهێنرێت

١١- ههوڵبدرێت مانشێت زانیاری زۆری تێدا نهبێت، چونكه له بایهخی ناوهڕۆكی ههواڵهكه كهم دهكاتهوه.

١٣-ههوڵبدرێت دهستهواژهی كاریگهر بهكاربهێنرێت.بهڵام لهگهڵ ناوهرۆك گونجاو بێت

١٤-باشتره له مانشێت هێرش نهكرێته سهر هیچ لایهن و دهزگایهك.

١٥- پێویسته مانشێت له نێوان چوار وشه بۆ حهوت ووشه بێت.

# مانشێت چۆن دەنووسرێت

بۆ ئەوەی مانشێتەکی سەرکەوتوو کاریگەر بنووسرێت بۆ هەواڵ، پێویستە رۆژنامەنووس یان ئەوکەسەی مانشێتەکە دەنووسێت یان سەرنووسەری رۆژنامەکە یان دەزگاکە کە دواجار بە بابەتە پەخشکراوەکاندا دەچێتەوە رەچاوی ئەم پێنج خاڵەی خوارەوە بکات:

١- باش تێگەیشتن لە ناوەرۆکی هەواڵ یان ئەو بابەتەی کە دەیەوێت سەردێرەکەی بۆ بنووسی.

٢- سەرمایەکی باشی هەبێت لە یاری کردن بە وشەو دەستەواژەو زاراوەکانی ناو کۆمەلگاکەی.

٣-باشتر وایە بە ژمارە دەست پیێ بکات، ئەگەر ژمارە لە ناو هەواڵەکە هەبوو. بۆ نموونە

٥٠٠ کۆچبەر دەگەرێنەوە کوردستان

٤- بە زمانێکی سادە و کورت و پوخت بنوسرێت.کە تێگەیشتنی بۆ هەموو کەس سانا بێت

# کێ مانشێت بۆ هەواڵ دەنووسێت

لەبەرئەوەی گرنگە مانشێت کورت و پوخت و ماندار بێت،وەیەکەم خاڵی بەرکەوتنی وەرگر لەگەڵ سەردێرە بۆیە گرنکە نووسەر یان سکرتێری نووسین یان سەرنووسەری رۆژنامە بزانێت چۆن سەردێر دەنووسرێت و چەند کاریگەری دەبێت لەسەر وەرگر. بۆیە گرنگە کە کێ مانشێت دەنووسێت لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن چونکە دواجار رەنگە مانشێت تەعبیر بێت لە سیاسەتی دەزگاکەش.

قوتابخانەکانی ئەمریکی و ئەوروپی پێیان وایە, دەبێت ناونیشانەکان لەلایەن سکرتێری نووسین یان بەڕێوەبەری هونەری رۆژنامە هەڵبژێردرێت و بنووسرێت. لەلایەکی دیکەوە ئاراستەی عەرەبی پێ وایە نووسەری بابەتەکە خۆی ناونیشان هەڵبژێرێت بۆ بابەتەکەی یان هەواڵەکەی باشترە، چونکە نووسەرەکە شارەزای ناوەڕۆکی بابەتەکەی خۆیەتی و زیاتر لە هەموو کەس پەی بە نهێنی و ئامانجەکانی بابەتەکەی کردووە. لە هەمانکاتدا ئاراستەیەکی دیکەش هەیە پێ وایە ناونیشان جێبهێڵرێت بۆ بەشی پێداچوونەوە و دیسکی ناوەندی دەزگاکە یان رۆژنامەکە ، بەڵام بە گشتی وا باشە رۆژنامەنووسەکە بە خۆی سەردێرەکە یان مانشێتەکە بنووسێت و بڕیاری کۆتایش لای سکرتێری نووسین یان بەشی پیداچوونەوە بێت. چونکە ئەگەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاریان لە سەر هەڵبژاردنی مانشێتی باش و راست و واقعی کرد، ئەوا زۆرترین کاریگەری لەسەر خوێنەری رۆژنامەکە دروست دەکەن.

# ئێتیكی نووسینی مانشێت

هەر كارێك لە راستیدا خاوەن رەوشت و ئیتیكی تایبەت بە خۆیەتی. ئەخلاقیاتی پیشەیی كاری رۆژنامەنووسیش بەهەمان شێوە گرنگە و دەبێت رۆژنامەنووس هەموو كات ئەوەی لە بیربێت كە پیشەی كاری رۆژنامەنووسی پێش ئەوەی یاسا و رێسا و بنەما زانستییەكان و لایەنی هونەری لەسەر بابەتە پەخش كراوەكەی جێبەجێ بكات، دەبێت لایەنی ئەخلاقی یان ئیتیكی كارەكەی لەبەرچاو بێت. چونكە ئەو بابەتەكەی ئاراستەی وەرگر یان كۆمەڵگاكە دەكات. لە نووسینی مانشێتیش بەهەمان شێوەیە، چونكە مانشێت بەشێكی سەرەكی بابەتە پەخشكراوەكانە. وە لە تەواوی بەشەكانی دیكەی بابەتەكە یان هەواڵەكە بەرچاوترە و وەرگر زیاتر هەستی پێ دەكات. بۆیە دەبێت رۆژنامەنووس بە هەستیارییەوە ئاگاداری ئەو حاڵەتە بێت، چونكە مانشێت زیاتر لە زاكیرەو بیر و هۆشی خوێنەر ئەمێنیتەوە و پارێزگاری لە مانەوەی خۆی دەكات. لە بەر ئەوە پێویستە رۆژنامەنووس گرنگییەكی تەواو بە لایەنی ئەخلاقیاتی نووسینی مانشێت بدات. واتە دەبێت مانشێتەكە مانشێتێكی برینداركەر نەبێت، خستنە پاڵی تێدا نەبێت، هێرش كردنە سەر كەس و لایەنی لە خۆ نەگرتبێت. لە هەمانكاتدا خۆی بپارێزێ لە ناوزڕاندن.

# دووەم/ لید

## پێناسەی لید

لید بەشێکی دیکەی هەواڵە، لە دوای مانشێدا دێت کە تیایدا بە کورتی و بە پوختی و بە چەند وشەیەك رۆژنامەنووسەکە ناوەڕۆکی هەواڵەکەی بۆ خوێنەران یان بیسەر و بینەران روون دەکاتەوە. لید زانیاری تەواوی تێدا نییە وەکو ئەوەی لە ناوەڕۆکی هەواڵەکە دا هەیە، بەڵام دەروازەیەکی باشە لە دوای مانشێت کە خوێنەر زانیاری زیاتری تێدا دەست دەکەوێت. زۆربەی جار لە لیدا داتا یان ژمارە هەیە. بۆ نموونە ژمارەی قوربانییەکان یان ژمارەی زیادبوونی گەشتیاران یان ژمارەی بە دەستهێنانی کورسی لە لایەن پارتە سیاسییەکانی بەشداربوو لە پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا. ئەمانە رەنگە بەشێك بن لە زانیاری ناو دەقی هەواڵەکە، بەڵام هەمووی نییە، چونکە دەبێت بەشە سەرەکیەکەی زانیاری ناو ناوەڕۆکی هەواڵەکە بێت[٣].لەگەڵ ئەوەشدا باشتر وایە ئەو زانیاریانەی کە لە مانشێتدا هەیە لە لید نەبن وە ئەو زانیاریانەی کە لە لیدا هەیە لە ناوەرۆکی هەواڵەکەشدا بە جۆرێکی دیکە دارشتنەوەی بۆبکرێت لە لایەن رۆژنامەنووسەکەوە بۆ ئەوەی وەرگر بێزار نەبێت لە ووشەی دووبارەی ناو هەواڵەکە

---

[٣] - لیـــد لـــە ڕووی زاراوە بـــە مانـــای ســـەرکردایەتی کـــردن دێـــت. بـــەڵام لـــە بـــواری رۆژنامەنوسـیەکەیدا واتـە ئاراسـتە کـردن یـان رێنمـایی کردنـی خوێنـەر بۆنـاو قوڵـایی بابەتەکـە یان هەواڵەکە دێت.

# جیاوازی نووسین لید

# لە رۆژنامە، گۆڤار، رادیۆ و تەلەفزیۆن

لەبەرئەوەی لە تەلەفزیۆن و رادیۆ (کات) گرنگە و پێوەرە بۆپەخش کردنی بابەتەکان، پرۆگرامەکان و خشتەبەندی کاتیان بۆدەکرێت، بۆیە باشتر وایە کە لیدی هەواڵ لە تەلەفزیۆن و رادیۆ لە (١٠بۆ١٥) وشە بێت بۆئەوەی بیسەر و بینەر تووشی مەلەل نەبن، بەڵام لە دەزگا چاپکراوەکانی وەکو رۆژنامە و گۆڤار، چونکە کات پێوەر نییە، ئاساییە ئەگەر لیدەکە درێژتریش بێت بۆ (٢٠تا٣٠) وشە، چونکە زانیاریەکان زیاتر و پوختر دەبن و روونتر دەبن لای خوێنەر. لەبەرئەوەی لە رۆژنامە و گۆڤارەکان ڕووپەڕی لاپەڕەکان پڕ دەکرێنەوە، کات گرنگ نییە وەکو رادیۆ و تەلەفزیۆن، بۆیە بە گشتی لیدیی رادیۆ و تەلەفزیۆن کورترە لە رۆژنامە و گۆڤار

## هەواڵ بە بێ لید

لەسەر پێوەرو بنەما زانستییەکانی ڕاگەیاندن لید بەشێکی گرنگی هەواڵەکەیە. بەڵام وەکو باسمان کرد بە تایبەتی لە رادیۆ و تەلەفزیۆن کات پێوەرە بۆ پەخش کردنی بابەتە پەخشکراوەکان وەرگر دەیەوێت بە کورترین ماوە زۆرترین زانیاری دەست بکەوێت، لە هەمان کاتدا دەزگاکەش مەبەستیەتی کە زیاترین زانیاری پەخش بکات لە کەمترین کاتدا. جگە لەمەش لە دنیای ئەمرۆدا بە هۆی زۆری سەرچاوەکانی ڕاگەیاندن بەرزبونەوەی ئاستی رۆشنبیری و تێگەیشتنی تاکەکان کە زۆربەی کات بە دیاریکراوی بە دوای هەواڵێك دا دەگەرێت بۆیە ڕەنگە وەرگرەکە نەتوانێت چەند کات ژمێرێك بە دیار بڵاوکراوەیەکی هەواڵەکان دابنیشێت. بینەر یان بیسەری بڵاوکراوەکە ڕەنگە لە چارەگی یەکەمی پەخشی بلاوکراوەکە مەلەل بێت و کەناڵەکە بگۆرێت بە کەناڵێکی دیکە و ببێتە بینەر یان بیسەری کەناڵێکی دیکە. بۆیە لەسەردەمی ئەمرۆدا بەشێکی زۆری دەزگا راگەیاندنەکان جێگرەوەیەکیان بۆ ئەم حاڵەتە دۆزیوەتەوە تا وەرگرەکان مەلەل نەبن. ئەویش ئەوەیە کە زۆر جار لیدی هەواڵەکە ناخوێننەوە و پەخشی ناکەن لەگەل ئەوەشدا لە ناوەرۆکی هەواڵەکەش کورت دەکەنەوە و دایدەرێژنەوە بە جۆرێك داتا زانیارییەکانی لە دەست نەدات. واتە هەواڵەکە پەخش دەکرێت بە کورتی و وەرگریش دەگاتە ئەو زانیاریەی کە پێویستی بووە بیزانێت. بۆیە دەکرێت بۆ رادیۆ و تەلەفزیۆن زۆر جار لید لاببرێت بەڵام بۆ رۆژنامە گونجاو نیە

به پێچه وانەوە هەبوونی لیدەکە زۆر جار مەلەلی وەرگرەکان کەم دەکاتەوە بەوەی که له لیدا برێك زانیاری به دەست دەکەوێت و بەرچاو روونی دەبێت لەسەر هەواڵەکە لە کەمترین ماوە و بریار لەسەر خۆێندنەوە یان نەخوێندنەوەی بابەتەکە دەدات. کەواتە دەکرێت بلێین لید لە رۆژنامە و گۆڤار هاوکارە بۆ وەرگر و دەزگاکەش بەڵام لە تەلەفزیۆن و رادیۆ به پێچەوانەوە

# جۆرەکانی لید

لیدیش وەکو مانشێت چەند جۆرێکی هەیە، لێرە بە کورتی ئاماژەی پێ دەدەین:

١- لیدی ناوەڕۆك پڕ

ئەو لیدەیە کە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی هەواڵی تێدایە وەکو: (چۆن — کەی — لە کوێ — بۆ-چی). بۆیە باشترە رۆژنامەنووس ئەم لیدەیە بەکارنەهێنێت، چونکە دواجار ناوەڕۆکی هەواڵەکە گرنگییەکی ئەوتۆی نامێنێت بۆ وەرگرەکان، لە هەمان کاتیشدا زانیارییەکانی ناو لید و ناو دەقی هەواڵەکە دووبارە دەبنەوە، بەمەش هەواڵەکە هەواڵێکی تێکەڵ دەبێت بە زانیاری دووبارە لە بەشەکانی هەواڵەکەدا. بۆیە بە گشتی بەکارهێنانی ئەم لیدە گونجاو نیە

٢- لیدی کەم ناوەڕۆك

ئەم لیدە رەگەزە سەرەکییەکانی هەواڵی تێدا نابینرێت یان بە کەمی ئەبینرێت، بۆیە باشترە رۆژنامەنوس ئەم لیدەش کەم بە کاربهێنێت، چونکە سەرەنجی خوێنەر راناکێشێت بۆ ناو ناوەڕۆکی هەواڵەکە.

٣- لیدی وەسفی:

ئەم لیدە زۆر بە کاردەهێنرێت بە تایبەتی لە رۆژنامەو گۆڤارەکان کە کەمێك زانیاری ئەدات بە خوێنەر و بینەر و بیسەر. دواجار وادەکات خوێنەر و بیسەر وبینەر بچن بۆ ناوەڕۆکی هەواڵەکە بۆتەواو خۆێندنەوەی هەواڵەکە، واتە بە

شێوازێك دەنووسرێت كە جۆش و خرۆش ئەدات بە خوێنەر بۆ خوێندنەوەی بەشەكانی تری هەواڵەكە یا گوێ بیستبوونی یا بینینی هەواڵەكە بە تەواوی.

ئەم سێ جۆرە لیدە دەكرێت بڵێین سەرەكین، بەلآم لە پاڵ ئەوانەشدا چەند جۆرێكی دیكەی لید هەیە لێرەدا تەنها ئاماژە بە ناوەكانیان ئەدەین ئەوانیش: (لیدی چەند هەواڵی، لیدی ئاوێتە بۆرووداوەكان، لیدی كەڵەكەبوو, لیدی پێشینەدار یان مێژوویی، لیدی رۆچوو، لیدی پەند ئامێزو لیدی بەراوردكاری)

## سێیەم/ دەق یان ناوەڕۆکی هەواڵ

بەشی سێیەمی هەواڵە کە پاش مانشێت و لید دێت، پێی دەڵێن: دەق یان ناوەڕۆکی هەواڵەکە. دەکرێت بڵێین ئەو بەشەی هەواڵەکەیە کە زانیاری زۆری لە ناوە، واتە تەواوی زانیارییەکانی ناو هەواڵەکە لە خۆدەگرێت کە بیسەر یان بینەر یان خوێنەر چاوەڕێیەتی. بە مانایەکی تر درێژەی هەواڵەکە لە خۆ دەگرێت. ئەوەی لەم بەشەدا بە دیدەکرێت و وەڵامی شەش پرسیارەکەمان دەداتەوە (چی بوو؟ لە کوێ بوو؟کەی بوو؟ بۆچی بوو؟ کێ بوو؟ هەندێك جار توخمی شەشەمیش دە چێتە ناو هەواڵەکەوە کە چۆن بوو؟) هەروەها باشتریش وایە کە لە زانیارییەکانی ناو هەواڵ زیاتر لە بۆ چوونێك هەبێت بۆ مسداقیەت دەزگاکە و زیاتر بوونی زانیاری چونکە بەم جۆرە حەزی وەگر تێر دەبێت: بۆ نموونە وەرگرتنی بۆچوونی بەرپرسی دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکان لە کوردستان لە سەرگرانی نرخ و شێوازی دابەشکردنی بەنزین لە بەنزینخانەکانی کوردستان. لە هەمانکاتدا وەرگرتنی بۆچوونی بەرانبەریش هەبێت. بۆ نمونە بۆچوونی خاوەن بەنزینخانەیەك لەسەر گرفت و ئاریشەکانیان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی بەرهەمە نەوتیەکان لە کوردستان و شوفێری ئۆتۆمۆبێلەکان چییە. دەبێت ئەوانیش وەك خاوەن بەنزینخانەکان قسەی خۆیان بکەن و کێشەکانیان بخەنە ڕوو. بۆ ئەوەی هەواڵەکە ببێتە ئاوێنە بۆ وەرگرەکان

به گشتی پێویسته له کاتی نووسینی ناوەڕۆك ڕەچاوی ئەم خاڵانه خوارەوه بکەین:-

١- له چەند پەرەگرافێکی سەربەخۆی کورت پێك هاتبێت و هەر پەرەگرافێك لایەنێکی گێڕانەوەی ڕووداوەکەی له خۆگرتبێت و به چەند وشەیەك باس کرابێت.

٢- پەرەگرافەکان سەربەخۆی تەواویان هەبێت به جۆرێك وادەرکەون که پەیوەندییان بەیەکەوه نییه. به جۆرێك دواجار ئەگەر پەرەگرافێك لادرا ئەوه کار له دارشتن و ناوەڕۆکی هەواڵەکه نەکات یان له مانای هەواڵەکه کەم نەکاتەوه وەك پێشتر باسمان کرد. دەکرێ له هەواڵێکدا بۆچوونێك زیاتر هەبێت ، بەڵام ئەگەر نەشبێت ئەوه هەر مانای تەواوی خۆی هەبێت و گۆڕان له ناوەڕۆکەکەی ڕوو نەدات و باوڕێکی تەواو لای وەرگرەکه دروست بکات.

٣- دەبێت پەرەگرافەکان به پێی گرنگییان ریزبەند بکرێن. بۆچوونه گرنك و فەرمییەکان بۆخەڵك گرنگتر و مسداقیەتی زیاتره له هەموو کاتێکدا، بۆیه پەرەگرافەکان به گوێرەی گرنگییان ریز بکرێن باشتر دەبێت و ناوەڕۆکێکی پوختی لێ دەردەچێت و کاریگەری زیاتری دەبێت لەسەرخوێنەر و بیسەر و بینەر.

## چوارەم/ کۆتایی هەواڵ یان پاشکۆی هەواڵ

باشتر وایە هەواڵ کۆتایی هەبێت کە خۆی ببینێتەوە لە پاشخانێکی زانیاری لە سەر هەواڵەکە. بەگشتی بەشێکی دیکەی هەواڵ دوای مانشێت و لید و دەق، بەشی کۆتایی دێت. دێڕەکانی کۆتایی هەواڵ کەمترین زانیاری تێدایە یان زۆرجار بیرهێنانەوەی یاسایەك یان لێدوانێکی پێشوترە لەسەر هەمان بابەتی هەواڵەکە، بەڵام بەگشتی مەرجە هەواڵ بەشی کۆتایی هەبێت. بۆ ئەوەی وێنەی رووداوەکە لای وەرگر رونتربێت بە نموونە ساڵی ٢٠١٥ فرۆکەیەکی ڕووسی لە ئاسمانی میسر تێکشکێنرا و زیاتر لە (٢٢٠) کەس تیدا گیانیان لە دەستدا بەمەش تەواوی گەشتە ئاسمانیەکانی نێوان ئەم دوو ولاتە وەستێنرا. لەو ساتەی کە فرۆکەکە تێکشکێنرا زیاتر لە (٧٥) هەزار گەشتیاری ڕووسی لە میسر بوون و لەماوەی یەك هەفتە لە سەرداوای حکومەتی مۆسکۆ روویان کردە تورکیا بۆ تەواوکردنی گەشتەکەیان بەلام بینیمان لە کۆتایی (٢٠١٧) لە سەردانێکی مەیدانی فلادێمیر بۆتین سەرۆکی رووسیا بریاری دووبارە دەست پێکردنەوەی گەشتەکانی نێوان هەردوولادرا بە دامەزراندنی کۆمپانیاییەکی ئەمنی هاوبەش. دەستپێکردنەوەی گەشتەکان بێ گومان بووە هەواڵی هەموو کەناڵە میدیاییەکان لە بەشی کۆتایی

هەواڵەکەش هەمووان پاشخانێکی زانیاریان خستە ڕوو کە لە ٢٠١٥ گەشتەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە بەم هۆکارە وەستابوو. کەواتە کۆتا بەشی هەواڵ لەگەڵ ئەوەی زانیاریەکی کەمی تێدایە بەڵام هەواڵەکە پڕتر دەکات لە زانیاری و دیمەنی دیکە بیری خوێنەر و بینەر و بیسەر دەهێنێتەوە

ئەم چوار بەشەی کە باسمان کرد بەشە سەرەکییەکانی هەواڵ بوون، بەڵام بەشی پێنجەم کە لە خوارەوە باسی دەکەین وەکو پاشکۆ زۆر گرنگە لە هەواڵدا هەبێت، بە تایبەتی لە هەواڵی تەلەفزیۆن, ماڵپەرەکان, گۆڤارەکان و رۆژنامەکان جگە لە رادیۆ.

# پێنجەم/ ڤیدیۆ یان وێنە

ڕەنگە ئەم بەشە نەچێتە ناو چوارچێوەی هەواڵەکەوە، هەواڵەکە بەبێ ئەم بەشەش دەکرێت مانایەکی تەواو و پوخت بداتە دەستەوە بەبێ ئەوەی گرفتێك یان کێشەیەکمان بۆ دروستکات، بەڵکو رەنگە پێویستی هەر بەم بەشە نەبێت. بۆنموونە لە رادیۆ ناتوانرێت وێنە و ڤیدیۆ پەخش بکرێت بەڵام بیسەر تێ دەگات کەچی روویداوە هیچ گرفتێکی نییە ، بەڵام لە تەلەفزیۆن و ماڵپەرەکان تەنانەت لە رۆژنامە و گۆڤارەکانیش، وێنە گرنگی خۆی هەیە لەگەڵ هەواڵداو لە هەمان کاتدا تام و چێژی زیاتری پێ دەبەخشێت. بۆ نموونە لە کاتی رووماڵکردنی هەواڵی هێرشێکی چەکداری کاریگەرییەکەی دەردەکەوێت کاتێك بێژەرەکە هەواڵەکە دەخوێنێتەوە و لە هەمانکاتیشدا بە ڤیدیۆ چۆنیەتی رووداوە کە پەخش دەکرێت. وێنە بۆ ماڵپەرە ئەلیکترونییەکان و رۆژنامە و گۆڤارەکانیش گرنگە و هەواڵەکە بەهێزتر دەکات. بۆ نموونە لە کاتی نووسینی هەواڵێك لەسەر سەردانی سەرۆکی حکومەت بۆ ناوچەی گەرمیان و لە ئامێز گرتنی کەسوکاری ئەنفال کراوێك، فرمێسك لە چاوی بێتە خوارەوە. بێگومان کاریگەری زیاتر دەبێت. کەواتە دەکرێت بلێین وێنە و ڤیدیۆ دەبێتە تەواوکەری بەشەکانی دیکەی هەواڵ و، کاریگەری زیاتر دروست دەکات لای وەرگرەکان و زیندوویی و تازە بوونیش دەدات بە هەواڵ.

# دارشتنەوەی هەواڵ

واباشە نووسەری هەواڵ لە کاتی دارشتنەوەی هەواڵەکە هەندێ لایەن لە بەر چاو بگرێت بۆ ئەوەی هەواڵە دارێژراوەکە هەواڵێکی پوخت و پڕ مانا و زانستیانە دەربچێت گرنگترینیشیان ئەمانەن:

١- قەبارەی بابەتەکە وەکو خۆی دابرێژێتەوە واتە لە کاتی دارشتنەوە زیاد و کەمی بۆ زانیارییەکان نەکات. یاخوود گێرانەوەکەی بە جۆرێك بێت کە وێنەیەکی دیکە لای وەرگر دروست بکات

٢- لایەنی زمانەوانی بابەتەکە بە شێوەیەکی گونجاو دابرێژرێتەوە و هەوڵ بدرێت بە کەمترین ووشە و ژمارە زانیارییەکان بە پوختی دابرێژێتەوە

٣- بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەل ئەو هەواڵانەی بکات کەپەیوەندی بە کەسایەتیە دیاریکراوەکان هەیە وەکو سەرۆك و سەرۆك حکومەت و پۆستە دیارەکان کە دەبێت نووسەری هەواڵەکە بە وردییەوە ناوی کەسەکە و پۆستی کەسەکە و چۆنیەتی گەیاندنی پەیامەکە وەك خۆی دابرێژێتەوە چونکە ئەمانە بابەتەگەلێکن ئەگەر نووسەر بە هەڵە بیانووسێت رەنگە لای وەرگر بە نووسەرێکی بێ ئاگا ناوببرێت

٤- دەکرێت بۆ گەیاندنی پەیامەکە نووسەرەکە نەرمتر مامەڵە لەگەل دەقەکە بکات بە تایبەتی ئەگەر بە شێوەزارێکی دیکە ژێدەرەکە قسەی کردبوو کە بە گشتی خەڵك لێ نەگات بەڵام گرنگە لە چوار چێوەی بیرۆکەکە دەرنەچێت و بە شێوازێك دابرێژ ێتەوە کە هەموو کەس لە پەیامەکە بگات

٥-  بۆ هەر دەزگایەك گرنگە دارشتنەوەی هەواڵ بە سێ قۆناغ بێت یان بە ژێر دەستی سێ نووسەر تێبپەڕێت لە قۆناغی یەکەم دارشتنە گشتیەکەی بۆ بکرێت لە قۆناغی دووەمیشدل نووسەرێکی زمانەوانی دەزگاکە بە لایەنی زمانەوانیدا بچێتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە لە قۆناغی سێهەمدا نووسەرێك پێداچوونەوەی گشتی بۆ بکات و کۆمەلێك دەستەواژە لابدات و کۆمەلێك دەستەواژەی دیکە دابنێت بۆ ئەوەی چێژێك بە وەرگر بدات

# پێداچوونەوە بەبەشەکانی هەواڵ و بڕیاری کۆتایی

ئەوانەی باسمان کرد بریتی بوون لە بەشەکانی هەواڵ و نووسینی هەیکەلیەتی هەواڵ. بەڵام پاش ئەوەی نووسەرەکە یان پەیامنێرەکە هەواڵەکە دەنووسێت و ئامادەی دەکات بۆبڵاوکردنەوە، باشترین کار ئەوەیە کە بکرێت پێش بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە بەرپرس یان سکرتێری نووسینی ڕۆژنامەکە یان سەرنووسەری دەزگاکە هەواڵەکە ببینێت ئینجا بڕیار بدات لەسەر بڵاوکردنەوەی. بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی هیچ هەڵەیەکی زمانەوانەیی نییە و هەیکەلیەتی دارِشتنەوەی تەواوە. هەروەها لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە سکرتێری نووسین یان سەرنووسەری ڕۆژنامەکە دڵنیا بێت لەوەی کە بە دانانی ئەم هەواڵە لە ڕۆژنامەکە یان دەزگاکە لە بەرژەوەندی کەس نادات و کار ناکاتە سەر ئاسایشی نەتەوەیی. یاخود هەواڵەکە ناچێتە چوار چێوەی ریکلامەوە هەروەها تۆمەت خستنەپاڵ و ناوزڕاندنی تێدا نییە. واتە بە گشتی دڵنیا بن لەوەی هەواڵەکە لەگەڵ سیاسەتی دەزگاکە گونجاوە و دەشێ بۆ بڵاوکردنەوە.

## کامە هەواڵ دەچێتە لاپەرە (یەك)ی رۆژنامە؟

لەبەشەکانی پێشتر وتمان هەر رووداوێك زانیاری تێدا بێت و بۆ هاووڵاتیان گرنگ و نویێ بێت و کاریگەری هەبێت دەبێتە هەواڵ. لێرەدا باسی ئەوە دەکەین ئاخۆ چ هەواڵێك گرنگە بۆ وەرگری هەر دەزگایەك ؟ یاخود رونتر بڵێین ئەوە کامە هەواڵە کە گرنگترینیانە و دەچێتە لاپەرەی یەکەمی رۆژنامەکە؟ یان یەکەم هەواڵیێ تەلەفزیۆن و رادیۆکان؟ بێگومان لێرە دوو هۆکار بڕیار ئەدات کامە هەواڵ ببێتە گرنگتر یان ریز بەندی یەکەم. ئەم دوو هۆکارەش بریتین لە سیاسەتی دەزگاکە و ناوچەی جوگرافی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە. بۆ نموونە هەواڵی زیاد کردنی پارەی ئاو و کارەبا، هەواڵێکە پەیوەندی بە تەواوی هاوڵاتیانی وڵاتێکەوە هەیە، بەڵام رەنگە سیاسەتی رۆژنامەکە رێگە بەوە نەدات ئەو هەواڵە ببێتە هەواڵی یەکەم، بەڵکو رەنگە هەواڵێکی مەکتەب سیاسی حزبێك ببێتە هەواڵی یەکەم بەهۆی ئەوەی دەزگاکە دەزگایەکی حزبییە. سەبارەت بە پێگەی جوگرافیاش رەنگە زۆر هاووڵاتیان یان وەرگرەکان ئەو هەواڵەیان لا گرنگ نەبێت، بۆیە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە، گرنگی و بەهای هەواڵ دەگۆرێت. لە هەر ناوچەیەك هەواڵێك گرنگی خۆی هەیە. بۆ نموونە هەواڵی زیاد کردنی دەرماڵە بۆ کارمەندانی حکومەتی هەرێم زۆر گرنگە و رەنگە بچێتە لاپەرەی یەکەم، بەڵام ئەو هەواڵە بۆ وڵاتانی دراوسێ هەرێم رەنگە هیچ گرنگییەکی نەبێت

و تەنانەت نەشکرێتە هەواڵ و بڵاویشنەکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە جار جار قەبارەی هەواڵەکە کاریگەری هەبێت وابکات ببێتە هەواڵی یەکەم بەڵام هەر دەزگایەك ئەو کاتە لە روانگەی سیاسەتی خۆیەوە سود لە زانیارییەکانی وەردەگرێت جا کەناڵەکە کەناڵێکی ئەهلی بێت یان حکومی بێت یان حزبی بێت یان کەناڵێکی حزبێکی ئۆپۆزسیون بێت قەبارەی هەواڵەکە وا دەکات هەمووان بیکەنە یەکەم هەواڵ بەلام هەر یەکە و بە سیاسەتی دەزگاکەی خۆی سودی لێ دەبینێت بۆ نموونە ناوەرۆکی کۆبونەوەکەی نێوان شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ لەسەر ناردنی بودجە و مووچەی یەك سالی کوردستان و ئەو تەوەرانەی کە باس کراون.دەبینی ئەم هەواڵە بۆ هەموو دەزگاکان گرنگە چونکە بۆخەڵك گرنگە و بە ژیانی خەڵکەوە بەستراوەتەوە

## ئەو هەواڵانەی ڕوماڵی تایبەتیان بۆدەکرێت

زۆربەی جار هەواڵی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان تەنها لە یەك چوارچێوەی هەواڵی دەخولێنەوە، کاتێك هەواڵێك لە رۆژنامەیەك یا کەناڵێکی تەلەفزیۆنییەوە دەخوێنرێتەوە، رەنگە ئەو هەواڵە دووبارە و سێ بارە بکرێتەوە لە زۆربەی کەناڵ و بڵاوکراوەکانی دیکە، بۆ نموونە ئەو هەواڵانەی کە پەیوەندییان بە گوزەرانی زۆربەی خەڵکەوە هەیە. وەك هەواڵێك کە باس لە زیادبوونی موچەی فەرمانبەران دەکات لە کاتێکدا رێژەی فەرمانبەر لە ناوخۆی وڵاتێك یان هەرێمێك زۆر بێت. بۆیە ئەو کاتە ئەو هەواڵە پێویستە زۆربەی کاتژمێرەکان دووبارە بکرێتەوە، بەڵام هاوتازەیی خۆی لە دەست نەدات. ڕووداو یان هەواڵ هەیە پێویستی بەوە هەیە کە جگە لە چەند بارە کردنەوەی لە یەك رۆژدا، پێویستە دەزگاکانی راگەیاندن بە رادیۆ و تەلەفزیۆن و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان ڕووماڵی تایبەت و بەردەوامی بۆ بکەن، لە بەر قەبارە و کاریگەری هەواڵەکە. جگە لە ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە سەر هەمان بابەت، دەکرێت لە رۆژێکدا زیاتر لە جارێك بەرنامە لە سەر تەوەرەکە بکرێت. بۆنموونە ڕووماڵکردنی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان لە رۆژی ٢١-٩-٢٠١٣ کە هەنگاو بە هەنگاو دەزگاکان ڕووماڵیان دەکرد و زانیاری تازەیان دەگەیاند بە وەرگرەکانیان. یاخود هەواڵی بەڕێوەچوونی

کۆنگرەیەکی هەرێمایەتی بۆ نەوت و گاز کە چەند رۆژێك دەخایەنێت.
وەرگرەکانیش بە بەردەوامی چاوەڕی زانیاری زیاترن و تامەزرۆن

بۆیە گرنکە ئەم رووداو و هەواڵانە رووماڵی بەردەوامیان بۆ بکرێت، لەگەڵ ئەنجامدانی چەند بەرنامەیەك لەگەڵ پسپۆرانی ئەم بوارە بەم جۆرە زیندووی دەدات بە دەزگاکە.

# دەست پێوەگرتنی وشە

# لە کاتی نووسنی هەواڵ (ڕەزیلی کردن لە ووشە)

زۆر گرنگە نووسەری هەواڵ لە کاتی نووسینی هەواڵەکەی کورت بڕ بێت ، کەمترین وشە بە کاربێنێت بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بە پوختی و کورتی بە جوانترین شێوە. لەبەرئەم هۆکارانەی لای خوارەوە:

١- خوێنەرو بیسەر و بینەری وەرگری هەواڵ هەموو کاتێك چاویان لەوەیە بە کەمترین کات زۆرترین زانیاریان دەست بکەوێت. بۆیە باشترین شت کە نووسەری هەواڵ لەکاتی داڕشتنی هەواڵەکە پەیڕەوی بکات کورت بڕییە. لێکردنەوە و داماڵینی وشەی زیادە لە هەواڵدا، بەم جۆرەش بە کەمترین وشە و بە کەمترین کات، پەیامەکە دەگات بە وەرگر. دەشکرێت ناوی هەندی ڕێکخراو یان پارتی سیاسی بە کورت کراوەیی بنووسیت بەلام بە مەرجێ ناوەکە ناسراو بێت لای خەڵك ، یان ئەو ناوانەی کە ڕەنگە زۆر دووبارە ببنەوە.بە لای وەرگرەوە نامۆ نەبێت. بۆنموونە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە کورتکراوەیی (UN) بنووسرێت. دەبێت ئەوەشمان لە بەرچاو بێت کە هەندێکجار ناوە کورتکراوەکان لە لای وەرگرەکان ناسراوترن لە ناوە بنچینەیەکە.

٢- بۆ ڕۆژنامە گرنگە هەواڵ بە کورتی بنووسرێت، چونکە ژمارەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامە دیاریکراون و تەنها جێگای چەند هەزار وشەیەك و دانانی

چەند وێنەیەکی دەبێتەوە. بۆیە کاتێك کە وشە کەمتر بە کاردەهێنرێت، رۆژنامەکە دەتوانێت ژمارەیەکی زیاتری هەواڵ دابنێت و بڵاوی بکاتەوە. لە هەمانکاتدا زانیاری زیاتر دەگەینێتت بە وەرگرەکان.

٣- نووسین و دارشتنەوەی هەواڵ بە فراوانی دەبێتە کارێکی قورس بۆ گشت قۆناغەکان، هەر لە رێکخستنی زانیارییەکان و ریزبەندکردنیان و پێداچونەوەیان، تا چاپ و بڵاوکردنەوەیان. لەگەڵ ئەوەشەدا مەرج نییە نووسینی هەواڵ بە کورتی کاربکاتە سەر ناوەڕۆکی هەواڵەکە.

٤- پێویستە توانای گۆێگر و وەرگر لەبەرچاو بگیرێت، لە کاتی پەخش و بلاوکردنەوە بە تایبەتی لە رادیۆ، چونکە لە رادیۆدا وێنە نییە، بەڵکو تەنها دەنگە، بۆیە کەمتر هەست بە گۆڕانکاری و ستایلی دەربڕین دەکرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە کورترین کاتدا بیسەر بێزار بێت. لەبەر ئەوە باشترین شت ئەوەیە هەواڵی رادیۆ بە کورتی و بە پوختی دابرێژرێت ، هەوڵبدرێت هەواڵی بڵاوکراوەیەکی رادیۆی (واتە نەشرەیەك) لە هەشت خولەك زیاتر نەبێت. بە پێچەوانەوە هەواڵی تەلەفزیۆن جیاوازە لە رادیۆ، چونکە لە تەلەفزیۆندا بە هۆی ئەوەی لە پاڵ دەنگەکە وێنە و ڤیدیۆ هەیە، زوو زوو ڤیدیۆ و وێنەی تازە نیشان دەدرێت، ئاسایە ئەگەر ماوەی پێشکەشکردنی هەواڵەکە زیاتر بێت. ئەمەش بە هۆی ئەو گۆرانکاریەی بەسەر چاوی بینەر و وەرگری هەواڵەکەدا دێت لەکاتی بینینی وێنە و رووداوەکانی ناو هەواڵەکە بە شێوەی ڤیدیۆیی.

# ئەو هەواڵانەی ناشێن بۆ بڵاوکردنەوە

هەندێك هەواڵ هەیە هەموو پێکهاتە و تایبتمەندییەکان و بنەماکانی هەواڵی تێدایە، بەڵام ناشێت بۆ بڵاوکردنەوە، چونکە کۆمەڵێك هۆکار هەیە وا دەکات هەموو هەواڵێك نەشێت بۆ بڵاوکردنەوە. بۆ نموونە هەواڵ هەیە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و ئاسایشی نەتەوەیی ناشێت بۆ بڵاوکردنەوە.یان هەواڵ هەیە ترس و تۆقاندنی تێدایە کە کاریگەری نەرێنی خراپ لە سەر تاکەکان جێ دەهێڵێت بە تایبەت بۆ منداڵان بۆ نموونە هەواڵی سوتاندنی فرۆکەوانە ئوردنییەکە لە لایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش کە ڤیدیۆکەیان بە شێوەیەك مونتاژ کردبوو کە خەڵك بترسێت و زیاترین کاریگەری هەبێت لەسەر ئەو کەسانەی دەبینن دواجار وەکو پارچە ڤیدیۆەکی ترسناك وەکو جەنگێکی دەروونی ترسناك نمایش کرا بەم جۆرەش زۆرێك لە کەناڵە جیهانییەکان بڵاویان نەکردەوە لە بەر هۆکاری ئەوەی کە خەڵك دەترسێت و وە هۆکاری دووەمیش بەشێك لە دەزگاکان پێیان وابوو ریکلامە بۆ ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش. ئەم هەواڵانە کە ناشێن بۆ بڵاوکردنەوە ڕەنگە بە گوێرەی ناوچەی جوگرافی بگۆرێت و گۆڕانی بە سەردا بێت. بۆ نموونە هەواڵێك لە وڵاتێك نەگونجێت بۆ بڵاوکردنەوە، بەڵام لە وڵاتێکی دیکە گونجاو بێت. بۆنموونە لە هەندی وڵات هەواڵ لەسەر توندرەویە ئاینییەکان یان ئەو هەوڵانەی کە کاریگەری خراپ دەکاتە سەر ئاینی وڵاتێك

ڕێگە بە بڵاوکردنەوەیان نەدرێت لە هەندی وڵاتی دیکە لە بار بردنی منداڵ لە هەندی وڵاتی دیکە زانیارییە سەربازییەکان ڕێگە پێ نەدراوبێت

ئەم ڕێگانەدانە بە بڵاونەکردنەوەی هەندێك هەواڵ، ڕەنگە هیچ یاسایەکیشی لە پشت نەبێت کە ڕێی لێبگرێت بۆ ئەوەی هەواڵەکە بڵاونەبێتەوە، بەڵام بەهۆی داب و نەریت و بەرژەوەندی وڵات و نیشتیمان، یان وەك لایەنی ویژدانی و ئەخلاقی نووسەر یان سەرنووسەر ڕێگا بە خۆی و دەزگاکە نادات هەموو هەواڵێك بڵاو بکرێتەوە. لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین بە کورتی:

١- دەبێت سەرنووسەرو ڕۆژنامەنووس خۆیان ڕێگە بەوە نەدەن هەواڵێك بڵاو بکەنەوە کە باس لە ڕێگاکانی دەست گیرکردنی گروپی تیرۆرستی دەکات پێش ئەوەی کردارەکە ئەنجام بدرێت بە جۆرێك هەواڵەکە ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی پلانی پۆلیس و دەزگاکانی میری. یاخود هەواڵێك دەڵێت سبەی هێزە ئەمنیەکان هەڵمەتێکی پشکنین و گەڕان بۆسەر گەڕەگێکی شاری کەرکوك ئەنجام دەدەن کە ناوی گەڕەکەکەش بهێنن بە مەبەستی گەڕان و پشکنینی چەند ماڵێك بە گومانی ئەوەی کە ڕەنگە تیرۆرست لەو چەند ماڵە خۆیان حەشار دابێت. بۆیە کاتێك ئەو هەواڵە بڵاو دەبێتەوە، تیرۆرستەکان لە ژێر ڕۆشنایی ئەم هەواڵە ڕەنگە شوێنی خۆیان بگۆڕن و ڕزگاریان بێت لەم پلانە ئەمنییە. بەمجۆرە کارە میدیایاکە دەبێتە هۆکاری تیرۆرستان. بەمەش دەزگاکە نەیتوانیووە بەرژەوەندی گشتی بپارێزێت. بۆیە باشترین شت ئەوەیە کە ئەم هەواڵە بڵاونەکرێتەوە.

٢- ئەو هەواڵانەی کە کێشەی ئاینی دەنێنەوە لە نێوان ئاینە جیاوازەکان. بۆنموونە لە گوندێکی دوورە دەست دووگەنج بۆتە شەڕیان لەسەر گفتوگۆیەکی ئاینی و هەر یەکێکیان سەر بە ئاینێکی جیاوازن، لە کۆتاییدا کارگەیشتوتە ئەو ڕادەیەی سوکایەتیان بە ئاینی یەکتر کردووە و کێشەکە گەورەتربووە تا گەیشتوتە حاڵەتی شەڕ کردن. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی چەند خانەوادەیەك تووشی کێشە

بن پاشان ئاشت بونەتەوە و کۆتایی بە کێشەکە هاتووە، بەڵام هەواڵەکە تازە گەیشتوتە دەست دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بۆ خوێنەر و بیسەر و بینەر ڕووداوێکی نوێیە و تازەیە، وەکو ئەخلاق و وەك پاراستنی ئەمن و ئاسایشی تاکەکان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی گشتی هیچ پێویست ناکات میدیا ئەم هەواڵانە بڵاو بکاتەوە یان بارزیان بکاتەوە. ئەگەر هاتوو ئەم هەواڵە پاش چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە بڵاو کرایەوە، ڕەنگە ئەم ململانێیە نوێ بوونەوە بە خۆیەوە ببینێت و لە هەموو شوێنێکی وڵات شوێن کەوتووانی ئەم ئاینانە تووشی کێشە بن و دەرئەنجامی باشی نابێت.

٣- ئەو هەواڵانەی کە هانی لە باربردنی منداڵ و خواردنەوەی مادە کحولییەکان دەدات یان هانی بڵاوبوونەوەی توندوتیژی و نانەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی ئەدەن.

ئەمانە هەموو ئەوبابەتانە بوون کە ڕەنگە هەواڵ بن، بەڵام ناشێن بۆبڵاوکردنەوە، چونکە بەرژەوەندی گشتی و یەکریزی نیشتیمانی دەخاتە حاڵەتێکی ترسناکەوە. لە هەمانکاتدا هەندێك هەواڵ هەیە خزمەت بە نەیارانی وڵات دەکات و ئاسایشی وڵات دەخاتە بەر مەترسیەکی جدییەوە، بۆیە پێویستە ئەم هەواڵانە بڵاونەکرێنەوە یا ڕێی لێ بگیرێت تا بڵاو نەکرێنەوە.

# تایبەتمەندییەکانی هەواڵ

# لە دەزگا جیاوازەکانی ڕاگەیاندن

## یەکەم/ پێگە ئەلیکترونییەکان

١- لەبەرئەوەی لە پێگەئەلیکترونییەکان بڵاوکردنەوەی هەواڵ سەرە کاتژمێر نییە وەکو رادیۆ و تەلەفزیۆن، رۆژانە یان هەفتانە نییە وەکو رۆژنامە، بەڵکو هەرکاتێك ماڵپەرەکە هەواڵێکی نوێی دەستکەوێت پەخش و بڵاوی دەکاتەوە. بۆیە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ماڵپەڕ ئەوەیە بە زووترین کات هەواڵەکە دەگاتە وەرگر. لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانیش هەواڵی بە پەلە بڵاودەکەنەوە،بەڵام هەموو هەواڵێك نا، بەڵکو ئەو هەواڵەی کە زۆرگرنگ بێت بۆجەماوەر. بۆ وەرگرتنی زۆرترین هەواڵ لە رادیۆو تەلەفزیۆن دەبێت وەرگر چاوەڕێ بێت تاکو کاتی دیاریکراوی پێشکەشکردنی هەواڵ لە دەزگاکە. بەلام لە پێگە ئەلیکترۆنیەکان پەخشی هەواڵ نەبەسراوەتەوە بە سەرە کاتژمێر بۆیە رەنگە لە یەك کاتژمێردا وەرگر گوزەرێك بە ناو چەندین ماڵپەر بکات و زیاترین زانیاری دەست بکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە جیهانی ئەمرۆدا لە زۆربەی دەزگا گەورەکانی جیهاندا ماڵپەرەکان بونەتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ دەزگاکانی دیکەی وەکو رادیۆ و تەلەفزیۆن. بۆیە هەمیشە وەرگرەکانی ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان زانیاریان زوتر پێ دەگات لە وەرگرەکانی دەزگاکانی دیکە.

٢- توانای گۆڕین و دەست کاری کردنی هەواڵەکە ئاسانە. ئەگەر هەڵە کرابێت لە داڕشتن یان هەڵەی زمانەوانی هەبێت، دەتوانرێت پێداچوونەوەی بۆ بکرێ و هەڵە و کەموکوڕییەکانی راست بکرێنەوە, جارێکی دیکە بڵاوبکرێتەوە یان دەتوانرێت هەر

لابردرێت.بۆیە پێگە ئەلیکترۆنییەکان وەکو رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆن نییە کە نەتوانرێت دەست کاری بکرێت دوای پەخش کردنی بابەتە پەخشکراوەکە.

٣- ڕووبەر یان قەبارە لە هەواڵی ئەلیکترونی زۆر ڕۆڵ نابینێت وەکو رۆژنامە بۆیە ئەگەر بە درێژیش بنووسرێت کاریگەری لەسەر قەبارەی دارشتنەکە نابێت، بەڵام باشتر وایە بە کورتی بنووسرێت لە بەر وەرگرەکان بۆ ئەوەی بە کەمترین کات زۆرترین زانیارییان پیَ ببەخشیت.

٤- لە هەواڵی ئەلیکترونی دەکرێت دەنگیش هاو پێچی نووسینەکە بکرێت، واتە دەنگی ئەو کەسەی کە لێدوانی داوە دابنرێت. ئەمەش تایبتمەندییەکی باشە و مسداقیەتی زیاتر ئەدات بە هەواڵەکە، هەروەها بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە ئێستا بەشێك لە ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان چالاکی و گردبونەوەکان راستەوخۆ پەخش دەکەنەوە کە لە پاڵ دەزگایەکی تەلەفزیۆنیدا کە ئەمەش تایبتمەندییەکی باش و گرنگە کە لە رۆژنامەدا ئەم تایبەتمەندییە بوونی نییە.

٥- دەتوانرێت وێنە هاوپێچی هەواڵ بکرێت. ئەمەش راستگۆیی زیاتر دەدات بە هەواڵەکە. ئەم تایبەتمەندییە لە رادیۆ نییە. لەلایەکی ترەوەلە پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا دەتوانرێت پارچە ڤیدیۆو فایلی دیکۆمێنتی هاوپێچ بکرێت. ئەم کارە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ گەیاندنی هەواڵەکە، چونکە ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی ئەوەی هەواڵەکە بە پەیامێکی رۆشنتر و جوانتر بە خوێنەران ئاشنا بکرێن. بەهەمان شێوە ئەم تایبتمەندە گرنگە لە تەلەفزیۆنیش بوونی هەیە.

بە گشتی هەواڵی ئەلیکترۆنی کۆمەڵێك تایبتمەندی زۆرباشی هەیە. بەو تایبەتمەندیانەی باسمان کرد راستگۆیی زیاتر بە هەواڵەکە ئەدات. لەگەڵ ئەوەشدا کەم و کوڕی تێدا بەدیدەکرێت وەك: ڕەنگە هەمووکەس نەتوانێت ئەم پێگانە بەکاربێنێت یا دەستی پیَ نەگات یان نەزانێت بە کاری بهێنێت. رەنگە تۆڕی ئینتەرنێت لە هەمووشوێنەك نەبێت. ئەرشیف کردنی ئاسان نەبێت وەکو رۆژنامە وگۆڤارەکان تا لە بازاڕەکان بتوانی بیکڕییەوە لە کاتی پێویستدا.

**دووەم/ تایبتمەندییەکانی هەواڵی رادیۆ**

١- مرۆڤ لە هەر ئاستێکی رۆشنبیری بێت لێی تێدەگات هەتا ئەگەر خوێندەواریشی نەبێت، چونکە بابەتەکان لە رێگای دەنگەوە پە خش دەکرێن ئاراستەی گوێچکەی وەرگر دەکرێت. ئەمە تایبتمەندییەکی زۆرباشە بە تایبەتی بۆ نابیناکان، چونکە نابیناکان ناتوانن سودمەندی رۆژنامەو ماڵپەڕ و تەلەفزیۆنەکان بن یا بە ئاسانی سودمەند نابن لێیان.

٢-بە ئاسانی دەگاتە دەست وەرگر، چونکە وەکو رۆژنامە نییە خوێنەر بچێت لە بازاڕ بیکرێت یان وەکو تەلەفزیۆن یان ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان نیە کە وەرگر بە دیاریانەوە دابنیشێت ، بەلکو لە هەر شوێنێك بیت لە شوێنی کار یان ناوئۆتۆمۆبێڵ یان ماڵەوە، دەتوانی گوێبیستی بابەتە پەخش کراوەکانی رادیۆ بی بە بێ ئەوەی کاتت لێ ببات یان تێچووی هەبێت. کە ئەم تایبتمەندیە گرنگییەکی زۆری هەیە هەمەش بۆتە هۆی ئەوەی تا ئەم رۆژگارەش رادیۆ کێرڤی خۆی بە تەواوی لە دەست نەدات هەم بۆ وەرگرەکانیش گرنگە کە لە کاتیان ناگرێت

٣-لە چاو رۆژنامە زۆر زووتر دەگاتە دەست وەرگر، چونکە زۆربەی سەرە کاتژمێرێك رادیۆ هەواڵ پەخش دەکات. ڕەنگە ئەمە بۆ رۆژنامە کارێکی مەحاڵ بێت، چونکە رۆژنامە تەنها رۆژی یەکجار چاپ دەکرێت، کە زۆربەی جار هەواڵە چاپ کراوەکە هەواڵی رۆژێك پێشووتر بووە و هەواڵی ئەو رۆژە نییە کە ژیانی تێدا دەگوزەرێ, دەتوانین بڵێین" هەواڵەکە بە گەرما و گەرمی ناگاتە خوێنەرەکانی. بۆیە زۆرجار بۆئەو کەسانەی گوێبیستی هەواڵی رادیۆی دەبن هەواڵی رۆژنامە بە لای ئەوانەوە هەواڵێکی کۆنە و تازە نییە.

٤- لە رادیۆدا لەگەڵ هەواڵەکە دەتوانرێت دەنگیش پەخش بکرێت بە تایبەتی دەنگی ئەوکەسانەی کە لێدوانیان داوە بۆرادیۆیەکە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو.

ئەمەش دیسان مسداقیەتی زیاتر ئەدات بە هەواڵەکە کە ئەم تایتمەندییە لە رۆژنامە نیە. لەوانەیە بگوترێت کە لە رۆژنامەش هەمان دەنگ تایپ دەکرێت بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە رۆژنامەنووسەکە دارشتنەوەی بۆ لێدوانی کەسەکە کردبێت بۆیە زۆر جار ماناکە وەك خۆی ناگات وەکو ئەوەی کە لە رادیۆدا هەیە.

٥- رادیۆ تێچووی نییە بۆ وەرگر، بەڵام ئەو کەسانەی پشت بە هەواڵی رۆژنامە دەبەستن دەبێت مانگانە پارەی کڕینی رۆژنامە بدەن. لە رادیۆدا تێچووی ماددی نییە تەنها بۆ یەکجار گوێگرەکە رادیۆیەك دەکڕێت و بەردەوام بەکاری دەهێنێت.

بە گشتی هەواڵی رادیۆ کومەڵێك تایتمەندی زۆر باشی هەیە وەکو: تازەیی، مسداقیەتی زیاتر، زووتر گەیاندنی پەیام بە ئاسانی وەرگرتنی پەیام لە لایەن وەرگرەکانەوە...،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێ کەم و کوڕی نییە. بۆنموونە ئەرشیف کردنی هەواڵی رادیۆ قورسە وە هەروەها زۆری پرۆگرام وبابەتەکان دووبارە نابنەوە بۆیە وەرگر ناتوانیت دووبارە بگەرێتەوە سەری ئەو زانیاریەی کە پێویستی پێەیەتی وەکو سەرچاوە بەلام لە رۆژنامەدا ئەم کردارە ئاسانە و ئەرشیف هەموو کات بەردەستە و بە وردی دەتوانی جارێکی دیکە سود لە بابەتە بڵاوکراوەکە وەربگری دەستت بە زانیارییەکان بگاتەوە.

## سێیەم/ تایبتمەندییەکانی هەواڵی رۆژنامە.

١- یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی هەواڵی رۆژنامە ئەوەیە کە کات رۆڵی تێدا نابینێت، واتە هەر کاتێك خۆێنەرەکە ویستی دەست ئەدات بە رۆژنامەکە و ئەیخوێنێتەوە. واتە مەرج نیە وەرگرەکە وەکو رادیۆ و تەلەفزیۆن تەنها لە سەرە کاتژمێرەکان بتوانێت گوێبیستی هەواڵەکە بێت، بەڵکو هەر کاتێك ویستی ئەتوانێت زانیاریەکانی ناو رۆژنامەکە بخۆێنێتەوە.

٢- بە ئاسانی ئەرشیف دەکرێت وئەرشیف کردنی هیچی تێ ناچێت. وە ئەمە خەسلەتێکی دیاری رۆژنامەیە

٣-وێنەی ڕووداوەکە هاوپێچ دەکرێت کە مسداقیەتی زیاتر ئەدات بە هەواڵەکە، کە ئەم تایبتمەندییە لە هەواڵی ڕادیۆی نییە.

٦- زۆر جار کە کەیسێك لە دادگان هەیە دەگەڕێنەوە سەر ئەرشیفی دەزگاکە. ئەرشیفی ڕۆژنامەش لای داداگاکان باوەر پێکراوترە لە ئەرشیفی ڕادیۆ و ماڵپەرەکان چونکە دەست کاری ناکرێت بەڵام ئەرشیفی ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان و ڕادیۆش دەتوانرێت بگۆردرێت

بەگشتی هەواڵی ڕۆژنامە چەند تایبتمەندییەکی باشی هەیە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە کەموکوڕی بێ بەش نییە. بۆنموونە بە ئاسانی ناگاتە دەست وەرگر وەکو هەواڵی ڕادیۆی و تەلەفزیۆن. هەمووکەس ناتوانێت سودمەند بێت لێی. بۆنموونە ئەو کەسانە خوێندەواریان نییە یان نابیانان یان لە ڕووی جوگرافییەوە دوورن لەسەنتەری شارەکان یان ئەو شوێنەی ڕۆژنامەکەی لێ دەردەچێت.

## چوارەم/ تایبەتمەندی هەواڵی تەلەفزیۆن

١- کاریگەری زۆر زیاتری هەیە لە هەریەك لە دەزگاکانی (ڕادیۆ و ڕۆژنامە و ماڵپەرە ئەلیکترونییەکان) بە هۆی ئەوەی لەیەك کاتدا (دەنگ و ڕەنگ)ی ڕووداوەکە پەخش دەکرێت، کە ئەمە کاریگەری زۆر دەخاتە سەر وەرگرەکان و دیمەنەکان بۆ ماوەیەکی زیاتر لە هزری وەرگرەکان دەمێننەوە.

٢- هەواڵی تەلەفزیۆن خێراتر لە هەواڵی ڕۆژنامە دەگاتە دەست وەرگرەکانی، لەگەڵ ئەوەی لە ئێستادا ئەگەر هەواڵێك بۆکۆمەلگاکە گرنگ بێت، ئەوە بەبێ گوێ دانە کات دەزگاکە ڕووماڵی تایبەتی بۆدەکات و زۆرترین زانیاری بە زووترین کات دەدات بە وەرگرەکانی.

٣-هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگە لێی تێدەگەن، چونکە ڕووداوەکان بە شێوەی دەنگ و ڕەنگ پەخش دەکات. ئەمەش دیسان وەك ڕادیۆ گرفت بۆ ئەو کەسانە

دروست ناكات كه نەخۆێندەوارن لە ئێستادا نابیستانیش ل هەواڵی تەلەفزیۆنی تێدەگەن بە نموونە زۆرجار لە كەناڵە ئاسمانییەكانی جیهان دەبینین ، هەواڵەكانی بە شێوەی زمانی جەستە بۆ كەسە نابیستەكان پەخش دەكات، ئەمەش لە رێگای گۆشەیەكی سكرینەكە ئەنجام دەدرێت كە كەسێكی پسپۆڕ بە شێوەی زمانی جەستە پەیامەكان دەگەینێت بە نابیستەكان لە هەمان كاتدا ڤیدیۆكەش پەخش دەكرێت كە ئەمە تایبتمەندیەكی جیاكەرەوەی تەلەفزیۆنە لە دەزگاكانی دیكە.

٤-بە هۆی ئەوەی رووداوەكان بە دەنگ و ڕەنگ پەخش دەكرێت مسداقیەتی زیاتر دەدات بە هەواڵەكە. ئەم تایبتمەندییە لە رۆژنامەو رادیۆدا نییە.

لەگەڵ ئەو هەموو تایبتمەندییە پۆزەتیڤانەش،بەلأم هەواڵی تەلەفزیۆنیش بێ كەموكوڕی نییە و كۆمەڵێك خاڵی نێگەتیڤی تێدایە. بۆنموونە بە ئاسانی ئەرشیف ناكرێت، هەركاتێك وەرگر ویستی دووبارە بە زانیارییەكان بگاتەوە لە تەلەفزیۆن رەنگەدەستی نەكەوێتەوە. پەخشی تەلەفزیۆن لە هەمووشوێنێك نییە.لە هەندی شوێنی جیهاندا نەبوونی كارەبا و لە هەندی شوێنی دیكەش قەدەغە كردنی ئامێری سەتەلایت گرفتێكی دیكەیە بۆ وەرگرەكانی تەلەفزیۆن

# نووسینی ژمارە لە ناوهەواڵدا

زۆرجار بەشێك لە زانیارییەکانی ناو هەواڵ داتا و ژمارەن.ئەم ژمارانەش زۆرجار ژمارەی گەورەن، واتە خوێندنەوەیان بۆخوێنەر یان بۆ بێژەری تەلەفزیۆن یا رادیۆ رەنگە ئاسان نەبێت. بۆیە دوور نییە بێژەرەکە هەڵە بکات لە کاتی خوێندنەوەی هەواڵەکەدا. ئەم حاڵەتەش خۆش نابێت یان ئاسایی نابێت بۆ هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن بە تایبەتی ئەگەر دەزگا دەزگایەکی بە ناوبانگ و خاوەن بینەرێکی زۆر یان وەرگرێکی زۆر بێت. بۆیە وا چاکە نووسەری هەواڵەکان کاتی هەواڵەکە دادەڕێژێت بە ئاسانترین شێوە ئەم ژمارانە بکات بە نووسینی ژمارە، هەم بۆ بێژەرەکە و هەم وەرگرەکانیش ساناتر دەبێت. بۆنموونە (٢٢,٧٨٥,٣٢٥)دۆلاری ئەمریکی. پێویستە بەم شێوە بنوسرێت لە کاتی دارشتنی هەواڵەکە ٢٢ملیۆن و٧٨٥هەزارو٣٢٥دۆلاری ئەمریکی. بەم شێوەیە خۆێندنەوەی ئەم ژمارە زۆر ساناو ئاسان دەبێت لە ناو هەواڵەکەدا. یاخود باشتر وایە بە نزیکی بنووسرێت بۆنموونە (٣,٠١٠,١٢٣) دیناری عێراقی بگوترێت زیاتر لە سێ ملیۆن دیناری عێراقی. هەم بۆخۆێنەرو هەم بۆبێژەری هەواڵیش ئاسانتر دەبێت.

سەبارەت بە ژمارە کەرتەکان باشتر وایە نووسەرەکە بە شێوازی نووسین بینوسێت بۆ نموونە: دوو لەسەرسێی گەنجانی تورکیا، جگەرە دەکێشن.

هەروەها ناوی رۆژەکانی هەفتەش بە نووسین بنووسرێت باشترە بۆنموونە رۆژی چوارشەممە یان رۆژی پێنج شەممە. وە گرنگیشە لە مانشێت یەك ژمارە بنووسرێت نەك دوو بۆ نموونە:

لە ساڵی ٢٠١٧ زیاتر لە ٩٨٥ گەشتی ئاسمانی لە کوردستان ئەنجام دراون

دەبینین ئەم ژمارەیە بۆ شاشە و مانشێت ناشرینە بۆیە واباشترە بنووسرێت (ساڵی رابردوو زیاتر لە ٩٨٥ گەشتی ئاسمانی لە کوردستان ئەنجام دراون)

# چۆنیەتی ڕوومالْکردنی هەوالْی تەقینەوەکان

# یان کارەساتە ناخۆشەکان

هەندی هەوالْ هەیە تایبەتمەندی خۆی هەیە دەبێت رۆژنامەنووس زۆر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات. بۆنموونە هەوالْی تەقینەوەکان و کارەساتە ناخۆشەکان، چونکە دواجار کار دەکاتە سەر ئاسایشی نەتەوەیی و ڕەنگە ترسێکی گەورە لە دڵی هاووڵاتیان بچەسپێنێت. بۆیە باشتر وایە لە کاتی ڕوومالْکردنی ئەم جۆرە هەواڵە رۆژنامەنووسەکە خۆی لە کۆمەڵێك دەستەواژە بپارێزێت کە کاریگەری نەرێنییان بۆ سەر کۆمەلگا هەیە ، بەر لە هەمووشیان پاراستنی گیانی خۆی. بۆ نموونە لە کاتی ڕوودانی تەقینەوەیەکی خۆکوژی. یاخود دوای دروست بوونی شەڕێك کە شەڕی گوللە مابێت و کۆتایی بە ڕووداوەکە نەهاتبێت. پێویستە رۆژنامەنووسەکە گیانی خۆی بپارێزێت پێش هەموو شتێك. دوای پاراستنی گیانی خۆی ئەوەی پێویستە لەسەر رۆژنامەنووس بیکات رووماڵی هەواڵەکەیە. ئەگەر رووماڵەکە راستەوخۆ بێت، دەبێت رۆژنامەنووسەکە لانی کەم رەچاوی ئەم چەند خاڵەی لای خوارەوە بکات:

١- نابێت بە گوێرەی بیرکردنەوەی خۆی و بە بێ ئاماری فەرمی، قەبارەی رووداوەکە گەورە بکات. یان وەسفی رووداوەکە بکات. بۆنموونە بڵێت لە ئەنجامی

زنجیرە تەقینەوەیەك زیاتر لە ٢٠ كەس شەهید بوون، كە رەنگە لە واقیعدا رووداوەكە بچووكتر بێ لەم زانیاریە.یاخود تەنها بۆ وەسفكردنێكی كاریگەر وەسفی زیادی رووداوەكە بكات كە كاریگەری خراپی هەبێت بۆ سەر وەرگرەكان، دڵە راوكێ و ترس لە دڵیان دروست بكات و كار بكاتە سەر لایەنی دەروونی دانیشتوانی شارەكە.

٢- وێنەی شەهیدەكان نیشان نەدات كە كاریگەری خراپی لەسەر تاكەكانی كۆمەڵگا دروست بكات ، چونكە مەرج نییە هەموو دیمەنێك وەك خۆی نیشان بدرێت بە تایبەتی ئەو دیمەنانەی كە كاریگەری سلبی بەسەر خەڵكەوە جێبهێڵێت.

٣-رێگاكانی چوون بۆ ئەو شوێنە بە كامێرا نیشان نەدرێت، چونكە رەنگە تیرۆرستان ئەمە بەشێكی كارەكەیان بووبێت، بەشێكی دیكەی مابێت. رەنگە نیشان دانی رێگاكان وەكو خۆی ئاسان كارییەك بێت بۆ تیرۆیستان تا سوودی لێ ببینن بۆكرداری دیكەی هاوشێوە لە رێگای تەلەفۆن و خانە نوستوەكانیان.

٤- لە رێنمایەكانی ئاسایش دەرنەچن. بۆنموونە ئەگەر ئاسایش زانیاری زیاتری لابوو، پیان باش بوو راستەوخۆ نەگوازرێتەوە، باشترە لە ژێر رێنمایی ئاسایشدا بن لە پێناو بەرژەوەندی گشتی.

٥- لێدوان تەنها لەسەر چاوەی فەرمیەوە وەربگرێت، نەك قسەی شایەتحاڵ. قسەی شایەتحاڵ دەبێت بە لێدوان و دەشێ وتەكانی وەربگیرێت،بەلاّم بۆئەو هەوالانەی كە پەیوەندییان بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە باشترین هەنگاوی كاركردن كە بكرێت سەرچاوە فەرمییەكانە كە رۆژنامەنووس پشتی پێ ببەستێت.

# جۆرەکانی هەواڵ لە رووی بابەتەوە:

## یەکەم/ هەواڵی ڕامیاری (سیاسی):

لە جیهانیی رۆژنامەگەریدا هەواڵی سیاسی پشکی شێری بەرکەوتووە. بە هۆیەی ئەوەی جموجۆلە سیاسییەکان پەیوەندییان بە تاك بە تاکی مرۆڤەکان و شارەکان و دەوڵەتەکان و کیشوەرکان هەیە. بۆیە هەواڵی رامیاری کاریگەری لەسەر ژیان و گوزرانی تاکەکان دەبێت. پێگەی هەواڵی سیاسی کاریگەرییەکی گەورەی هەیە، چونکە هەواڵە سیاسییەکان کاردەکەنە سەر ئابوری و ئاسایشی وڵاتان، بە تایبەتی لە ناوچە کێشەدارەکانی جیهان. بۆنموونە لە عێراق دەبینین لە کاتی رێکنەکەوتنی لایەنە سیاسییەکان کێشەکان قوڵتر دەبنەوە تا کاردەگاتە ئەو رادەی کە پەیوەندی بە هەمووتاکەکان دەبێت. بۆنموونە بە هۆی کێشەی سیاسیەوە, حکومەتی عێراق بەشە بودجەی هەرێم دەبڕێت. بەم هۆیەوەش موچە دوا دەکەوێت و کاریگەریەکی نێگەتیڤ لەسەر تەواوی خەڵکەکە دادەنێت. ئەمە دەمانگێنێتە ئەو راستییەی کە کێشە سیاسیەکان کاتێك قوڵ دەبنەوە، کاریگەری دەکاتە سەر هەموو ئەندامانی هەر ولاتێك بە تایبەتی ئەو ولاتانەی کە پشت بە دەستور و یاسا نابەستن. بۆیە تاکی ئەو کۆمەلگایانە دەکەونە ژێر کاریگەری هەواڵە سیاسییەکان دەبنە بەشێك لە پرۆسەکە بە ناراستەوخۆیی

**دووەم/ هەواڵی ئابووری**

لەراستیدا ئابووری بەستراوەتەوە بە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگاوە، چونکە لە هەواڵی ئابوریدا باسی بێ کاری ، نرخی سوتەمەنی ، موچەی کارمەندانی حکومی ، زیاد کردنی موچەی خانەنشینی ، دواکەوتنی موچە ، نرخی خۆراك, جموجۆڵە بازرگانییەکان,پێدانی پێشینەکانی هاوسەرگیری، قەرزی بچوك، پێشینەی خانووبەرە،بوژانەوەی کەرتی تایبەت و سیاسەتی ئابوری وڵاتان دەکات. ئەمانە چەند تەوەرێك بوون کە پەیوەندیان بە ژیان و گوزەرانی هەموو خەڵکەوە هەیە. هەندێ جاریش پەیوەندی بەئابووری وڵاتێکەوە هەیە. هەواڵی ئابوری بەشێکی گرنگی دونیای هەواڵە ، خاوەن بیسەر و خوێنەر و بینەرێکی گەورەی خۆیەتی لە جیهاندا.زۆر جار کەسانی بواری ئابووری وا وەسفی هەواڵی ئابووری دەکەن کە دەڵێن هەواڵی سیاسی بە خەڵك دەڵێت چی روویداوە ؟ واتە ئەوە بۆ وەرگرەکان ڕوون دەکاتەوە کە لە ڕابردوودا روویداوە بەڵام هەواڵی ئابووری بە وەرگرەکان دەڵێت چی روودەدات؟ واتە لە داهاتوودا چی روودەدات. لە بەر ئەوە هەواڵی ئابووری پێگەیەکی گەورەی هەیە لە جیهانی رۆژنامەوانیدا

لێرەدا گرنگە ئەوانەی لە هەواڵی ئابووری کاردەکەن لانی کەم شارەزای زارەوەکانی بواری ئابووری بن. ئاگاداری بودجەی گشتی ساڵانەی وڵاتەکەیان بن. هەواڵەکە بە زمانێك بنوسرێت و بخوێندرێتەوە کە جەماوەر لە هەموو ئاستێکی رۆشنبیری لێ تێ بگات، چونکە زاراوەکانی ئابووری تایبەتمەندی خۆیان هەیە و ڕەنگە هەموو کەس تێیان نەگات. بۆیە گرنگە لە ڕووی دەربڕین و نووسینەوە وابنوسرێت تەنانەت ئەگەر وەرگرەکە نەخۆێندەواریش بێت لە ناوەرۆکی هەواڵەکە بگات.

### سێیەم/ هەواڵی هونەری

هونەر بوارێکی زۆری داگیرکردوە لە ناو دونیای ڕاگەیاندا هەر لە گۆرانی و نمایشی فیلم و کەرتی سینەما و تەنانەت ئەدەبیاتیش, بۆیە هەواڵی هونەری گرنگی خۆی هەیە. هەواڵی هونەری کە زۆرجار هەواڵی تەرفیهی دەبێت یان هەواڵی ئەستێرەکان یان هونەرمەندە دیارەکان. لای هەمووانیش روونە تەرفیهی لە هەموو جیهاندا پانتاییەکی گەورەی داگیرکردووە، جەماوەری هەواڵی هونەری زۆرن چونکە ڕەنگە هەموو جەماوەری هەواڵی سیاسی و ئابوری لە هەمان کاتدا جەماوەری هەواڵی هونەریش بن یان هەندێ جار خاوەن جەماوەرێکی تایبەتن بە تایبەت لە ناو گەنجان. ئەو جەماوەرانە بە تامەزرۆوە چاوەروانی هەواڵی ئەستێرەکان وهونەرمەندە دیارەکان دەکەن. وە لەگەڵ ئەوەشدا هەواڵی هونەری چونکە بۆخۆشی و تەرفیهییە بۆیە بەبەردەوامی جەماوەرێکی گشتیشی هەیە.ئەمەش وایکردووە کە ئەمرۆ لە جیهاندا چەندین کەناڵی تایبەت بە هونەر و هونەرمەندان بوونیان هەبێت

### چوارەم/ هەواڵی کارەساتە ناخۆشەکان

ئەو رووداو کارەساتە ناخۆشانەی کە کاریگەری لەسەر تاك و کۆمەڵگا دروست دەکەن، دەبنە هەواڵ. وەکو: تەقینەوەکان، دۆزینەوەی گۆرە بە کۆمەڵەکان، شەری نێوان خێڵە گەورەکان، کردەوە تیرۆستییەکان، ڕوودانی بومەلەرزە و کارەساتە سروشتیەکان،وەرگەڕانی ئۆتۆمۆبیل،کەوتنە خوارەوەی فرۆکە، شەڕ و پێکدادانەکان.... هتد. ئەمانە هەواڵی گەرم وگۆڕن. بۆیە پانتاییەکی فراوانی لە ڕووی بینەر و بیسەر و خوێنەر بۆ خۆی کێش کردووە.

لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە هەواڵانە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا زۆرن، باشترە نووسەری هەواڵ لە کاتی دانانی ئەم جۆرە هەواڵانە بەوریاییەوە هەواڵەکە دابڕێژێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکات ، بۆئەوەی کەمترین کاریگەری لەسەر ناخی مرۆڤەکان هەبێت. هەروەها لایەنی دەروونییان نەشێوێنرێت بە تایبەتی هەواڵی کردە تیرۆرستییەکان، کە دەبێت نووسەر رێگا نەدات هەموو وێنە و ڤیدیۆیەك بلاو ببێتەوە لە دەزگاکەی.

## پێنجەم/دەنگوباسی کەسایەتییەکان

سروشتی مرۆڤ وایە و حەز دەکات کە زانیاری دەربارەی کەسایەتی و سەرکردەکان بزانێت، دوور لە سیاسەت. بۆیە زۆر جار ئەو قسەو گوفتارانەی کە سەرکردەکان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەیکەن کە دوورە لە کاری سیاسەت، دەبێتە هەواڵ. ئەمەش چێژێکی تایبەتی هەیە بۆخوێنەر و بیسەر و بینەر بە تایبەتی لە گۆڤارەکان دەنگوباس کەسایەتییەکان زۆر گرنگی پێ دەدرێت بە هۆی گونجاوی قەبارەی گۆڤار بۆ بابەتی تەرفیهی ، لە هەمانکاتدا بلاوکردنەوەی وێنەی زیاتر و کۆمێنتی زیاتر لەسەر بابەتەکە، یاخود وتەی سەرکردەکە.

## شەشەم/ هەواڵی تەندروستی

کاتێك مرۆڤ بە هۆی مردنی ئاسایی یان گەورە بوونی تەمەنیەوە دەمرێت، نابێتە هەواڵ. بەڵام ئەگەر کۆمەڵێك مرۆڤ بە هۆی نەخۆشییەکی کوشندەوە گیان لە دەست بدەن، یاخود بە هۆی داو دەرمانێکی ماوە بە سەرچوو ژیانیان لە دەست بدەن، یان ئەندامێکی لەشیان لە دەست بدەن، دەبێتە هەواڵ. راگەیاندنەکان گرنگی بەم جۆرە هەواڵە ئەدەن لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەر و دووبارە نەبوونەوەی ئەم نەخۆشییە یان حاڵەتەکانی هاوشێوەی.

لە کوردستانیش ئەم جۆرە رووماڵکردنەمان زۆرە: وەکو ئەوە حاڵەتە چاوەڕوان نەکراوەی لە کاتی بەکارهێنانی دەرزی ئاڤاستین لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی کوردستان ڕوویدا کە کۆمەڵێك نەخۆش تووشی زیانێکی گەورەی جەستەیی بوون، چونکە چەندین کەس لە ئاکامی بەکارهێنانی ئەو دەرزییە تووشی نابینابوون و لە دەستدانی چاوەکانیان بوون. هەروەها چەند کەسێك بە هۆی ئەم هەڵە کوشندەیە دوچاری دەرهێنانی چاوکانیان بوون. ئەم ڕووداوە بۆماوەی چەند مانگێك بابەتی سەرەکی و هەواڵی یەکەمی گشت دەزگاکانی راگەیاند بوو لە کوردستان.کە چالاکی جۆراو جۆر دەکرا بۆ ئەوەی ئەم حالەتە دووبارە نەبێتەوە وەکو خۆپیێشاندان و دەرکدرنی بەیان نامە. بە هۆی ئەم گرنگی پێدانەی میدیای بە بابەتەکە، کار گەیشتە ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین ملیۆن دۆلار خەرج بکات لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەری ئەم گرفتە گەورەیە و قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتوان. جگە لە دەزگاکانی ڕاگەیاند هەموو دامودەزگانی وڵات، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەزگا رۆشنبیری و فیکرییەکان، لایەنە زانستی و ئەکادیمییەکان...، بایەخێکی زۆریان بەو رووداوە دا، چونکە پەیوەندی راستەخۆی بە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگاوە هەبوو.

هەواڵی تەندروستی پانتاییەکی فراوانی هەیە لە سەر ئاستی جیهان، چونکە بوارێکی سەرەکی و گرنگە لە ژیانی مرۆڤەکاندا. لە هەمانکاتدا پارێزگاری کردنە لە بڵاونەبوونەوەی نەخۆشی ترسناك لە کۆمەڵگاکاندا، چونکە بەشێکی هەواڵی تەندروستی رێنمایی و ئاگادار کردنەوەیە بۆ مرۆڤەکان تا دوور بکەونەوە لەو کارەساتانەی کە زیان بە خۆیان و کۆمەڵگاکەیان دەگەینێت.

## حەوتەم/ هەواڵی وەرزشی

بە هۆی زۆری وەرگر و لایەنگری لە بواری وەرزشدا ئێستا هەواڵێ وەرزشی بۆتە بەشێکی تایبەت و نەشرەیەکی جیاوازی زۆربەی دەزگاکانی راگەیاندن. کردنەوەی چەند کەناڵێك یان رۆژنامەیەکی تایبەت بە هەواڵێ وەرزشی بە ئاستی سێیەمی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند[٤]. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری خوێنەر و بینەر وبیسەری ئەم بوارە لە جیهاندا. زۆربوونی جەماوەری ئەم بوارە بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە وەکو کاتێکی تەرفیهی بەکاردێت لە لایەن جەماوەرەوە.

## هەشتەم/ هەواڵە توندوتیژییەکان بە گشتی

ئێستا هەواڵی توندوتیژی لە وڵاتە کێشەدارەکان زۆر بووە، زۆرجار پشکی گەورەیان بەرکەوتووە لە بلاوکراوەی هەواڵەکان. هەر لە هێرشی چەکدارە تیرۆریستییەکان ،هەواڵی دەست درێژییە سیکسییەکان ، دروست بوونی گروپە توندڕەوەکان و کوشتنی مرۆڤ بە شێوازی جیاواز وئاوارە بوونی خەڵك و ئەزیەت دانیان. ئەم کردەوانە ڕێژەیان زیادی کردووە بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەراست. ئەم هەواڵانە بە گشتی ئێستا زۆربوونەتە جێگای گرنگی بۆ میدیاکاران و رۆژنامەنوسان لە سۆشیال میدیادا بە تایبەتی ئەم جۆرە هەواڵە باوە.

---

٣- راگەیاندنی تایبەتمەند: سێ ئاستی هەیە ئاستی یەکەمی راگەیاندنی تایبەتمەند ئەوەیە کە بۆنموونە لە رۆژنامەیەکدا لاپەرەیەکی تایبەت بە وەرزش هەبێت ئاستی دووەمی راگەیاندنی تایبەتمەند ئەوەیە کە بۆنموونە رۆژنامەیەکی تایبەت بە وەرزش هەبیت بە هەمووجۆرەکانی وەرزش بەڵام ئاستی سێ یەمی راگەیاندنی تایبەتمەند ئەوەیە کە رۆژنامەیەکی تایبەت بە وەرزش هەبیت تەنها باسی یاری تۆپی پێ بکات واتە بابەتەکانی دیاریکراون.

## نۆیەم/هەواڵی سەیرو سەمەرە یاخوود سەرەنج ڕاکێش

هەمووئەوشتانەی کە لە دەرەوەی یاسا ئاساییەکانی ژیانن و سەرنج ڕاکێشن. یاخود حاڵەتێکی نویٚ و تازەیە و نامۆیە، دەبێتە هەواڵ. بۆنموونە لە دایك بوونی گورگێکی ڕەنگ سپی لە جۆرجیا. لە ئەوروپا پیاوێك منداڵی دەبێت. مرۆڤێك پاش سیٚ رۆژ لە گۆڕستان بە زیندووی دەردەهێنرێت. ئافرەتێك بە جارێك (٧) منداڵی دەبێت.ئەمانە هەمووجێگای تێڕامان و سەرنج ڕاکێشانن بۆ جەماوەر. بۆیە لە ئێستادا گرنکی بەم جۆرە هەواڵانە ئەدرێت بۆ زاخاوی مێشکی وەرگر و پێگەیاندنی زانیاری پێیان و ئاشنا بونیان بە شتی سەیرو سەمەرە.

دەیەم/ هەواڵی جۆراوجۆری دیکە

ئەم هەواڵانە لە ئێستادا بوونیان هەیە لە ناو گەڕی هەواڵەکاندا وەك: دۆزینەوەی پارچە شوێنەوارێك لە گەرمیان. داواکردنی خەڵك بۆخزمەتگوزاری زیاتر لە حکومەت. دۆزینەوەی نامەیەکی دەست نووسی کۆن. چاکردنی ناوچە شوێنەرواریەکانی کوردستان.هەواڵە ڕۆشنبیرییەکان و دیبەیت و سیمینارەکان و هەواڵە فیکرییەکان وهەواڵەکانی پەروەردەو فێرکردن و ئاینی و ئەدەبی و سەندیکا وکۆمەڵەکان... هتد

## یانزەهەم/ هەواڵی کۆمپانیاکان

کاتێك کۆمپانیاکان داهێنراوێکی نوێ دادەهێنن لە بوارەکێدا پێویستیان بەوە هەیە داهێنراوەکەیان ببێتە هەواڵ و دەنگۆی داهێنراوەکە لە ناو خەڵك پەخش و بڵاو ببێتەوە وەکو: داهێنانی ئۆتۆمۆبیلێکی بەها بەرز. مۆبایلێکی جۆری زیرەك ، یاخود هەر داهێنراوێکی تازە کە کۆمپانیا جیاوازەکان دروستی دەکەن. واتە بە گشتی کەرەستە داهێنراوەکان دەبنە هەواڵ. ئەوەی شایانی باسە زۆر جار ڕوومالکردنی ئەم جۆرە هەواڵانە دەچێتە چوارچێوەیی ریکلامەوە بەوەی دەزگاکە

وەسفی داهێنراوەکە دەکات و لۆگۆی کۆمپانیاکەش دادەنێت لەگەڵ رووماڵکردنەکە. بۆیە زۆرجار بەڕێوەبەری دەزگاکە یان سەرنووسەری دەزگاکان ئەم هەواڵانە پەخش و بڵا و ناکەنەوە لە لایەن دەزگاکەیەنەوەبە بیانووی ئەوەی دەچێتە چوارچێوەی ریکلام بۆکۆمپانیاکە.

لەراستیشدا گرنگە ئەم داهێنراوانە بچنە ناو خەڵکەوە، بۆئەوەی هاووڵاتیان لە خزمەت گوزاریەکانی داهێنراوەکە سودمەند بن. زۆر جار کۆمپانیاکان دیاریەك یان برێك پارە ئەدەن بە دەزگاکان یان رۆژنامەنووسەکان بۆئەوەی هەواڵی داهێنراوەکەیان لە زۆرترین دەزگا بڵاو ببێتەوە. ئەمەش زۆرجار قسەی لەسەرە بەوەی کە رۆژنامەنوسەکە کەوتۆتە ژێرکاریگەری کۆمپانیاکە و بەرتیلی وەرگرتوە. رەنگە ئەمەش شتێکی باش نەبێت بۆناوبانگی رۆژنامەنووسەکە. بە گشتی دەکرێت بێ وەرگرتنی دیاریش دەزگاکان ئەم هەواڵانە پەخش و بڵاو بەکەنەوە بەوەی هاندانی تێدایە بۆداهێنەران و سودی گشتیشی هەیە بەوەی خەڵکە سود لە داهێنراوەکە وەردەگرێت.لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ هەواڵی دیکە هەیە کە دەزگاکە بە فەرمی گرێبەست دەکات لەگەل کۆمپانیاکە و برێك پارەی لێ وەردەگرێت ئینجا هەواڵەکە دادەبەزێنێت بەڵام ئەمە لە حاڵەتێکدا ئەگەر کۆمپانیایەکی جیهانی لقێك لە شارێکی دوورە دەست بکاتەوە و بیەوێت بە بازاڕ کردن بکات لەم شارە ناچار دەبێت لەگەل کەناڵێك گرێبەست بکات کە لە هەمان شار کە لقی کۆمپانیاکە دەکاتەوە بۆنموونە کردنەوەی لقی سەرەکی تویۆتا یان سامسۆنگ، کە رۆژی کردنەوەکەی رێورەسمێکی گەورەی بۆ رێك دەخات لەسەر ئاستی شارەکە ناچارە برێك پارە بدات بە ریکلام تا لە رێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندن بازاڕ بۆ کاڵاکە بدۆزێتەوە

# ڕێگاکانی بە دەست هێنانی هەواڵ لە کوردستان

ئێستا بە هۆی پێشەکەوتنی ئامێرەکانی تەکنەلۆجیا وەکو: مۆبایلی زیرەك ،ئایپاد, ئینتەرنێت، مانگە دەستکردەکان،کۆمپیتەر، تەنانەت (**sng**)، کاریگەریەکی زۆریان کردۆتە سەر دەستکەوتنی هەواڵ بۆ ڕۆژنامەنووسان. هەروەها بەهۆی ئەم کەرەستانەوە بە ئاسانترین شێوە هەواڵەکە بۆ ناوەندی دەزگاکە دەگوازرێتەوە دواتر دەکرێتەوە.

## بە گشتی لە کوردستان چەند ڕێگایەك هەیە بۆ دەستخستنی هەواڵ

### ١- کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکان

کۆنگرە ڕۆژنامەنوسیەکان بە یەکێك لە سەرچاوە سەرەکیەکانی هەواڵ لە کوردستان دادەنرێت بۆ ڕۆژنامەنووسان، بە تایبەت لە کاتی هەبوونی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی بۆ یەکێك لە سەرکردەکان،یان بۆ بەرپرسی دەزگاکانی حکومی،کەسایەتی و ریکخراو وسەندیکاکان، سەرکردەی حزبەکان، دەزگا فەرمییەکانی کوردستان، کە لێدوان و ڕوونکردنەوە بۆ ڕۆژنامەنووسان ئەدەن. ئەم جۆرە هەواڵە لەبەر ئەوەی سەرچاوەکەی دیارە مسداقیەتی زیاتری هەیە لەو هەواڵەی کە سەرچاوەکەی نادیارە.ناوەڕۆکی لێدوانەکە لە دەزگاکان ڕاگەیاندن دەبێتە هەواڵ و بڵاودەکرێتەوە. لە بەر ئەوەی لە ئێستادا میدیا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لەسەر کۆمەڵگا ودەسەڵاتەکان و تەنانەت لە سەر بازارەکانی جیهانیش ، بۆیە کار گەیشتۆتە ئەوەی دەسەڵاتدارەکان و کەسایەتیەکان و سیاسیەکان، زانیاریەکان لای خۆیان نەهێڵنەوە و بۆدەزگاکانی بدرکێنن لە ڕێگەی چەندکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیەوە. بەمەش ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکان سودمەند دەبن و لەهەمان

کاتیشدا دەزگاکان و کەسایەتییەکان پەیامی خۆیان دەگەیێنن. واتە دەکرێت بڵێین کارەکە بەرژەوەندی دوولایەنەی تێدایە چونکە دەزگاکان دەبنە ئامرازێکی گەیاندنی پەیامی لایەنی بەرانبەر.وە لە هەمان کاتدا بەرپرس و خاوەن کارەکان دەبنە سەرچاوە بۆ رۆژنامەنووس و دەزگاکەش.

## ٢- وەرگرتنی لێدوانی تایبەت:

لە بەرپرسی فەرمانگەکان و کەسایەتی و ئەندامانی پەرلەمان و رێکخراوە تایبتمەندەکان و کەسە پسپۆرەکان لەسەر بابەتە جۆروجۆروکان. ئەمەش بە بێ ئەوەی کۆنگرەی رۆژنامەنووسی ساز بکەن، بەڵکو لە رێگای تەلەفۆن یان ریکۆردەر یان کامێراوە رۆژنامەنووسەکان و دەزگاکان دەتوانن لێدوانی تایبەت لە سەر بابەتێکی دیاریکراوە وەربگرن لە لایەنی بەرپرس یان دەزگایەکی دیاریکراو یان کەسێکی پسپۆر.

## ٣- تۆرە کۆمەلایەتیەکان

بە هۆی فراوان بوونی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەسەرتاسەری جیهان بە تایبەت تۆرەکانی فەیسبووك و تویتەر کە بۆتە هۆکاریکی بۆ بەستنەوەی وڵاتان بە یەکەوە، ئەمەش وایکردووە رۆژنامەنووسان بە ئاسانی زانیارییان دەست کەوێت. زانیاریەکان لە زووترین کات بگات بە رۆژنامەنووسان. هەروەها دروست کردنی پێگەو ماڵپەری کۆمەڵایەتی تایبەت بە دەزگاکان و کەسایەتی و پەرلەمانتاران رێگایەکی ترە بۆ رۆژنامەنووسان، تا لە ریگای ئەم ماڵپەرە و پێگە و ئەکاونت و ڕووپەرە کۆمەڵایەتیانە قسە و لێدوانی بەرپرسەکان بۆ خوێنەر و بیسەر و بینەر بگوازنەوە. لە هەمانکاتدا دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ وەرگرتنی هەواڵ و رۆژنامەنووسان پشتی پێ دەبەستن. بۆ نموونە بە بینینی قسەی بەرپرسەکان یان دەزگاکان زانیاری زیاتر کۆدەکاتەوە یان سەردانی دەزگاکە دەکەن و هەواڵێکی تایبەت بە خۆیان دادەڕێژنەوە لە ژێر رۆشنایی زانیارەکانی ئەوان. یان هیچ نەبێت لە نووسینی قسەی بەرپرسان لە

توره کۆمەلایەتیەکان بیرۆکە بۆ رۆژنامەنووسان دروست دەکات و رۆژنامەنووسان لە سەر بیرۆکەی ئەوان هەواڵ دروست دەکەن بە وەرگرتنی لێدوان.

بۆنموونە ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە لاپەرەی فەرمی خۆی لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوك باسی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدای کردووە، لێرە نووسەری بە توانا و لێهاتووی هەواڵ ئەم لێدوانە دەخاتە چوارچێوەی هەواڵ بە ناو هێنانی لاپەری فەرمی ئەو ئەندام پەرلەمانە کە نووسینەکەی پۆست کردووە، هەواڵەکە دادەرێژێتەوە و بڵاوی دەکاتەوە. یان لە رێگای تەلەفۆنەوە هەمان بیرۆکە دەکاتە هەوالێك و لێدوانێك لە هەمان کەسایەتی یان پەرلەمانتار وەردەگرێت.

### ٤- بەشدارانی چالاکی و ڕووداوەکان

ئەو کەسانەی بەشداری راستەوخۆ لە چالاکی و رووداوەکان دەکەن وەکو: ئەکتەرانی درامایەك یان شانۆیەك یان خۆپێشاندەرێك یان یاریزانێك، دەبنە سەرچاوەی هەواڵ. بۆ نموونە خۆپیشاندەرێك لە پێش پەرلەمانی کوردستان قسە دەکات بۆ دەزگایەك لە بارەی ئامانجی خۆپێشاندانەکەیان و گرنگترین داواکاریەکانیان لە دەزگایەکی دیاریکراودا، ئەمە دەبێتە سەرچاوەی هەواڵ، چونکە ناوبراو یەکێکە لەو کەسانەی داواکاریی هەیە بۆیە بەشداری خۆپێشاندانی کردووە. لەوکاتەی کە لێدوان بۆ دەزگاکان ئەدات ئەبێتە سەرچاوەیەکی هەواڵ بۆ رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندن.

### ٥- بۆ رادیۆ و تەلەفزیۆن

زۆرجار پێگە و ماڵپەرو ئاژانسەکان دەبنە سەرچاوەی سەرەکی هەواڵ. بە تایبەتی بۆ رادیۆکان، چونکە ئەوەی تێبینی کراوە لە کوردستان رادیۆکان پەیامنێریان کەمە یاخود هەر نییە. ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆکارێك لەوانە:

ا-بەرپرسەکان و دەزگاکانی حکومەت لە ئێستادا زیاتر گرنگی بە تەلەفزیۆن دەدەن نەك رادیۆ، لەبەرئەوەی پێیان وایە کە تەلەفزیۆن باشتر لە رادیۆ پەیامەکانیان دەگەیەینن بە هاوولاتیان.بۆیە کەمتر قسە بۆ رادیۆ دەکەن

ب- بە گشتی رادیۆکان خاوەن بودجەیەکی زۆر نین کە بتوانن چەند پەیامنێرێکیان هەبێت لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان. یاخود پەیامنێری هەمیشەیان نییە لە شوێنە جیاجیاکان وەك: پەرلەمان یان قەزا و ناحیەکان یان لە هەموو شارو شاروچکەکان.

ج- رادیۆ پێویستی بە وێنە و ڤیدیۆ نییە. بۆیە زۆرجار بەرپرسانی رادیۆ خۆشیان نایانەوێت هەواڵی تایبەت بە خۆیان هەبێت. بۆیە راستەوخۆ زانیاریە نووسراوەکان لە سایت و رۆژنامەکان و هەندی جار ئاژانسەکان وەردەگرن، ئەمەش زۆرجار بە (کۆپی پێست) ناسراوە تەنانەت هەندێ جار موڵکیەتی دەزگاکان و رۆژنامەنووسەکانیش پێشێل دەکەن بەم کۆپی پێستە, بەوەی کە ناوی دەزگای (الف)دەگۆڕن و دەیکەن بە ناوی دەزگاکەی خۆیان. ئەمەش لە راستیدا دوورە لە ئەخلاقیاتی پیشەیی رۆژنامەنووسی.

د- لەبەر نەبوونی کادیری پرۆفیشناڵ لە بواری رادیۆ. رادیۆکان نەیان توانیوە هاوسەنگ بن لەگەڵ کەناڵە ئاسمانییەکان یان لە پێشبڕکیدا بن بۆ گەیاندنی زانیاری.وە لەبەر ئەوەی رادیۆ تەنها دەنگە بۆیە دەبێت پرۆگرام و بەرنامەکانی لە ئاست داخوازییەکانی جەماوەر بێت لە رۆژگاری ئەمرۆدا ئەگەرنا لە کاروانەکە جێ دەمێنێت لەم سەردەمدا کە بەسەردەمی چرکە ناسراوە بۆ گەیاندنی زانیاری و راکێشانی وەرگر بۆ دەزگاکە.

## ٦- پەیامنێرە مەیدانییەکان:

٧- **پەیامنێر:** بریتیە لەو کەسەی لە لایەن دەزگایەکی ڕاگەیاندنەوە ڕادەسپێردێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و ڕووماڵکردن و تۆمارکردنی وردەکاری ڕووداوەکە یان چالاکییەکە

پەیامنێرە مەیدانییەکان سەرچاوەیەکی سەرەکی بە دەست هێنانی هەواڵن لە هەموو جیهاندا. کاتێك پەیامنێرەکان سەردانی شوێنێك دەکەن کە کێشە و گیروگرفتی هەیە یان رووداوێك تیدا روویداو ، یاخود شوێنی بەستنی کۆنفرانسێك، یاخود شوێنی خۆپیشاندانێك، یاخود شوێنی کۆبونەوەکان یان رووداو و خول و چالاکی جۆراوجۆرەکان، بایەخی ئەم هەواڵە زیاتر دەبێت. چونکە دەتوانرێت زانیاری زیاتر و وردەکاری زیاتری رووداوەکە دەست بکەوێت لە رێگای پەیامنێرەکان

**پەیامنێرە مەیدانییەکانیش چەند جۆرێکن:**

**ا_ پەیامنێرە ناوخۆییەکان:** ئەو پەیامنێرانەن کە لە ناوەی وەڵاتێك یان هەرێمێك یان شارێکی دیاریکراو یان ولاتێك یان بە چەند شوێنێکی شارێك هەواڵ بۆ دەزگاکان کۆدەکەنەوە و دەیگوازنەوە بۆ ناوەندی کەناڵەکە تا پەخش بکرێت. واتە لە هەمان ئەو ولاتەیە کە بارەگای دەزگا راگەیاندنەکەی تێدایە، ئەم جۆرە پەیامنێرە لە بەرئەوەی کە زۆربەی جار زمانی قسە کردنیان لەگەڵ دەزگاکە و وەرگرەکان یەك زمانی ئاخافتنە بۆیە گرنگە پەیوەندییان لەگەڵ سەرچاوەکانی هەواڵ لە ئاستێکی بەرزدا بێت

**٨- ب_ پەیامنێرە دەرەکییەکان**

ئەو پەیامنێرانەن کە لە دەرەوەی ولاّتەکە هەواڵ بۆدەزگاکەیان کۆدەکەنەوە. بۆ نموونە پەیامنێری کەناڵێك یان دەزگایەکی دیاریکراو لە کوردستان لە تورکیا یان سوریا یان ئەمەریکا هەواڵ لەسەر چالاکی و رووداوەکانی ئەو ولاّتانە بۆ دەزگایەکی کوردستان ئامادە دەکەن و دەیگوازنەوە، زۆربەی جار ئەو پەیامنێرانە دەکەونە پایتەختی ئەو ولاّتانە، چونکە پایتەخت ناوەندی بڕیارە و جموجۆڵی سیاسییە لە جیهاندا.

**تایبەتمەندی پەیامنێرە دەرەکییەکان:**

*بە گشتی بۆ ئەو پەیامنێرانە زۆر گرنگە کە پێشینەیەکی رۆشنبیری ، سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی، تەنانەت ئاینی و جوگرافی و کلتوری ئەو وڵاتانە شارەزا بن. بۆ ئەوەی نەکەونە ناو هەڵە و هاوکات لە کاتی رووماڵ کردنی هەواڵ و لانی کەم بتوانێت وەڵامی کۆمەڵێك پرسیار بداتەوە و روونکردنەوە بۆ وەرگرەکان بدات لە کاتی پێویست. لە هەمانکاتدا ئەگەر پەیامنێرە دەرەکییەکان شارەزای ئەو وڵاتە بن کە کاری تێدا دەکەن زۆر ماندوو نابن لەکاتی کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر لە بەر ئەوەی شارەزایی سیتسەمی سیاسی و پارت و ناوەندەکانی بڕیارن بۆیە دەزانن لێدوان لە کوێ و لە چ لایەنێکی پەیوەندیدار وەربگرن.

* هەروەها ئەرکی ئەو پەیامنێرانە هەر ئەوە نییە تەنها هەواڵ بگوازنەوە، بەڵکو دەبێت توانای شرۆڤە کردن و لێك داناوە و شیکردنەوەی هەبێت لە سەر دۆخی ئەو وڵات و ئەو بابەتەی کە قسەی تیدا دەکات, چونکە دەبێت وێنەکە لای وەرگر روون بێت و نامۆ نەبێت

* یەکێك لە گرنگترین و پێویستترین خاڵ کە دەبێتە بنچینە بۆ سەرکەوتووی پەیامنێر، فێربوونی زمانی ئەو دەوڵەتەیە بە باشی کە کاری تێدا دەکات ، جگە لە زمانی دایك، پێویستە پەیامنێر بتوانێت کۆنترۆلی زۆرترین دەستەواژەی سیاسی،ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئاینی، کلتوری- بکات، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەو وڵاتە بەکاردێت. ئەمەش بۆ ئەوەی لە کاتی رووماڵی رووداوەکان کێشەی نەزانینی وشە و دەستەواژەی نێتەپێش.

*دەبێت پەیوەندیەکی زۆر باش دروست بکات لەگەڵ بەرپرسانی سیاسی, حزبەکان، رۆشنبیر، کەسایەتییەکان، رێکخراوکان، ناوەندە جۆر و جۆرەکانی ئەو وڵاتەی کاری تێدا دەکات. ئەمەش گرنگە بۆ بە دەست هێنانی زۆرترین زانیاری لە هەر حاڵەتێك یا رووداوێك.

*باشترە پشت بە سەرچاوەی فەرمی ببەسێت، چونکە کارکردن لە وڵاتێکی دیکە قورسە و نابێت زانیاری زیاتر بە بیرۆکەی خۆی بدات کە لێ دڵنیا نییە، لە بەرئەوەی دواجار ڕەنگە تووشی کێشەی یاسایی ببێت لەو وڵاتە.

**پەیامنێرە دەرەکییەکانیش (٣) جۆریان هەیە:**

*پەیامنێری هەمیشەیی: ئەو پەیامنێرانەن بە بەردەوامی کار بۆ دەزگاکە دەکەن بۆماوەیەکی دریژ لەو شارە نیشتەجێ دەبن یان بە شێوەیەکی هەمیشەیی، زۆرجار لە شارێك یان ناوچەیەکی کێشەداری وڵاتەکە دەمێننەوە و گرنگە شارەزای تەواوی لە سیستەمی سیاسی, ئابووری و باری کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە هەبێت، وە گرنکە ئەم جۆرە پەیامنێرانە جگە لەوەی کە توانای شرۆڤەکردنی ڕووداوەکانی هەبێت دەبێت, روئیای لە پێش بینی ڕووداوەکانیش ورد بێت، لەگەڵ سەرچاوەکانی هەواڵ لەم وڵاتەی کە لێ دەمێنێتەوە پەیوەندییەکی باش دروست بکات. لە پێناو بە دەست کەوتنی و دەست پێ ڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی هەواڵ

. * پەیامنێری گەرۆکی جۆگرافیا دیاریکراو: بۆنمونە نوێنەری دەزگایەکی میدیایی لە سنوری ناوچەیەکی دیاریکراولە وڵاتێك کە بۆماوەیەك لەم دەزگایە کاردەکات لەسەر مەلەفەکانی ئەم ناوچە جوگرافیایە بۆ نموونە نێرداوی کەناڵێکی فەرەنسی لە ناوچەی سەوزی بەغدادی پایتەختی عێراق. یاخوود پەیامنێری دەزگایەکی کوردستانی ڕومالّی چالاکیەکانی کۆربەندی ئابوری داڤۆس لە سویسرا و گەڕانەوەی بۆ شوێنی پێشووتری

*ئەو پەیامنێرانەی بۆ ڕومالّێکی تایبەت دەنێردرێنە شوێنێك و دواتر دەگەڕێنەوە بۆدەزگاکە. واتە زۆر گرنگ نییە کە دەزگاکە پەیامنێری هەمیشەیی هەبێت لەو شوێنە. ئەمەش ڕەنگە لەلایەکەوە بگەڕێتەوە بۆ زۆری خەرجی کارمەندان و باری ئاسایش. لەلایەکی تر، دەگەڕێتەوە بۆ باشی گوزەرانی خەڵك و

نەبوونی کێشە لەم شوێنانە. بۆیە دەزگاکە پەیامنێرێکی هەمیشەیی لەو شوێنانە نییە. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك حاڵەتێکی ناکاو دێتە پێش، گرنگە دەزگاکە پەیامنێری لەو شوێنە هەبێت و رووماڵی هەواڵەکە بکات. بۆ نموونە ناشتنی تەرمی (ماندیلا) لە باشوری ئەفریقیا رووماڵی بۆ دەزگاکان زۆر گرنگ بێت.بەڵام مەرج نییە بەبەردەوامی پەیامنێریان هەبێت لە باشوری ئەفریقیا. کاری پەیامنێرەکە دوای تەواوبوونی ناشتنەکە لەو وڵاتە تەواو دەبێت.

### تایبتمەندییەکانی پەیامنێر

ا- خاوەنی هەستێکی بەرزی رۆژنامەوانی بێت بیر بکاتەوە لە پێناو دروست کردنی بیرۆکەی داهێنەرانە و ئافراندن

ب- خاوەن رۆشنبیرییەکی فراوان بێت و خۆشەویستی بۆ داهێنان هەبێت لە بواری کارەکەیداو لە هەموو بوارەکاندا رۆشنبیرییەکی سەرەتایی بزانێت چونکە لە کاتی کارکردندا پێویستی پێ دەبێت

ج- هەستی تێبینی کردنی بەرز بێت لە پێناو دۆزینەوەی بیرۆکەی هەواڵ

د-توانایی دەربڕینی باش بێت وە بتوانێت پێشەکییەك بۆ هەواڵەکە دابرێژێتەوە وە ئەگەر بۆ رۆژنامە بێت دەبێت لانی کەم بتوانێت هەواڵەکە دابرێژێتەوە بە شێوەیەکی رۆژنامەوانیانە

و- لەم رۆژگارەی ئێستا کە بە رۆژگاری تەکنەلۆجیا ناسراوە توانای هەبێت بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا نوێەکان. لە پێناو دروست کردنی هەواڵێکی توکمە بە تایبەتی ئەو بەرنامانەی کە لە تەکنەلۆجیایی ئێستادا هەیە لە بواری دەنگ و ڕەنگ و وێنەگرتندا.

### ٩- میوانی بەرنامەکان.

مودێلێکی نوێی وەرگرتنی زانیاری و هەواڵە. کاتێك کەسێك دەبێت بە میوانی رادیۆ یان تەلەفزیۆن بۆ چاوپێکەوتن لەسەر بابەتێکی دیاریکراوی سیاسی یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی، تیایدا هەندێك ئامار و داتا لە بەرنامەکە دەخاتە ڕوو لەو بوارەی کە باسی دەکات. دواجار رادیۆ یان تەلەفزیۆنەکە پێش پەخش کردنی بەرنامەکە یاخود دوای پەخش کردنی چەند خولەکێکی لێ هەڵدەبژێرن و دەیخەنە چوارچێوەی هەواڵێك و لێدوانەکەی دادەنێن. زۆر جار چاوپێکەوتنە رۆژنامەوانییەکان دەبنە هەواڵی گرنگی چەند رۆژەی دەزگایەك پێش ئەوەی پەخشیش بکرێت بە تایبەت ئەگەر چاوپێکەوتنەکە لەگەڵ کەسایەتیەکی دیاری وڵات یان دەرەوە بێت وەك سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران. واتە دەزگاکە بۆ ریکلامکردن بۆ بەرنامەکە دوو یان سێ رۆژ زووتر رۆژانە چەند خولەکێك لە چاو پێکەوتنەکە دەکەنە هەواڵی یەکەمی بڵاوکراوەکانیان

### ١٠- وەرگێرانی قسەی بەرپرسە باڵاکان

زۆر جار بەرپرسە حکومی و حزبییەکان, سەرۆکی دەوڵەتەکە یان سەرۆکی هەرێم یان سەرۆکی پەرلەمان یان سەرۆکی حکومەت بۆدەزگایەکی ڕاگەیاندنی دەرەوە قسە دەکەن، لە ناو قسەکانیاندا کۆمەڵێك داتا و زانیاری تێدایە کە گرنگن جەماوەری ناوخۆش لێ ئاگادار بێت. بۆیە دواجار دەزگا ڕاگەیاندنە ناوخۆییەکان هەڵدەستن ناوەڕۆکی دیمانەکە وەردەگێرنە سەر زمانی نەتەوەکەیان. لە هەمانکاتدا چەند دێڕێکیشی لێ دەکەن بە هەواڵ، بە تایبەت ئەو لێدوانەی کە زۆر بارز بێت و پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە هەبێت.

١١- **ئاژانسەکانی هەواڵ:** بریتینە لە و دەزگایانەی کە کار دەکەن بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری لە ناوچە جیا جیا کانی جیهان دواجار دەیفرۆشنەوە بە دەزگاکانی

ڕاگەیاندن لە بەرانبەر برێك پارە وە هەندی هەواڵیش بە بێ بەرانبەر لە ماڵپەری ئاژانسەکەیان پەخش دەکەن لەو کاتەدا هاولاتیان و دەزگاکانیش دەتوانن سودمەندی زانیارییەکان بن. هەروەها بۆ دەزگاکانی کوردستان دەست کەوتنی هەواڵە (هەرێمیاتییەکان و نێودەوڵەتییەکان)، ئاژانسەکان باشترین سەرچاوەن لە ئێستادا، چونکە رەنگە بە تێچوونێکی زۆر کەمتر و کواڵێتیەکی باشتر و خێراترین کات و وردترین زانیاری، بگاتە دەزگاکە. ئەمەش بۆ هەموو دەزگایەك گرنکی خۆی هەیە،. لەگەڵ ئەوەش لە ئێستادا ئاژانسەکانی هەواڵ لە زۆربەی ناوچەکانی جیهان بونیان هەیە، بە ناوچە کێشەدارەکانی جیهانیش, ئەمەش بۆدەست کەوتنی زانیاری بۆدەزگاکان کار ئاسانی زۆری تێدایە.

### ئاژانسەکانی هەواڵ چەند جۆرێکیان هەیە:

ا-ئاژانسە جیهانیەکان: ئەم ئاژانسانەن کە لەسەرتاسەری جیهاندا تۆری پەیامنێرانیان هەیە وزانیاری وداتا کۆدەکەنەوە ئەم ئاژانسانە بە زۆری فۆکس دەخەنە سەر هەواڵی سیاسی و ئابووری وەکو ئاژانسی ئەسۆشیت پرێس و تاس و رۆیتەرز

ب- ئاژانسە نیمچە نێودەولەتیەکان: ئەم ئاژانسانەن کە لە زۆربەی ولاّتانی جیهان پەیامنێریان هەیە وەکو ئاژانسی هەواڵی رۆژهەلاّتی ناوەراستی میسری و ئاژانسی هەواڵی ئەلمانی (**DPA**)

ج- ئاژانسی هەواڵی هەرێمایەتی: ئەم ئاژانسانە زۆربەی کات روماڵی چالاکییەکانی ناوچەیەکی دیاریکراوە دەکەن کە خاڵی هاوبەش لەم ولاّتانەدا هەن کە ڕووماڵەکەی لێ دەکرێت جا خاڵی هاوبەش لە ڕووی ئاینی یان لە ڕووی جوگرافیایی بۆنموونە ئاژانسی هەواڵی ولاّتانی ئیسلامی یان یەکێتی ئاژانسەکانی ولاّتانی ئەوروپا

## چوار گەورەترین ئاژانسەکانی هەواڵ لە جیهاندا

ئێستا لە جیهاندا چوار ئاژانسی هەواڵی ڕوومالّی نزیکەی سەدا شەست و پێنجی هەواڵ و چالاکیەکانی جیهان دەکەن بەمەش بوونەتە گەورەترین ناوەندی هەواڵ و زانیاری لە هەموو جیهاندا کە ئەمانیش بریتینە لە:

أ- ئاژانسی ئەسۆشیێت پرێس (**AP**) کە ئاژانسیێکی هەواڵی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکایە و بارەگای سەرەکی لە نیۆرکە و زیاتر لە (٣٤٠٠) رۆژنامەنووس کاری تێدا دەکات. ئەم ئاژانسە ساڵی ١٨٤٦ دامەزراوە. زیاتر لە (١٥٠) دەزگای رۆژنامەوانی جیهان گرێبەستی کڕینی هەواڵیان لەگەلی هەیە

**ب- ئاژانسی هەواڵی یونایتد پرێس**

یەکێکە لە گەورەترین ئاژانسەکانی جیهان کە لە لایەن کەرتی تایبەتەوە خاوەنداریەتی دەکرێت. ساڵی ١٩٥٨ دامەزراوە لە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا. لە ئێستادا زیاتر لە دووسەد وبیست نووسینگەی لە دەرەوەی ئەمەریکا و سەد و هەشتا نووسینگەشی لە ناو ئەمەریکا هەیە. ئاژانسەکە خزمەتگوزاری رۆژنامەوانی بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بیستراو بینراو خوێنراو دابین دەکات

### ج- ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرزی بەریتانی

ئەم ئاژانسە ساڵی ١٨٥١ لە بەریتانیا دامەزراوە لە لایەن تومسون ڕۆیتەرز لە هەمان کاتدا خۆیشی خاوەنی پرۆژەکە بوو. ئێستاش بارەگای سەرەکی ئاژانسەکە لە لەندەنە رومالّی هەواڵی زیاتر لە سەد وڵاتی جیهان دەکات. ژمارەی کارمەندان و ڕۆژنامەنووسانی ڕۆیتەرز زیاتر لە (٥٥) هەزار کەسە

### د- ئاژانسی هەواڵی فرانس فرێس

بارەگای سەرەکی ئەم ئاژانسە لە پاریسی پایتەختی فەڕەنسایە ئەم ئاژانسە ئاژانسێکی فەڕەنسیە و ساڵی ١٨٣٥ دامەزراوە. ڕووماڵی هەواڵ دەکات لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بە هۆی بوونی (١١٠) نوسینگەی ئاژانسەکە لە دەرەوەی وڵات. فرانس فرێس خاوەنی نزیکەی (٣٠٠٠) رۆژنامەنووسە. حکومەتی فەڕەنسا پاڵ پشتی بەردەوام بوونی کارەکانی ئەم ئاژانسە دەکات وەك گەورەترین ئاژانس لە وڵات, بەڵام لەگەل ئەوەشدا ئاژانسەکە سەربەخۆییەکی تەواوی هەیە. بە هۆی بوونی هاوبەشی زۆر و قازانجی بەردەوام و ئازادی ڕۆژنامەنووسی لەم وڵاتە. لە ئێستادا ئاژانسەکە بە هەر شەش زمانە سەرەکییەکەی جیهان پەخشی هەواڵەکانی دەکات.

١٢- ڕوماڵکردنی ڕاستەوخۆ: شێوازێکی زۆر نوێ و کاریگەر و سەردەمیانەیە. لە ڕێگای گواستنەوەی ڕاستەوخۆی دیمەنەکانی شوێنی ڕووداوەکە یان کۆنفرانسەکە یان ئاهەنگەکە یان گردبونەوەکە. کە لە ڕێگایەوە ناوەرۆکی هەواڵەکە بۆ خەڵك دەگوازنەوە. ئەم شێوازە کاریگەری زۆری لەسەر بینەر و بیسەر هەیە، بە تایبەتی بینەر، چونکە بینەرێکی زۆر لە چوارچێوەی هەواڵەکە

کۆدەکاتەوە. ئەم شێوازە لە کوردستان کاری پێکراوە کەم تا زۆر، سەرکەوتنی باشی بە دەست هێناوە و کاریگەری زۆری هەبووە لە سەر بینەر. بۆیە بینەری کورد هەمیشە بە دوای ئەم جۆرە هەواڵەن کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەخش دەکرێت لە بەر ئەوەی تازەیی و زیندووی زۆری تێدایە.

١٣- بنکەکانی پۆلیس و نەخۆشخانەکان.. دوو شوێنن لە جیهان زۆر گرنگییان پێ ئەدرێت بۆدەستکەوتنی هەواڵ، بەڵام لە کوردستان کەمتر سوودیان لێ وەرگیراوە. هیوادارین لە داهاتوودا رۆژنامەنووسانی کوردستان پشت بە هەواڵی ئەم دوو دەزگایە ببەستن، چونکە بەبەردەوامی هەواڵی ئەم دوودەزگایە هەواڵی باوەرپێکراون لە سەرئاستی جیهاندا، لە بەر ئەوەی ناوەڕۆکی هەواڵەکە دەوڵەمەندە بە داتای زۆر ورد،چونکە ئەم دەزگایانە فەرمین و باوڕپێکراون.

١٤- وتەبێژی وەزارەتەکان: لە کاتی ئێستادا وتەبێژی وەزارەت و دەزگاکان و دەستەکانی هەرێم و ڕاگەیاندنی وەزارەتەکان، چالاك نین. لە هەمانکاتدا یاسای پێدانی زانیاری نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە بە تەواوی، بەڵام کەم تا زۆر رۆژنامەنووسانی کوردستان ئەتوانن وتەبێژی هەندێك لە وەزارەت و دەستەکان بکەنە سەرچاوەی دەستکەوتنی هەواڵ. ئەم جۆرە هەواڵانەی وتەبێژەکان ئەیدەن زۆربەی کات زانیاری زیاتر و داتای وردی تێدایە، لەگەڵ ئەوەی کە لە دەزگایەکی فەرمیشن، مسداقیەتی زیاتر ئەدات بە هەواڵەکە. لە جیهانیشدا وتەبێژی سەرۆکایەتی و وەزارەتەکانی هەر دەوڵەتێك شوێنێکی دەسەکەوتنی هەواڵە. زۆر جار لە بەر زۆری زانیاری لای وتەبێژ و تامەزرۆی رۆژنامەنووسان وتەبێژی وەزارەتەکان زوو زوو کۆنگرەی رۆژنامەنووسی دەبەستن بۆ نموونە وتەبێژی وەزارەتی بەرگیری ئەمەریکا

١٥- ماڵپەری وەزارەتەکان: لە کوردستاندا سەرۆکایەتیەکانی هەرێم و پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەت و تەواوی وەزارەتەکان و دەستە و فەرمانگەکان ماڵپەری فەرمی و باوەرپێکراویان هەیە. لەو ماڵپەرانەش تەواوی چالاکی وکارەکانیان پەخش و بڵاودەکەنەوە. بەو هۆیەشەوە رۆژنامەنوسانی کوردستان دەتوانن هەندێك هەواڵ و بەیاننامەی فەرمی لەم ماڵپەرانەوە وەرگرن وبڵاویبکەنەوە. چۆنکە سەرچاوەکەی دیارەو باورپێکراویشە.

# پەخشی راستەوخۆ کەموکوڕییەکانی

بە گشتی پەخشی راستەوخۆ لە کەم و کوڕی بێ بەش نییە. کەم و کوڕی پە خشی راستەوخۆش لە زۆربەی کاتدا ئەمانەیە:

ا- زۆرجار لە کاتی پەخشێکی راستەوخۆ لێدوانی تاك یان بەرپرسێك بلاودەکرێتەوە، لە ناو لێدوانەکەی ئەم لێدواندەرە (ژێدەر) ە خستنە پالْ یان ناوزڕاندنی تێدایە، لەم حالْەتەش کونترۆلْ ناکرێت و وەکو تۆمارکراو نییە دەست کاری بکرێت. بۆیە ئەو لێدوانە زۆر گرفت بۆدەزگاکە دروست دەکات و زۆرجار سەردەکێشێت بۆ کێشەی هەمەلایەن و هەندێ جار دەبێتە کەیسی دادگا.

ب- . زانیاری زیاد و بێ سوود دەدرکێنیدرێت، کە دەزگاکە پێویستی پێ نییە. لەم حالْەتەدا دەزگاکە دیسان کۆنترۆلْی پێ ناکرێت و لێدوانەکە وەك خۆی پەخش دەبێت.

ج - زۆرجار دیمەنەکە روون و جوان دیار نییە یان گۆڕانکاری بەسەر شوێنی رووداوەکە دێت لە بازنەی رووماڵەکە، بۆیە دیمەنەکان گۆڕانکاریان بەسەر دادێت و رەنگە هەندێك دیمەن بۆ بلاوکردنەو نەشێت، بەلام دەزگاکە ناچارە بلاوی بکاتەوە.

د- ڕەنگە لە زۆربەی کاتدا پەیامەکە نەگات بە هۆی بوونی گرفتی هونەری یان تەکنیکی یان زۆر جار بە هۆی کەمی کات بێژەرەکە یان پێشکەش کارەکە نەتوانێت ئەو پەیامەی مەبەستیەتی وەری بگرێت لە لایەنی بەرانبەر

١٤ - دەزگا بیانییەکان: ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و رۆژنامە و گۆڤارەکانی، دەرەوەی هەرێم

ئەمە سەرچاوەیەکی لاوەکی هەواڵە لە کوردستان، بەڵام جارجار هەر پشتی پێ دەبەسترێت. هەروەها زۆرجار کاریگەری باشی دەبێت. بۆنموونە قسە کردنی وەزیری وزەی تورکیا بۆ کەناڵێکی تورکی لەسەر هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بازارەکانی جیهان لە رێگای تورکیاوە، یان قسەکردنی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە سەر هاوکاری کردنی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان. بۆیە زۆر گرنکە بگوازرێتەوە و بکرێتە کوردی و لە چوارچێوەی هەواڵدا بڵاو بکرێتەوە. لەبەر ئەوەی ئەم قسەیە پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە. بۆیە وەرگێڕانی ئەم قسانە بۆسەر زمانی کوردی و کردنی بە هەواڵ، گرنگی خۆی هەیە بۆدەزگاکانی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا.

## دابەش بوونی هەواڵ لە ڕووی جوگرافی-یەوە:

١-هەواڵە ناوخۆییەکان: بەشێکی سەرەکی هەواڵەکانن لە هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندندا، هەواڵی ناوخۆییەکان. ئەم جۆرە هەواڵانەن کاریگەری ڕاستەوخۆ و زیاتری هەیە لەسەر هاوڵاتیانی ناوخۆی وڵاتەکە یان هەرێمەکە ، چونکە لە ڕووی مەودای جوگرافی نزیکە لە وەرگرەکانەوە.بەم جۆرەش کاریگەری زیاتر دەکاتە سەر وەرگرەکان. هەروەها زۆر جار دەبینین بەشێکی زۆری لاپەڕەی سەرەکی ڕۆژنامەکان تەرخان کراوە بۆ هەواڵە ناوخۆییەکان. لە هەمانکاتدا لە هەواڵی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا، هەواڵە ناوخۆییەکان دەبنە هەواڵی یەکەمینەکان لە بڵاوکراوەی هەواڵەکاندا. ئەمەش لەبەر ئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، بە تایبەتی هەواڵە سیاسی, ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان

٢-هەواڵە هەرێمایەتییەکان: پێگەیەکی گرنگی هەیە لە بواری ڕۆژنامەگەری بۆ هەر وڵاتێك، بە تایبەتی ئەو وڵات و هەرێمانەی کە دەکەونە نزیك وڵاتانی کێشەدار ، ئەو وڵاتانەی جموجۆڵی سیاسییان بە ئاراستەی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ هەنگاو دەنێت. بۆنموونە هەرێمی کوردستانی/ عێراق هاوسنووورە لەگەڵ وڵاتانی تورکیا, سوریا و ئێران. لێرەدا دەبینین تورکیا وڵاتێکە جموجۆڵی ئابووری و سیاسی جۆراوجۆری تێدایە لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامی ، یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی ڕۆژهەلات...هتد، بۆیە کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە. هاوکات

هەریەکە لە ولاتانی سوریا و عێراق کە کێشەیی تیرۆر و کوشتن و بڕینی تێدایە، بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەریەکی زۆری بەسەر هەرێمی کوردستانەوە هەیە، لە ڕووی جموجۆڵی ئابووری و سیاسی و ئەمنی-یەوە. بۆیە هەواڵی هەرێمایەتی کاریگەریەکی باشی هەیە لە ناو ڕۆژنامەگەری هەر ولاتێکدا بۆ وەرگرەکانی ئەو ولاتە.

٣-هەواڵە نێودەوڵەتییەکان: ئەو هەوالانەن کە کەوتونەتە دەرەوەی سنوری ولاتەکە ، دەرەوەی خاکی ولاتانی دراوسێ. واتا هەواڵی هەرێمایەتیش نییە، بەڵکو هەواڵی کیشوەرێکی دیکەیە. بۆ نموونە ئەگەر هەرێمی کوردستان بکەینە پێوەر، ئەوا هەواڵی هەریەك لە ولاتانی ئەوروپا, ئەمەریکا وئەفەریقا تەواوی ولاتانی دیکەش دەبنە هەواڵی نێودەوڵەتی، جگە لەو ولاتانەی کە دراوسێی هەرێمی کوردستانن. زۆرجار هەواڵی نێودەوڵەتی کاریگەری بەسەر ولاتانی دوورە دەستیش هەیە. هەروەها هەندێ جار هەواڵی نێودەوڵەتی کاریگەرییەکەی لە هەواڵێکی ناوخۆ زیاترە. بۆ نموونە پێکهێنانی بەرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە عێراقدا و پاراستنی ئەمنیەتی هاولاتیانی عێراقی و پێکهاتەکانی ناوچەکە.

# شوێنە سەرەکییەکانی دەستکەوتنی هەواڵ لە جیهاندا

**یەکەم/ پەرلەمان**

بەو پێیەی پەرلەمان لە هەر وڵاتێك دامەزراوەیەکی فەرمییە، ناوەندی بڕیاری سیاسی, ئەمنی، رۆشنبیری, ئابووری و بوارە جۆراو و جۆرەکانە، جێگای گفتوگۆ گەرم و کۆبونەوەکانە، بۆیە بە یەکێك لە شوێنە گرنگەکانی دەژمێردرێت لە دەستکەوتنی هەواڵ بۆ رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن. زۆرجار دەزگاکان رۆژنامەنووسێکی هەمیشەیی لە پەرلەمان دەهێڵنەوە بۆ ماوەی چەند ساڵێك، ئەمەش بۆ ئەوەی شارەزایی چۆنیەتی رووماڵکردنی هەواڵ بێت لە پەرلەمان. هەروەها دروستکردنی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ پەرلەمانتاران و سەرۆك لیستەکان. لە هەمانکاتدا پسپۆریی لە هەواڵەکانی ناو پەرلەمان وەردەگرێت و ئاگاداری ئەوە دەبێت کە چەند پرۆژە یاسا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە یان پەسەند کراون

**دووەم/ دادگاکان**

لەبەرئەوەی زۆربەی کێشە سیاسی, ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان ، کەیسی کوشتن و بڕین لە داداگاکان یەکلا دەکرێنەوە و دەگەنە ئەنجامی کۆتایی، بۆیە دادگاش شوێنی سەرەکییە بۆ هەواڵ لە جیهاندا.

سێ یەم/ئەنجومەنی وەزیران یان حکومەت

کاری خزمەتگوزاری ، دەرکردنی ڕێنمایی ، جێبەجێ کردنی بەشێك لە یاساکانی پەرلەمان ، دابین کردنی ئاسایش بۆ هاولاتییان و، پاراستنی ژیانی تایبەتی تاکەکان لە لایەن حکومەتەوە فەراهەم دەکرێت، بۆیە سەرچاوەیەکی گرنگی دەستخستنی هەواڵە. هەروەها حکومەت پێکهاتووە لە وەزارەت، دەزگای خزمەتگوزاری، دەزگای ئەمنی، کەرتەکانی ئابوری, رۆشنبیری, سیاسی, کۆمەلایەتی، شارەوانیەکان و ئاوەدانکردنەوە، بۆیە ئەنجوومەنی وەزیران یان حکومەت بە هەموو دەزگاکانیەوە شوێنێکی گرنگی سەرچاوەی سەرەکی بە دەست هێنانی هەواڵە بۆ رۆژنامەنووسان، بە تایبەتی دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی هەواڵ بۆ ناوخۆی ولات، چونکە پەیوەندی بە ژیان وگوزەرانی خەڵکەوە هەیە.

## چوارەم/ فرۆکەخانە

هەموو کات فرۆکە خانە گرنگی تایبەتی خۆی هەبووە بۆ رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندن، چونکە زۆربەی کاتەکان هاتن و چوونی شاندە سیاسی و ئابووری ، گەشتی سەرۆکەکان ، دەست بەسەرداگرتنی پاسەپۆرتی ساختە و کەلوپەلی قەدەغە کراو، لە ریگای فرۆکەخانەوە ڕوودەدات. بۆیە دەکرێت دەزگاکان پەیامنێری هەمیشەیان هەبێت لە فرۆکەخانەکان. ئەوەی تێبینیم کردبێت لە ماوەی چەند ساڵی کارکردنم لە بواری نووسینی هەواڵ، فرۆکەخانە لە کوردستان کەم سودی لێ بینراوە بۆ دەست کەوتنی هەواڵ، تەنها لە هەندێ حاڵەتی زۆر تایبەت نەبێت. بۆنموونە هاتنی سەرۆکی فەڕەنسا یان سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ کوردستان یان هێنانەوەی تەرمی کەسایەتییەك یان سیاسییەك لە رێگای فرۆکەخانە ئەو کات بۆتە ناوەندێك بۆ دەستکەوتنی زانیاری لە لایەن رۆژنامەنووسانەوە.

## پێنجەم/ بنکەکانی پۆلیس

یەکێکە لەوشوێنانەی کە رۆژنامەنووس هەواڵی تێدا دەست دەکەوێت، چونکە زۆربەی کەیسەکان بە هاوبەشی لەگەڵ داداگاکان دەچێتە بنکەکانی پۆلیس. هەروەها لە حاڵەتی ڕووداوی لە ناکاو پۆلیس بە زووترین کات دەگاتە سەر رووداوەکان و ئامارەکانی لایە ، هەروەها چۆنیەتی روودانی رووداوەکەش دەزانێت. هەندێکجار بەڵگە یان دیکۆمێنتی ڤیدیۆیی یان وێنە لای پۆلیس هەیە. هەروەها مسداقیەتیش لە هەواڵی بنکە پۆلیسییەکان زۆر زیاترە، چونکە دەزگایەکی فەرمییە.

## شەشەم/ نەخۆشخانەکان

هەمیشە دوای روودانی رووداوی گەورە و هەبوونی کێشەی کوشتن و بڕین، نەخۆشخانەکان ئاماری کوژران و بریندارانی رووداوەکانیان بە داتای فەرمی و باوڕپێکراو لایە. بۆیە نەخۆشخانەکان شوێنێکی باوڕپێکراون بۆ رۆژنامەنووسان تا هەواڵیان تێدا دەست بکەوێت، بە شێوەیەکی ورد و جوان و باوڕپێکراو.

# زمانی نووسینی هەواڵ

ئاراستەی نووسینی هەواڵ بۆ خەڵکە (وەرگر). واتە رۆژنامەنووس دەیەوێت زانیاریەك یان پەیامێك بگەێنێت بە خەڵك و خەڵکی لێ ئاگادار بکاتەوە، جا ئەو خەڵکە ئاستی وەرگرتن و رۆشنبیری و تێگەیشتنی نزم یان بەرز بێت، گەنج یان پیر بێت، خوێندەوار یان نەخوێندەوار بێت، کرێکار یان یان پرۆفیسۆری زانکۆ بێت،بە گشتی زانیارییەکان بۆ وەرگرەکانە.لە بەر ئەوە پێویستە هەواڵ بە زمانێکی سادە بنووسرێت، نەك زمانێکی جیاواز و پڕ لە ئەدەبیات وشەی شاز یان بە زمانێکی بەرز بنووسرێت تەنها چینێك لێ تێ بگەن یان وەرگرەکان بە ئاسانی لێی تێنەگەن. دەبێت بە زمانێك بنووسرێت کە وەرگر لە هەموو ئاستەکانی رۆشنبیری لێی تێ بگات.

تەنانەت ئێستا لە جیهاندا بۆ ئەوانەی نابیستن، واتا ئەندامی بیستنیان لە دەستداوە بە هۆکارێك و گوێیان لە قسە نابێت و خوێندەواریشیان نەبێت، لە زۆر تەلەفزیۆنە جیهانیەکان بۆ بێ بەش نەبوون لە هەواڵ چارەسەر بۆ ئەو کەسانە دۆزراوەتەوە، ئەویش بە دانانی پێشکەشکارێکی هەواڵ کە شارەزا بێت لە زمانی جەستە هەواڵەکە پێشکەش دەکات و پەیامەکەش دەگات بەو کەسانە.

# بایەخەکانی هەواڵ یان بەهاکانی هەواڵ

بەهای هەواڵ بە خاڵێکی گرێدراو دادەنرێت لە نێوان پەخش و بڵاو کردنەوەی هەواڵەکە و جەماوەری هەواڵەکە، چونکە ئەگەر هەواڵەکە بەهای نەبێت کاریگەری لەسەر تاك و کۆمەلگا دروست ناکات، بەمەش وەرگرەکان لێی سودمەند نابن.

**بە گشتی هەواڵ چەند باهەیەکی هەیە کە لێرەدا بە کورتی باسیان دەکەین:**

١- **ڕوونی..**

بۆ ئەوەی هەموو تاکێك لە هەر ئاستێکی رۆشنبیری دا بێت لە هەواڵەکە بگات، پێویستە هەواڵەکە بە زمانێك بنووسرێت ڕوون ڕەوان بێت. هەندی جاریش هەندی هەواڵ هەیە پێویستی بەوە هەیە هەندێك وشەی زانستی تێدا بێت زۆر جاریش ئەم وشانە بە زمانێکی دیکەیە. بۆیە پێویستە نووسەرەکە لە ناودووکەوانە یان ئەگەر بۆ رادیۆ و تەلەفزیۆن بوو ئەوە ڕوونکردنەوەیەکی بداتی تا هەموو تاکێك تێی بگات. واتە نابێت هیچ وشەیەکی تەماوی یان لێڵ بمێنێت لە ناو پەڕەگرافەکان، کە لای وەرگر نامۆ بێت. چونکە بەم جۆرە واتە هەبوونی وشەی نامۆ زیان بە دەقی هەواڵە دەگات.

٢-   **راستگۆ بوون...**

دروستی و ڕاستی هەواڵەکان لە هەر دەزگایەکی میدیایدا گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ دەزگاکە و وەرگرەکانیش، چونکە دەزگاکە متمانە لای خەڵك پەیدادەکات, لە هەمان کاتیشدا جەماوەری دەزگاکە زیاد دەبێت ، هەروەها جەماوەریش سودمەندی زانیارییەکان دەبێت.

٣-   **کورت و پوخت...**

بیسەر یا بینەر یا خوێنەر هەمیشە حەزی لەوەیە بە کەمترین کات زۆرترین هەواڵی پێ بگات. بۆدەزگاکان گرنگە کە بە کەمترین کات زۆرترین زانیاری بگەیێنن بە جەماوەر، بە تایبەتی بۆ ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان. چونکە خوێنەر حەوسەلەی ئەوەی دەبێت بیخوێنێتەوە. بۆیە گرنکە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە کورتی و بە پوختی هەواڵەکان دابرێژنەوە. بەڵام بە مەرجێك ناوەرۆکی زانیارییەکان لە دەست نەدات.

٤-   **زانیاری تێدا بێت...**

گرنگترین چەمك لە هەواڵدا ئەوەیە پێویستە زانیاری هەبێت، چونکە کاتێك جەماوەر مانشێتەکە دەبینێت یان دەبیستێت دەچێتە ناوەرۆکی هەواڵەکە بۆ ئەوەی زانیاری ورد وەربگرێت و لانی کەم وەڵامی (٥)پرسیارەکەی تێدابێت (کەی، چۆن، لە کوێ، بۆچی، کێ) کەبەمەش حەزی وەرگر تا رادەیەکی باش تێر دەبێت. هەروەها گرنگترە ئەگەر زانیاری زیاتر لە ناوەرۆکی هەواڵەکە هەبێت وەکو داتا و بە دواداچوون و شیکردنەوەی زیاتر.

## ٥- پابەندبوون...

لە بواری رۆژنامەگەریدا وتەیەك هەیە دەڵێت: (رۆژنامەنووس وێنە دەگرێت وێنە ناکێشێت). واتە دەبێت رۆژنامەنووس پابەند بێت بەو زانیارییەی لەبەردەستیەتی بۆ نووسینی هەواڵەکە بێ زیاد و کەم. نەك ئەوەی کە لەگەڵ سیاسەتی خۆی و رۆژنامەکەی دەگونجێت بڵاوی بکاتەوە، چونکە ئەو کاتە لە بنەما ئەخلاقییەکانی کاری رۆژنامەنووسی دەردەچێت. بۆیە دەبێت پابەندی بنەما ئاکارییەکان (ئەخلاقییەکانی) کاری رۆژنامەنووسی بێت، کە یەکێك لەو بنەمایانە نەگۆڕینی زانیارییەکانە لە لایەن رۆژنامەنووس یان دەزگا رۆژنامەوانییەکان.

## ٦- کاریگەری

رووداوەکە یان بابەتەکە چەند پەیوەندی بە ژیانی تاك و خەڵکەوە هەیە، هەواڵەکە پەیوەندی بە تەواوی هاوڵاتیان هەیە یان چینێك یان چەند کەسێك یان تەنها کەسێك، چونکە تا پەیوەندی بە زۆرترین رێژەی خەڵکەوە هەبێت کاریگەری زیاتر ئەبێت. بۆ نموونە لە هەواڵێکدا دەڵێت: حکومەت بریاری دا بە زیادکردنی باج لەسەر هاوڵاتیان کە خاوەنی خانووی خۆیانن. ئەمە کاریگەری زۆری هەیە، بەڵام ئەگەر لە هەواڵەکەدا بگوترابا حکومەت بریاریدا بە زیادکردنی باج بۆئەو هەوڵاتیانەی کە لە (٢) خانوو زیاتریان هەیە. ئەوا کاریگەری کەمتری دەبێت لەسەر تاکەکان. لە بەر ئەوەی کەم کەس هەیە لە هەر وڵاتێك لە (٢) خانوو زیاتری هەبێت. هەروەها ئەگەر بگوترابا بۆئەو کەسانەی کە خاوەنی باڵەخانەن

ئەوە هێشتا کاریگەری کەمتر دەبوو ، چونکە کەمن ئەو کەسانە کە خاوەن بینای بازرگانین. کەواتە پێوەری کاریگەرییەکە بەندە بەرێژەی ناوەڕۆکی هەواڵەکە لەگەڵ ژیان و گوزەران و ئاسایشی خەڵکەکە.

**٧- کات**

کات یەکێکە لە بەها گرنگەکانی هەواڵ، لەلایەك لە رووی تازەیی و هەنوکەییەوە، لەلایەکی ترەوە هۆشیاریدانە بە جەماوەر. بۆ نموونە لە هەواڵێکدا دەڵێت: رۆژی هەینی رێککەوتی ٢٠١٣/١٠/٢٥ بە هۆی ئەوەی لەسەر شەقامی (٦٠) مەتری شاری هەولێر مەراسۆنی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ ئاشتی بەڕێوە دەچێت، پارێزگاری هەولێر بریاریداوە لەم رۆژە هاتووچۆی ئۆتۆمۆبیل لەسەر ئەم شەقامە قەدەغە بکرێت، ئەمەش لە پێناو پاراستنی ئەمنیەتی خەڵك و باش بەڕێوەچوونی مەراسۆنەکە. ئەم هەواڵە فاکتەری گرنگی کاتی تێدایە بۆ تەواوی دانیشتوانی شاری هەولێر، بۆ ئەوەی لەم رۆژەدا خاوەن ئۆتۆمۆبیلەکان نەکەونە ناو گێژاوی جەنجاڵی هاتووچۆوە.

**٨- تازەیی**

هەواڵ هەیە بەشێك لە بەهاکانی دیکەی تێدایە، بەڵام بەهای تازەی تێدانییە. بەهای تازەیی بەهایەکی گرنگە لە هەواڵدا هەبێت، بۆیە زۆر جار ئەگەر هەواڵ ئەم بەهایەی تێدا نەبێت زۆر سەرنج راکێش نابێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە هەواڵ لەسەر پرسێکی تازە بوو کاریگەری زیاتر ئەبێت. بۆ نموونە لەسەروبەندی ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان, کاتێك دەزگاکان کە ئەنجامەکان ڕادەگەێنن شتێکی تازە و نوێیە بۆ هەموو جەماوەر. تازەیی لە دەزگایەکەوە بۆدەزگایەکی

دیکە جیاوازە. بۆ نموونە هەواڵی دوو کاتژمێر پێشتر لە سایتی ئەلیکترۆنی یان لە تەلەفزیۆنێك کە شرۆڤەی بۆکرد بێت، تازەیی نابێت بۆ بینەر لە کاتژمێرێك دواتریان لە رۆژێك دواتر، بەڵام هەمان هەواڵ بۆ بەیانی لە رۆژنامەیەك تازەییەکی پێوە دیارە بۆ خوێنەرەکانی، چونکە ئەمە دواچاپی ژمارەی رۆژنامەکەیە و بە سەبارەت بە خوێنەرەکە نوێە ئەویش بە مەرجی بە دواداچوونی زیاتر و زانیاری زیاتر لە بابەتەکەدا. هەروەها تازەیی لە رووی پێدانی زانیاری گرنگی تایبەتی خۆی هەیە. رەنگە هەواڵێك کۆن بێت، بەڵام بە پێدانی زانیاری تازە هەواڵەکە نوێگەرییەك بە خۆیەوە ئەبینێت. بۆ نموونە پاش تەقاندنەوەی بارەگایەکی ئەمنی هەر وەڵاتێك پاش دوو رۆژ دەستگیرکردنی تاوانبارەکان یان دەستکەوتنی ڤیدیۆی تازە و وێنەی تازە و بەڵگەی تازە، هەواڵەکە زیندوو دەکەنەوە بۆ جەماوەر یان وەرگرەکانیان بە هۆی ئەوەی زانیاری تازە هاتوتە ناو بابەتەکە هەست بە زانیاری نۆی دەکات.

**٩- ناوبانگ**

کاتێك هەواڵێك بڵاودەکرێتەوە بە ڕووداوی شۆرتی کارەبا هاوڵاتییەك گیانی لە دەست داوە کاریگەری هەیە، بەڵام بە رێژەکی کەم. لەبەرئەوەی حاڵەتی وا لە هەموو وڵاتێك هەر روودەدات. بۆیە رەنگە ئەوانەی کە لە ژووری هەواڵدا کاردەکەن تەنها لە یەك بڵاوکراوەی هەواڵدا، ئەم هەواڵە دابنێن و دووبارەی نەکەنەوە، بەڵام ئەگەر ئەم کەسە هونەرمەند یان بەرپرسێکی باڵای حکومەت یان وەرزشوانێکی ناوداری جیهان بێت، ئەوا ناوبانگی کەسەکە بەهایەکی گەورە دەدات بە هەواڵەکە و رەنگە چەندین بڵاوکراوە و چەندین رۆژ باس باسی ئەم هەواڵ و رووداوە بێت لە میدیاکاندا.

### ١٠- گرنگی

هەموو رووداوێك هەواڵ نییە، بەڵكو ئەو رووداوە هەواڵە كە بۆخەڵك یان تاك گرنگە، چونكە دواجار دەبێت بیرمان بێت هەواڵ ئاراستەی جەماوەر دەكرێت. بۆیە دەبێت گرنگی بۆ جەماوەر هەبێت، چونكە ئەگەر هەواڵەكە بایەخی نەبێت بۆچی بڵاو بكرێتەوە؟! كەواتە دەبێت هەواڵەكە پڕ بایەخ و گرنگ بێت بۆ وەرگرەكان.

### ١١- نزیكی

ئەو هەواڵەی كە بڵاوكراوەتەوە چەند نزیكە لە وەرگرەكان لە رووی جوگرافییەوە, چونكە تا دوورتر بێت كاریگەری كەمتر دەبێت و رەنگە زۆر جار كاریگەری خۆی لە دەست بدات. تەنانەت زۆرجار هەر گوێبیستی نەبن یان لەڕاستدا كاریگەری لەسەریان نابێت. بۆیە هەواڵ بە گوێرەی نزیكی جوگرافی لە تاكەكان كاریگەری زیاتر ئەبێت. بۆ نموونە وەرگەرانی ئۆتۆمۆبێلی یەكێك لە دراوسێكەتان و مردنی خاوەنەكەی كاریگەری لەسەر تۆ جێدێلێت، بەڵام كەوتنە خوارەوەی فرۆكەیەك كە لە باشوری ئەمەریكا كە (٢٠) كەس تێدا مردوە ئەوە كاریگەرییەی نابێت. هەروەها نزیكی لە رووی بەرژەوەندییەوە كە لە هەندی سەرچاوەی زانستی ڕاگەیاندن باس كراون كاریگەری خۆی هەیە. بۆ نموونە لە شارە گەشتیارییەكان و شارە پیشەسازییەكان، رۆژنامە ئابوورییەكان كاریگەری باشیان دەبێت لەسەر وەرگرەكان. بۆ نموونە حكومەت بڕیار دەدات بەرهەم هێنانی شیش لە شارێكی گەورەی چوار ملیۆنی رابگرێت، بە هۆی ئەوەی كە كاردەكاتە سەر پیس بوونی ژینگە. ئەم هەواڵە كاریگەری دەكاتە سەر دانیشتوانی ئەم شارە

به هۆی ئەوەی چەند کەسێك لە کارەکانیان دوور دەخرێنەوە, لە هەمانکاتیش نرخی شیش بۆ بەکارهێنەرانی بەرز دەبێتەوە و بەکارهێنەرانی زەرەر مەند دەبن، بەڵام هەمان هەواڵ بۆ وڵاتێکی دیکە هیچ کاریگەرییەکی نییە.

**١٢- قەبارە (زۆرینە یان گەورەیی رووداو)**

زۆرجار گەورەیی قەبارەی رووداوەکان کاریگەری دەکاتە سەر تاك لە هەرشوێنەك بێت، لەم حاڵەتەشدا فاکتەری نزیکی دەکوژێت. بۆ نموونە تەقاندنەوەی تاوەری بازرگانی ئەمەریکا کە زیاتر لە سێ هەزار هاوڵاتی بوونە قوربانی، و ڕووداوێکی دەگمەن بوو لە مێژووی ئەمەریکا کە بەم قەبارە گەورە کاری کردە سەر ئاسایشی ئەمەریکا و ئەو زیانە گەورەی لێ کەوت. بێ گومان کاریگەری لەسەر زۆربەی تاکەکانی جیهان هەبوو. ئەمە گەورەیی قەبارەی هەواڵەکە بوو وای کرد کاریگەری بخاتە سەر تاك لە هەرشوێنێەك بێت.

# پێناسەی چەند زاراوەیەکی تایبەت بە هەواڵ:

**هەواڵساز:**

ئەو کەسەیە کە هەڵدەستێت بە دارِشتنەوەی ئەو زانیارییانەی بە دەستهاتووە بۆ شێوەی هەواڵ، بە شێوەیەکی ورد و زانستی کە بەشەکانی هەواڵی تێدا بێت وەکو: مانشێت و لید و ناوەڕۆك و کۆتایی. هەروەها دانانی وێنە بۆ رۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەرەکان ئەگەر بەردەست بوو، بۆ تەلەفزیۆنەکان هەڵبژاردنی کاریگەرترین ڤیدیۆ ئەگەریش ڤیدیۆی نەبوو دەکرێت وێنەیەکی گونجاو دابنرێت لەگەڵ خوێندنەوەی هەواڵەکە. واتە بە گشتی هەواڵساز هەیکەلیەتی هەواڵەکە دادەرێژێت و لایەنی زمانەوانی و خاڵبەندیشی بۆ رێك دەخات. هەروەها هەواڵسازی رادیۆ و تەلەفزیۆن دەبێت زۆر ئاگاداری هەڵەی زمانەوانی بێت، چونکە دواجار لەلایەن بێژەرێکەوە دەخوێندرێتەوە بۆ جەماوەر.

**٢= ئاژانسەکان:**

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە ئاژانسەکان سەرچاوەیەکی سەرەکی هەواڵن لە هەموو جیهاندا. لێرەشدا پێناسەی دەکەین. ئاژانسەکان بریتین لە چەند دەزگایەکی گەورەی بەرهەمهێنانی هەواڵ لە جیهاندا، هەروەها فرۆشتنەوەی هەواڵەکانیان بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، چونکە دەزگاکان ناتوانن پەیامنێریان لە

هەموو شوێنەك هەبێت. بۆیە ئاژانسەکان بە زووترین کات هەواڵ وەردەگرن لە شوێنە جیاجیاکان و بۆ دەزگاکانی دەنێرن. دەکرێت ناویشی لێ بنرێت "کۆمپانیای وەبەرهێنانی هەواڵ.

٣- بێژەری هەواڵ

بێژەری هەواڵ ئەو کەسەیە بۆ تەلەفزیۆن و رادیۆ کار دەکات. کاری ئەو خوێندنەوەی هەواڵە بۆ بیسەر و بینەر و گەیاندنی پەیامەکەیە بە جەماوەر. ڕەنگە بەشە گەورەکەی بێژەرایەتی هونەر و تەکنیکی قسە کردن بێت، نەك شارەزای کاری رۆژنامەنووسی، بەڵام لە هەمانکاتدا گرنگیشە بێژەر دەستی پیشەیی رۆژنامەنووسی هەبێت، چونکە جاری وا هەیە مێوان دێتە ناو ستۆدیۆ بۆ قسە کردن لەسەر بابەتێکی دیاریکراو. بۆیە ئەم بێژەرە لە ئەرکە سەرەکییەکەی خۆی دەردەچێت کە تەنها خوێندنەوەی هەواڵ بێت، بەڵکودەچێتە ناو رۆڵێکی دیکە کە ئەویش پرسیار و وەڵامە. واتا دەبێت ببێتە رۆژنامەنووس و رۆڵی رۆژنامەنووس ببینێت. بۆیە باشترە بێژەر شارەزای پیشەیی کاری رۆژنامەنووسی بێت تا ڕادەیەکی زۆر باش.

**پێوەرە سەرەکییەکانی بێژەری سەرکەوتوو:**

- مافی تەواو بە وشە بدات لە کاتی دەربڕین، بۆ ئەوەی هەموو کەس لێی تێبگات و کاریگەری هەبێت بۆ وەرگرەکان. واتا نابێت وشە قوت بدات یان کۆتا وشە بزر بکات لە کاتی خوێندنەوەی هەواڵەکان.
- لە کاتی خوێندنەوەی هەواڵەکە، پێویستە بێژەر بە لە سەر خۆی بیخوێنێتەوە بۆ ئەوەی ووشەکان تێکەڵی یەکتر نەبن. مافی تەواو بە ووشەکان بدات.

- دەنگ خۆشی کاریگەری تایبەتی خۆی هەیە بۆگوێچکەی بیسەر و بینەر.
- رابهێنرێت لەسەر ئەوەی ببێتە خاوەن هەناسەییەکی درێژ بۆئەوەی ئەگەر لە حاڵەتێکدا رستەی درێژ هەبوو لە دارشتنەوەی هەواڵەکەدا تووشی بێ هەناسەیی نەبێت.
- بۆ بێژەری تەلەفزیۆن گرنگی دان بەرواڵەت و جوانکاری کاریگەرییەکی باشی دەبێت لەسەر بینەرەکان. بۆیە گرنگە بێژەری تەلەفزیۆن گرنگی زۆر بە رواڵەت بدات لە پێناو راکێشانی سەرنجی بینەر.
- بێژەری تەلەفزیۆن هەندی بە جار جوڵاندنی ئەندامانی جەستەی کاریگەری دەبێت لە سەر ناوەرۆکی هەواڵەکە وەکو: دەست و چاو, سەر. بۆیە پێویستە بێژەرەکان ئەم جوڵە سەرەتایانە لە بیرنەکەن کە کاریگەری هەواڵەکە زیاتر دەکات بۆسەر وەرگرەکان.

١- نابێت بێژەر بکەوێتە ژێر کاریگەری هەست و سۆزەوە لە کاتی هەبوونی هەواڵی ناخۆش. بۆ نموونە مردنی هونەرمەندێك یان کەسایەتییەك یان سیاسیەکی وڵاتەکەی وا لە بێژەرەکە بکات کۆنترۆڵی خۆی لە دەست بدات یان فرمێسکی بێتە خوارەوە. ئەمە بینەران وا لێ دەکات ناوەڕۆکی هەواڵەکەیان بیر بچێتەوە، بەڵکو سەیری روخسار و هەستی بێژەرەکە دەکەن. لە کۆتاشدا هەواڵەکە ناوەڕۆکەکەی خۆی لە دەست دەدات.

٢- باشتر وایە ملی زۆر بۆ ئەم لاو ئەولا نەجوڵێنێت.

٣- تەرکیزی زۆر بێت و هیچ کاتێك هەست و سۆزی لەسەر خوێندنەوەکە لانەچێت.

### ٤ - کۆنگرەی رۆژنامەنووسی:

پێشتر باسمان کردبوو کە کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکان سەرچاوەیەکی سەرەکی هەواڵن. لێرەشدا پێناسەی دەکەین کە دەکرێت بڵێن: بریتییە لە ڕاگەیاندنی ئەو زانیارییانەی کە خەڵك چاوەڕێیەتی لە کاتێکی دیاریکراودا بە ئامادەبوونی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لایەنە پەیوەندیدارەکان: بۆ نموونە ڕاگەیاندنی ئاماری ڕووداوەکانی هاتووچۆ بۆ ساڵی (٢٠١٣) لەو کاتە گرنگە بەرپرسانی پۆلیسی هاتووچۆ ئامادەبن لەگەڵ رۆژنامەنووسی دەزگاکان. بۆئەوەی وەڵامی پرسیاری دەزگاکان بدەنەوە لەسەر ئەم بابەتە.

### ٥- شرۆڤە کردن

زۆر جار دەبینین لە تەلەفزیۆنەکانەوە ئەو هەواڵانەی کە کاریگەری زۆریان هەیە لە ناو خەڵك، تەلەفزیۆنەکان جگە لە خوێندنەوەی هەواڵەکە بۆ بینەران یان بیسەران، هەڵدەستن بە ئامادەکردنی میوانێك بۆ ناو ستۆدیۆ تا شرۆڤەی دۆخەکە بکات یان زانیاری زیاتر لەسەر بابەتەکە بدات. بۆ نموونە ئامادەبوونی میوانێك لە ناو ستۆدیۆ تاباسی زۆربوونی ژمارەی کردەوە خۆکوژیەکان بکات لە عێراق لەماوەی ساڵی دوو هەزار و سیانزە و لەگەڵ پێدانی کومەڵێك داتاو زانیاری تازە، بەڵام مەرجە شرۆڤەکار کەسێك بێت شارەزا بێت لە بابەتەکە یان لانی کەم چەند توێژینەوەی لە بوارەکە کردبێت. یاخود نوێنەری دەزگایەکی فەرمی بێت، چونکە هەمووکات دەبێت شرۆڤە زانیاری زیاتر بە بینەران یان بیسەران بدات لەسەر بابەتەکە، زانیارییەکانیش پێویستە ورد و دەقیق بێت.

### sng - ٦

ئامێرێکی سەردەمیانەیە، بۆ گواستنەوەی چالاکی و ڕووداوەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەکاردێت لە شوێنی چالاکییەکانەوە بۆدەزگاکان لە دەزگاوەش پەخش و بڵاو دەکرێتەوە لە هەمان کاتدا. لە ڕێگای ئەم ئامێرەوە کار ئاسانییەکی زۆر بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەردەست کراوە بە دەستکەوتنی داتا و زانیاری بە کەمترین کات. پەخشی ڕاستەوخۆ وای کردووە جەماوەر بە کەمترین کات ، زۆرترین زانیاری و وردترین زانیاری بگاتە دەست. وە لە ڕێگایی ئەم ئامێراوە میدیا مسداقیەتی زیاتر دەبێت چونکە دەست کاری زانیاری ناکرێت ورد و درشت و ڕەش و سپی پەخش دەکرێت

### ٧ - خاڵبەندی ناو هەواڵ

لەگەڵ ئەوەی خاڵبەندی بابەتێکی ڕێزمانییە، بەڵام هەواڵساز دەبێت پابەندبێت بە خاڵبەندییەوە، بە تایبەت بۆدەزگاکانی بیستراو بینراو، چونکە دواجار دەبێت بێژەرەکە پابەندی خاڵبەندی بێت لە کاتی خوێندنەوەی هەواڵ لەگەڵ خاڵ و فاریزەکاندا بڕوات. بۆ ئەوەی هەم هەناسەی تەواوی هەبێت بۆ خوێندنەوە، هەم مافی تەواو بە وشەکان بدات. بۆ ڕۆژنامەش گرنگە دەبێت پەیرەوی خاڵبەندی بکرێت.

### ٨- پەیامنێر

وەك پێشتر باسمان کرد پەیامنێر یەکێکە لەسەرچاوەکانی دەست کەوتنی. لێرەدا بە کورتی پێناسەی دەکەین پەیامنێر: بریتییە لەو کەسەی کە لە لایەن دەزگایەکی ڕاگەیاندنەوە رادەسپێردرێت بۆ ڕوومالکردنی هەواڵێك یان دروست کردن ڕاپۆرت یان ڕیپۆرتاژێك تەنانەت هەندێ جار بۆگرتنی وێنەیەك. پاش تەواو بوونی ئەرکەکەی لە شوێنی ڕووداوەکە یان چالاکییکە زانیارییەکان دەگەێنێتە دەزگاکەی و دواتر پەخش دەکرێت. لە ئێستادا بە هۆی بوونی هێڵی ئینتەرنێت و هێڵەکانی تری پەیوەندی کردن، کاری پەیامنێری ئاسانتر بووە، تەنانەت زۆر جار خولەك بە خولەك هەواڵەکە دەگەیەنێتە دەزگاکە.

### ٨- كۆمێنت بۆ هەواڵ

هەواڵی ماڵپەڕەکان یان پێگە ئەلیکترونییەکان جیاوازی هەیە لە هەواڵی رادیۆ و تەلەفزیۆن و رۆژنامە، ئەمیش ئەوەیە کە خوێنەر دەتوانێت بۆچوونی خۆی دەربڕێت لە سەر هەواڵەکە. ئەمەش لە کۆتایی هەواڵەکە ماڵپەرەکە بۆشاییەکی داناوە بۆ نووسینی کۆمێنیت. بەمەش ڕەنگە کاردانەوە جۆراوجۆر لەلایەن خۆێنەرانەوە بێتە ئاراوە لەسەر بابەتی هەواڵەکە، کە ڕەنگە زۆر مەنتقی نەبن ئەو کۆمێنتانە. بۆیە کەسانی هۆشیار و ئەکادیمی لە کاتی لێدوان دان بۆ ماڵپەرەکان زۆر قسەی خۆیان هەیە لەسەر ئەم کۆمێنتانە یان بەم مەرجە لێدوان ئەدەن کە ماڵپەرەکە رێگا لە کۆمێنتی خۆێنەران بگرێت بۆ ئەوەی لێدوانەکەی کاردانەوەی نازانستی و جۆراوجۆری لێ نەکەوێتەوە.

### ٩- مۆسیقا لەگەڵ هەواڵ

لە نێوان هەواڵێك بۆ هەواڵێکی دیکە لە تەلەفزیۆن و رادیۆدا، مۆسیقایەك هەیە کە زۆر جار پێ دەلێن (فاسیلە یان زەربە)، ئەم فاسیلە بۆلێك جیاکردنەوەی هەواڵێکە لە هەواڵەکانی دوای خۆی، بەلام لە رادیۆ گرنگە مۆسیقا لەگەڵ هەواڵ بچێت کە مۆسیقایەکی ناسك هێوەر کەروە و سەرنج راکێش بێت، بەلام بە نزمی. واتە دەنگی بێژەرەکە بە گەورەیی بهێڵێتەوە نەك تێکەڵ بێت لەگەڵ دەنگی بێژەرەکە. ئەمە زۆر جار چێژێك بە بیسەر ئەدات وە گرنگیشە مۆسیقایەکە بگۆرێت. بۆ نموونە مۆسیقای هەواڵی سیاسی تەواو جیاواز بێت لە موسیقای هەواڵی وەرزشی. ئەم شێوازە مۆسیقایە لە کوردستان کەم کاری پێ دەکرێت، بەلام دەزگاش هەیە کاری پێ دەکات و سەرکەوتوش بووە.

**١٠- ژووری هەواڵ**

ژوری هەواڵ بریتییە لەو ژوورەی کە بڵاوکراوەکانی هەواڵ و بەرنامە گفتوگۆ ئامێزەکان و بریاڕدان لە سەر بڵاوبونەوەی هەواڵ یان بلاونەبونەوەی هەواڵ ڕێك دەخات. لە ماوەی ٢٤ کاتژمێر پرۆگرام بەندییان بۆ دەکات و بڵاویان دەکاتەوە.

**١١- بەشی ئەرشیف**

بۆ هەواڵی تەلەفزیۆنی زۆربەی کات پێویستە ئەرشیف هەبێت، جا وێنە بێت یاڤیدیۆ، چونکە هەموو کاتێك وێنە و ڤیدیۆ نوێ دەست ناکەوێت. بۆیە بۆ گرنگیدانی زیاتر بە هەواڵەکە نووسەر دەگەڕێتەوە سەر ئەرشیف و ڤیدیۆ یان وێنەیەکی گونجاو دەست نیشان دەکات و لەگەڵ هەواڵەکە دەیگونجێنێت. لە بەرئەوە گرنگە هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن ئەرشیفێکی خۆی هەبێت.

**١٢ - وێنەگر**

وێنەگر ئەو کەسەیە کە شان بەشانی پەیامنێر یان لە کاتی بەرنامەی ڕاستەوخۆ یان لە ناو ستۆدیۆ دیمەنەکان تۆمار دەکات. وێنەگر لە تەلەفزیۆن پشکی شێری بەردەکەوێت لە تۆمارکردن و نمایش کردنی دیمەنەکان چونکە بەشە گەورەکەی پەخشی تەلەفزیۆن وێنە و وێنەی ڤیدیۆییە.لەگەڵ ئەوەشدا وێنەگری لە هەموو جیهاندا بەشێکی گەورەی کاری ڕۆژنامەگەرییە

# هونەری پێشکەشکردنی هەواڵ لە تەلەفزیۆن و رادیۆ

**یەکەم - تەلەفزیۆن**

بۆ پێشکەشکردنی هەواڵی تەلەفزیۆنی، هەر دەزگایەك بۆ ئەوەی زیاتر سەرنجی بینەران ڕابکێشی بۆلای دەزگاکەی، لانی کەم پێویستە ئەم چەند هونەرە بخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە لە کاتی پێشکەشکردنی هەواڵەکان:

١- سەرەنج راکێشترین هەواڵ و ڤیدیۆ بخاتە سەردێری هەواڵەکانەوە.

٢- بە مۆسیقایەکی کاریگەرەوە دەست بە پێشکەشکردنی هەواڵەکان بکات.

٣- ئەو قسەیی کە لەلایەن کەسێکەوە یان دەزگایەکی فەرمی ولاتێکەوە گوتراوە و لە ناو بلاوکراوە (نەشرەی) هەواڵەکان بوونی هەیە، ئەو قسەیە هەڵبژێرێت کە زۆرترین کاریگەری هەیە لە سەر جەماوەر. دوای ئەوەی بێژەرەکە سەردێرەکە بە دەنگ دەخوێنێتەوە قسەی قسەکەرەکە دابنرێت. بۆ نموونە هەواڵێك باسی سزادانی ئەو لایەنە سیاسیانە دەکات کە سەرپێچی رینمایەکانی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەلبژرادنەکانیان کردوە لە کاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەلبژاردن

کاتێك سەردێرەکە بەم شێوەیە کە دەڵێ (کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان سزای ئەولایەنانە دەدات کەسەرپێچی رێنماییەکانی کۆمیسیۆنیان کردوە) راستەوخۆ دوای ئەم سەردێرە بە نموونە بەرپرسی ڕاگەیاندنی کۆمیسیۆن

بلّێت له کوردستان شەش قەوارەی سیاسی بە بڕی پارەی جیاواز سزا دراون و پێویستە بە زووترین کات پارەی سەرپێچیەکان بگەیەننە کۆمیسیۆن.

ئەم قسە بۆ بینەر کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە ڕووی دەروونیەوە. و له زاکیرەی وەرگر دەمێنێتەوە

٤- واباشترە دوای ئەوەی پانزە خولەکەی لە پێشکەشکردنی هەواڵەکان دەچێت، ناوبڕێك هەبێت، ڕێکلام بۆ باشترین بەرنامەی تەلەفزیۆنەکە بکرێت. ئەمەش هەم له لایەك ڕێکلامێکە بۆ بەرنامەکە، هەم پشوویێك بە بێژەرەکە و بە وەرگرەکانیش ئەدات.

٥- دوای پێشکەشکردنی ڕێکلامەکە دووبارە سەردێرەکان بە ڤیدیۆوە دووبارە بکرێنەوە.

٦- له کۆتایی تەواو بوونی هەواڵەکان وەك بە بیرهێنانەو سێ بارە سەردێرەکان لێ بدرێتەوە

٧- له کۆتایی هەواڵەکان بە ڕوویەکی خۆشەوە بێژەرەکان ماڵئاوایی له بینەرەکان بخوازن بە چەند قسەیەکی شیرین وسەرنج ڕاکێش کۆتایی پێ بێنن.

**دووەم/ رادیۆ**

١-گرنگترین هەواڵ ، سەرنج راکێشترین هەواڵ، بکرێتە سەردێر.
٢-باشترە (٣) سەردێر هەبێت، لە هەر بڵاوکراوەیەکدا (نەشرەیەك).
٣-لە کۆتایی نەشەرەکە سەردێرەکان دووبارە بکرێنەوە.
٤-هەواڵەکان بە دەنگ دەوڵەمەند بکرێن. واتە سەرچاوەی قسەکەر هەبێت بۆ هەواڵ تا بیسەر جگە لە دەنگی بێژەر دەنگی دیکەش ببیستێت.
١- مۆسیقایەکی نەرم لەگەڵ هەواڵەکان بڕوات، کاریگەری زیاتری دەبێت.
٦- لە کۆتایی هەواڵەکان بە ڕوویەکی خۆشەوە بێژەرەکان خواحافیزی لە بینەرەکان بخوازن بە چەند قسەیەکی شیرین و سەرنج راکێش کۆتایی پێ بێنن.

# سەرچاوەکان

**سەرچاوە بە کارهاتووەکان بە زمانی کوردی:**

١- هەواڵ، راپۆرت و وتویێژ/ مەنسور سدقی/ چاپی یەکەم ٢٠٠٨/چاپخانەی خانی (دهۆك).

٢- هەواڵنووسین/ وەرگێرانی بەهادین محەمەد (مەلابەهادین)/ چاپی یەکەم ٢٠٠٦/ چاپخانەی چوارچرا _ سلێمانی.

٣- هەواڵنووسیی مۆدێرن/ نووسینی دکتۆر یونس شوکرخاه/ وەرگێرانی: رەحیم سورخی/چاپی یەکەم ٢٠٠٧/ چاپخانەی دەزگای ئاراس _ هەولێر

٤- دارشتنی هەواڵ لە رۆژنامە کوردییەکاندا لە نێوان سالانی ١٩٩١_٢٠٠٠/ د.ئازاد رەمەزان/ چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٩/ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٥- هەواڵ وراپۆرتی رۆژنامەنووسی/ د. علي منعم القضاة/وەرگێرانی دڵشاد مستەفا وەسانی/هەولێر ٢٠١١/ چاپخانەی رۆشنبیر/ هەولێر.

٦- فەرهەنگی زاراوەگەڵی ڕاگەیاندن/ بدران حبیب/ چاپی یەکەم ٢٠٠٥/ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

٧- تێگەیشتن لە رۆژنامەوانی/ لینت شێردان بێرس/ گۆران سەباح لە ئینگلیزیەوە کردوویەتی بە کوردی/ چاپی یەکەم ٢٠١٢/ چاپخانەی ئاراس _ هەولێر.

٨- بنەماکانی هەواڵنووسین/نووسینی پرۆفیسۆر کۆرتیش ماگدوگاڵ/ وەرگێرانی هەندرێن شێرزاد/ چاپی یەکەم/ لە بڵاوکراوەکانی بەشی چاپ وبڵاوکردنەوەی رادیۆی نەوا.

٩- رابەری رۆژنامەنووسی لە جیهانی سێ یەمدا/ نووسینی ئەلبێرت ل. هستر وە وای لان ج.تو/ وەرگێرانی حەسەن عبدلکریم/ چاپی یەکەم ٢٠٠٧/ چاپخانەی دەزگای ئاراس _هەولێر_

١٠- ژەنرەکانی رۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە ١٤٥٠_١٥٠٠/ د. مغدید سەپان/ چاپی یەکەم ٢٠٠٨/ چاپخانەی خانی _دهۆك.

١١- ستۆری وبنەما نێودەوڵەتیەکانی کاری رۆژنامەگەری/ نووسینی فرمان عەبدلرحمان/ چاپی یەکەم ٢٠٠٩/ چاپخانەی خانی _دهۆك.

١٢- رێنوێنی رۆژنامەوانیی بێ لایەن/ نووسینی دیێورا پۆتەر/ وەرگێرانی عەبدولرەزاق عەلی/ چاپی یەکەم هەولێر٢٠٠٧/ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

١٣- نووسین بۆ وێنە/ نووسینی د. ئیسماعیل ئەلئەمین وەرگێرانی لە عەرەبیەوە مەم بورهان قانع/لە کتێبە چاپکراوەکانی رۆژنامەی چاودێر٢٠٠٩

١٤- گۆڤاری رۆژنامەنوس/کارزان محمد/ ژمارە (٦) نیسانی ٢٠٠٥

١٥- مانشێت لەرۆژنامەگەری کوردیدا/ توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ مانشێت لە لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەی (رێگای کوردستان) لە ماوەی ٢٠١٠/١/١ بۆماوەی ٢٠١٠/٦/٣١/ پێشکەشکراوە لەلایەن قوتابی هێمن محموود کاکەیی/ بەشێکە لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) لە ڕاگەیاندن- ڕۆژنامەگەری لە زانکۆی سەلاحەدین لە ساڵی ٢٠١١

**سەرچاوە بەکارهاتووەکان بە زمانی عەرەبی:**


١-نظام الاتصال والاِعلام الدولي الضبط والسيطرة/ د. راسم محمد الجمال/ الطبيعة الثالثة: شوال ١٤٣١ الهجري/الدار المصرية اللبنانية

٢-ضمير الصافة/ احمد موسى قريعى/ الطبعة الاولى عام ٢٠٠٨/الناشر: مكتبة ندبؤلى ٦ميدان طلعت حرب _ القاهرة

٣-صناعة الاخبار في العالم المعاصر/د.سليمان صالح/ دار النشر الجامعات _مصر_ ١٩٩٨م